ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٧٨ ■ سێشەممە ٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٢١ی جوولای ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا

## کوژران و برینداربوونی ٢٠ کۆڵبەر و دەسبەسەرکردنی ٧٢ کەس لە پووشپەڕدا

فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر چالاکانی مەدەنیی کورد لە مانگی پووشپەڕدا زیادی کردوە. لەو مانگەدا لانیکەم ٧٢ کەس لە کوردستان بەتۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردیی دژبەری ڕێژیم و چالاکیی سیاسی و ئەمنیەتی لەدژی کۆماری ئیسلامی گیراون. لەو ٧٢ کەسە زیاتر لە ٢٠ کەسیان دادگایی کراون و چەند کەس لەوان سزای قورسی هەتا ١٥ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە، هەروەها چالاکێکی سیاسیی کوردیش سزای ئیعدامی دراوەتێ.

هەر لەم مانگەدا ٧ بەندکراوی کورد لەدار دراون کە دوو کەسیان زیندانی سیاسی بوون. هاوکات لانیکەم ٢٠ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان دراونەتە بەر دەستڕێژ کە ٧ کەسیان بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ کوژراون.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە دەڵێ لەم مانگەدا سێ شوانکارەش لە ناوچەکانی سەردەشت و پیرانشار سەرەڕۆیانە دراونەتە بەر دەستڕێژ و گیانیان لێ ئەستێندراوە.

# کوا دەتوانن خەونەکانمان بەند بکەن؟




دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی زارا محەممەدی، یەک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخراوی «نۆژین» لە سنە و وانەبێژی زمانی کوردیی بە ١٠ ساڵ زیندان سزا داوە. زارا لە کاردانەوە بەو سزا قورسەدا وێڕای ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو تۆمە ئەمنیەتییانەی دراوەتە پاڵی، دەڵێ ئەمن هیچ تاوانێکم نەکردوە جگە لە دانانی کلاسی کوردی و؛ ئەگەر فێربوونی زمانی دایک و فێرکردنی تاوانە، ئەوا ئەمن ئەو تاوانە بە پیرۆز دەزانم.

پرسی زمان چ وەک بنەمای شوناس و چ وەک مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤ بۆ کورد لە ئێران هەموو کاتێک گرینگ و پڕبایەخ بووە. لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا سەرەڕای فرە نەتەوەبوونی کۆمەلگەی ئێران، بەڵام کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا و بۆ هەڵخڕاندنی هەست و سۆزی خەڵک و گەرمکردنی بازاڕی هەڵبژاردنەکان باسی لە دانی هێندێک وردە ماف بە نەتەوەکانی ئێران، بۆ نموونە باس لە جێبەجێکردنی ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی دەکەن کە چی دواتر وەک هەموو بەڵێنییەکانی دیکەیان، ئەوەش بە ناڕاست دەردەچێ. کۆماری ئیسلامی تەنانەت لەو پرسە گرینگەش بۆ نانەوەی ئاژاوە و تێکدانی یەکڕیزیی گەلی کورد کەڵک وەردەگرێ و هەوڵ دەدا ئاخێوەرانی شێوەزارەکانی زمانی کوردی بە گژ یەکتردا بکا. هەروەها چەندی بۆی بکرێ کۆسپ لەبەردەم ئەم ڕێکخراوە قانوونییانەدا دروست دەکا کە خۆبەخشانە خزمەتی زمان دەکەن.

دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی تاوانی! پێکهێنانی گرووپ و کۆمەڵی نایاسایی داوەتە پاڵ زارا محەممەدی و لەو سۆنگەیەوە ئەوەی بە «اشد»ی سزاکان مەحکوم کردوە، بەڵام ئەو گرووپ و کۆمەڵانە چین و کامانەن؟ «نۆژین»، ئەو ڕێکخراوەیەی زارا تێیدا ئەندامی بەڕێوەبەرییە ڕێکخراوێکی ڕەسمییە و لە چوارچێوەی قانوونەکانی خودی کۆماری ئیسلامیدا پێکهاتوە، ئەو گرووپ و کۆمەڵەش کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر خۆی دەزانێ ئەم منداڵ و کوڕ و کاڵانەن کە زارا کۆی دەکردنەوە و وانەی کوردیی پێ دەگوتن.

پەروەندەی زارا ئەو ڕاستییەی دەرخستەوە کە چەند دەیە هەوڵی سیستماتیکی تواندنەوەی کورد لە دوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیدا سیاسەتێکی شکستخواردوو بووە. خەبات و تێکۆشانی مافخوازانەی کورد نەوە دوای نەوە هاتوە و گەشەی کردوە و بەوەندەش ناوەستێ.

بەڵام وەک لە بەیاننامەی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»یشدا هاتوە: «چالاکانی مەدەنیی وەک "زارا محەممەدی" داژدار و پارێزەی زمان و شوناسی نەتەوەیەکی حاشالێکراون. ئەوان ئەرک و ڕیسالەتێکیان خستۆتە سەرشانیان کە لە بنەڕەتدا ئەرکی دەوڵەت و دامودەزگا حکوومەتییەکانە. بەڵام لەبەر دژیگەلی بوونی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەوە ڕۆڵە ئازا و بوێر و مافویستەکانی نەتەوەی کوردن کە خەم لەو پرسە گرینگەی شۆناس دەخۆن و لەپێناو ئەو ئەرکە پیرۆز و مافە ڕەوایەشدا تێچووی قورسی بۆ دەدەن.»

بێگومان وەدەنگ هاتن لەسەر زارا محەممەدی ئەرکێکی ئەخلاقی و لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتییەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە و ئەم بڕیارەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی بەر لە هەر شتێک نیشانەی ترس و زەبوونی و دەستەوەستانیی ڕێژیمە لە حاند بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کورد لە ئێراندا.

سەروتار

## پێویستیی متمانە بە یەکتر بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

**عەلی بداغی**

کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستادا سەختترین قۆناغەکانی ژیانی خۆی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییدا تێپەڕ دەکا. لەلایەک گوشارە ئابوورییەکان لەسۆنگەی سزا قورسە نێودەوڵەتییەکان، دەرمانی بایەخی دراوی نیشتمانی، بێکاری، هەژاریی لە ڕادەبەدەر، ئاوسان و ناکارامەیی حکوومەت لە کۆنترۆڵکردنی دۆخەکەدا خەڵکی لە تەنگانەیەکی زۆر پەستاوتوە. لەولاش حکوومەت بە سەپاندنی کەشی ئەمنیەتیی قورس و فشاری زۆر بۆ سەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی دەیەوێ بەسەر دۆخەکەدا زاڵ بێ و پێش بە تەقینەوەی ناڕەزایەتییەکان بگرێ. درێژەی ئێعدامە سیاسییەکان و ڕەشبگیریی چالاکانی مەدەنی و سیاسی و سەپاندنی سزای قورس و درێژخایەنی زیندان بەسەریان لە کوردستاندا و توندکردنی فشارەکان لەسەر جموجۆڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستی ئێران هەر بۆ ئەو مەبەستەیە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی‌وایە بردنە ژێر چەقۆی بەرژەوەندیی تاکەکانی کۆمەڵ، دروستکردنی ترس لەسەر ئەمنیەتی خۆیان و ترس لە زیان بۆ سەر خێزانەکانیان دەتوانێ پێش بە جموجۆڵ و سەربزێویی تاک و لە پانتایی گەورەتریشدا کۆمەڵگە بگرێ و، ئەوەش سیاسەتی هەمیشەیی دەسەڵات بووە کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا تەمەنی ڕێژیمەکەیانی پێ درێژ کردوەتەوە. کۆماری ئیسلامی پێی‌وایە کە سزای ئێعدام کۆمەڵگە چاوترسێن دەکا، هەروەها سزای زیندانیی درێژخایەنیش لە کات و ساڵە هەرە پڕبایەخ و زێڕینەکانی چالاکێکی سیاسی و مەدەنی – سەپاندنی ١٠ ساڵ زیندان بەسەر زارا محەممەدی بۆ نموونە_ تێچوویەکی قورسە بۆ وی، بۆیە ئەمە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

**کاریگەرییەکانی شەهید قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستاندا**
کەماڵ کەریمی
ل (٥)

**بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم وەک ماهییەتی وجوودیی حیزبی دێموکرات**
سمایل شەرەفی
ل (٦)

**ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستان و ترسی ڕێژیم لە گڵکۆی شەهیدانمان**
زانیار حسەینی
ل (٧)

**ڕوانگە و هزری د. قاسملوو بۆ مافەکانی ژنان**
گەلاوێژ پەیرەوان
ل (٨)

**سەرچاوەکانی پێویست بۆ هێزی سیاسی**
مەنسوور مرووەتی
ل (١٠)

◆ درێژەی سەروتار

## پێویستیی متمانە بە یەکتر بۆ تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی

... دەکاتە کەرەستەی ترس و تۆقاندن بۆ ڕاگرتن یان هەرنەبێ خاوکردنەوەی جووڵانەوە مەدەنی و ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا.

پوختەی مەبەست. لە ئێستادا سیاسەتی ڕێژیم لەو هاوکێشە ناوچەییەکاندا گەیوەتە بنبەست. شان‌وشکۆی ڕێژیم بەتایبەت دوای کوژرانی قاسم سولەیمانی شکاوە و لەدوای ئەمە ڕێژیم لە پێگەی هێرشبەرییەوە بۆ نەرمی نواندن لە بەرامبەر ئیسرائیل و ئەمریکا دابەزیوە و نەک لە هەمبەر لێدانی هێز و بنکەکانی لە سووریە، تەنانەت لە بەرامبەر ئەم هێرشانەی دەکرێنە سەر بنکە ئەتومی و مووشەکییەکانی لە قووڵایی خاکی وڵاتەکەشیدا نەرمی دەنوێنێ؛ بەڵام بە چنگ و ددان هەوڵ دەدا لە نەبوونی مەشرووعییەت و قەیرانی کارامەییدا؛ ئۆتوریتە و ئیقتداری ئەمنیەتی و نیزامیی خۆی لە نێوخۆدا و بەسەر خەڵکی وڵاتدا ڕاگرتبێ.

لە بەرەی بەرامبەریشدا، خەڵک هەتا دێ هیوابڕاوتر دەبن، مەودای نێوان چینەکانی کۆمەڵگە بەهۆی بارودۆخی ئابووری زیاتر بووە، تەمای ئیسلاحخوازی هەناسەی لێ بڕاوە و متمانەی پێناکرێ، ئۆپۆزیسیۆنێکی سەراسەریش لە ئارادا نییە کە بتوانێ مودیرییەتی دۆخی ئێعترازی و سەرهەڵدانی نێوخۆ بکا. هێزەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن بەهۆی نەبوونی واقعبینیی سیاسی لە دۆخی وڵات و ستراتیژیی فراوانبینی بۆ داهاتوو لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتی و ئێلیتەکانی کۆمەڵگە لەنێوخۆ کە دژبەری ڕێژیمیشن مەچ نین.

لەو نێوەدا کۆرۆنا ئەگەر بۆ خەڵک تامی تاڵی مەرگ و مەینەتی بووە، بە شێوەی کاتییش بووبێ فریای ڕێژیم کەوتوە. ڕێژیم کە پێش کۆرۆنا قەیرانی مەشرووعییەتی خۆی بە ئێسک و پێستەوە هەست پێ دەکرد —سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییە یەک لە دوای یەکەکان و بەشداریی ئێجگار کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بۆ نموونە– و قەیرانی کارامەیی لە ئیدارەکردنی وڵاتیش هێندەی دیکە لە پێ خستبوو؛ بە هاتنی کرۆنا و مودیرییەتی ئەم پەتایە لە بەرژەوەندیی خۆیدا هەناسەیەکی هاتەوە بەر. ڕێژیم هاوکات هەوڵ دەدا لە بەرامبەر گوشاری ڕۆژئاوا بەتایبەت ئەمریکا کە –لە ئەگەری هەڵبژێرانەوەی تڕامپ لە هەڵبژاردنەکانی هاویندا بێگومان ئەم گوشارانە زیاتر دەبن– بە دروستکردنی هاوپەیمانیی درێژخایەن لەگەڵ چین و ڕووسیە هەم قورسایی گوشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر خۆی کەم کاتەوە، هەم لە نفووز و دەسەڵاتی ئەم دوو زلهێزە لە کەیسە ئەمنیەتییەکانی شووڕای ئەمنیەتدا بە قازانجی خۆی کەڵک وەرگرێ. هەموو ئەوانە دەرخەری ڕاستییەکن کە بزووتنەوەی ئێعترازیی خەڵک لە نێوخۆی وڵات نابێ کۆشکی هیوای لەسەر کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی هەڵچنێ و دەبێ پشت بە خۆی ببەستێ. لێرەدایە کە ئەرکەکان دەستنیشان دەکرێن.

ڕاستە کە خەڵک نایەوێ کۆڵ بدا و نایەوێ لە مافەکانی خۆی خۆش ببێ، بەڵام نەبوونی هاوپێوەندیی ئۆرگانیک لە نێوان چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا کە هەموو قوربانیی ستەم و چەوسانەوەی کۆماری ئیسلامین؛ کەلێن و پەرتەوازەیی زۆری لە نێوانیاندا دروست کردوە. ئەم متمانەیە و ئەم هاوپێوەندییە پێویستە و ئێلیت و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان دەبێ دروستی بکەن.

ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ڕوویەکی دیکەی ئەم بابەتەیە. کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بنەمایەکی گرینگی کاریی خۆی لەسەر بێ‌متمانەیی ئۆپۆزیسیۆن بە یەکتری و لێکترازانیان داناوە. ڕێژیم دەزانێ لە سۆنگەی گەندەڵی و ناکارامەیی خۆیەوە شەرعییەتی نییە و ناتوانێ جێی متمانەی خەڵک بێ، بۆیە بەردەوام هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ڕێگەگرتن لە کۆبوونەوەی هێز و توانای بەرهەڵستکارانەوە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا. بۆ ئەو مەبەستەش بوو کە زۆر تاوانی وەک تێرۆرەکانی ڤییەن و مێکونووسیان خوڵقاند. لێرەدایە کە ئۆپۆزیسیۆن دەبێ لە قۆناغی بێ‌متمانەیی بە یەکتر و پەرش‌وبڵاوی تێپەڕێ و پێ بنێتە قۆناغی چالاکیی بەکردەوەی یەکگرتوو. ئۆپۆزیسیون دەبێ بیسەلمێنێ ئەگەر دەیەوێ ببێتە ئەلتەرناتیڤی ڕێژیم، کێشەی جەوهەریی لەگەڵ ڕوانگەکانی کۆماری ئیسلامی بەنیسبەت پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە و تەواوەتیی وڵات هەیە، نەک هەر بەدیلێک بۆ دەسەڵات.

# د. قاسملوو زۆرترین کاریگەریی لە جێگیرکردنی ئەو باوەڕ و بایەخانە بوو کە بوون بە شوناس و چییەتیی حیزبی دێموکرات

## (پەیامی دەفتەری سیاسی بەبۆنەی ٣١ ساڵەی تێرۆری ڕێبەری شەهید د. عەبدولڕەحمان قاسملوو)

**خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**
**هۆگرانی ڕێگا و بیر و ئامانجەکانی د.قاسملوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان!**

٢٢ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک وەبیرهێنەرەوەی زامێکی قووڵە کە بە دەستی ڕێبەران و دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جەستەی گەلی کورددا پێک هات. ٣١ ساڵ لە مەوبەر لە ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩ی زایینی)دا، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، هاوڕێ لەگەڵ عەبدوڵلا قادریئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، لە ڤییەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەهید کران.

دوکتور قاسملوو بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام لە هەوڵ و تێکۆشاندا بوو. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئاشتیخوازی و نیەت‌پاکیی د. قاسملوو کەلکیان وەرگرت و وتوویژیان کردە وەسیلەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجە دزێوەکەیان کە تێرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنە بوو. ئەوان لە نەخش و دەوری کاریگەری د. قاسملوو لە بزووتنەوەی کورد و تێکۆشانی دیپلۆماسیی ئەو بۆ ناساندنی جووڵانەوەی کورد، نیگەران و هەراسان بوون. هەر بۆیە دوکتور قاسملوویان کرد بە ئامانجی نەخشەیەکی تیرۆریستی و، بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکەیان چەند تێرۆریستێکیان بە ناوی دیپلۆمات بۆ شەهیدکردنی سیاسەتمەداری بەتوانای نێو گۆڕەپانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، و سیمای هەرە دیاری خەباتی دژی دیکتاتۆری لە ئێران، ڕاسپارد. ئامانجی ئەوان ئەوە بوو کە بە شەهید کردنی د. قاسملوو، زەبرێکی گەورە لە خەباتی نەتەوایەتی و حەقخوازانەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن و، خۆیان بە یەکجاری لە دەست ئەم بزووتنەوەیە ئاسوودە بکەن. بەڵام لە گەڵ ئەوەی پیلانە تیرۆریستییەکەیان سەرکەوتوو بوو، خەیاڵ و خەونەکەیان لەبارەی بە چۆکداهاتنی ئەو بزووتنەوەیە نەهاتە دی. بە شەهید کردنی د. قاسملوو، خەباتی گەلی کورد و حیزبی دیموکرات نەک هەر کۆتایی پێ نەهات، بەڵکوو ڕێبواران و خەباتکارانی ڕێگای ئەو ڕێبەرە لێهاتووە، شێلگیرانەتر لە جاران درێژەیان بە ڕێگاکەی دا.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بە ڕاستییەک بکەین. شەهیدکردنی د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە سەر مێزی وتوویژ ئەم تێرۆرەی تا ڕادەیەکی زۆر لە تێرۆرە سیاسییەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، جیا کردۆتەوە. ڕاستە ئەوانی دیکەش، هەر کردەوەیەکی تێرۆریستیی و مەحکووم بوون و، بە هۆی ئەوانەوە زەبر لە هێزی خەباتکار و کەسایەتیی تێکۆشەر و بەتوانا دراوە، بەڵام کەلکوەرگرتنی کۆماری ئیسلامی لە تاکتیکی وتوویژ و قۆستنەوەی نیازپاکیی د. قاسملوو بۆ نیازێکی چەپەڵ، دزێویی ئەو تاوانەی لە هەموو سنوورێک تێپەڕاند. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تێرۆرەکە، تێرۆرێکی دەوڵەتییە؛ هەر ئەوەش نییە کە لە بەرزترین ئاستی دەوڵەت و نیزامی کۆماری ئیسلامیدا نەخشەی تێرۆری د. قاسملوو داڕێژرا و بەڕێوە چوو؛ بەڵکوو پێشێلکردنی عورف و ئەخلاقی سیاسی بە زەقترین شێوەش، لە پشت تاوانەکە دەبینرێ و، سەرجەمی ئەوانە بە یەکەوە بوون بە هۆی بریندار کردنی ویژدانی گشتی و غووروری نەتەوەیی خەڵکی کوردستان.




کەسایەتیی بەرزی د. قاسملوو و دێموکراتیک و ئینسانی بوونی بیر و بۆچوونەکانی و، باوەڕی بە دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد و، شەهیدبوونی لەم پێناوەدا، بیرەوەریی تێرۆری ئەو ڕێبەرە و، تووڕەیی لە پیلان و تاوان بۆ لە نێوبردنی، ئەوی لە حافیزەی نەتەوەکەیدا بە نەمری هێشتۆتەوە. ڕاستە د. قاسملوو لە کاتی شەهیدکرانیدا سکرتێری گشتیی حیزبێکی سیاسیی خەباتگێڕ بوو، بەڵام لەو کاتەدا کە بەرامبەر بە نێردراوانی ڕێژیمی تاران لەسەر مێزی بەناو وتوویژ دانیشتبوو، نوێنەرایەتیی پرسی ڕەوای نەتەوەیەکی دەکرد. ئەو تێرۆریستانەش کە کۆماری ئیسلامی لە بەرگی دیپلۆمات و بە ڕواڵەت بۆ وتوویژ لەگەڵ د. قاسملوو ناردبوونی، بە سێرەگرتن لە دڵ و مێشکی ئەو کەسایەتییە، بە خەیاڵی خۆیان دەیانەویست مێشک و چاوی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بپژێنن. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان، تێرۆری ڤییەن بە شتێکی گەورەتر لە کوشتنی چەند کەسی خەباتکار، بە سووکایەتی بە نەتەوەکەی خۆیانی دەزانن و ئامادە نین لەم سووکایەتییە خۆش بن.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕیان کردوە بە ڕەمزێکی نەتەوەیی و خەباتگێڕانە، ئەو تێگەیشتنە نەتەوەیی و بەرگریخوازانە بەرزەیە کە بە خۆشییەوە لەنێو نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، سەری هەڵداوە. هەتا دێ ئەم تێگەیشتنە لە نێو خەڵکی کوردستاندا بەهێزتر دەبێ کە خەبات و بەربەرەکانێ دژی ڕێژیمێکی زۆردار و دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی، پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی و یەکهەڵوێستی هەیە. ئەم ڕاستییەش دەخوازێ کە بە سەر سنوور و چوارچێوە حیزبی و ڕێکخراوەییەکاندا، زاڵ بن و د. قاسملوو و ٢٢ی پووشپەڕ نەک وەک مڵک یا پرسی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو وەک پرسی خۆیان چاو لێ بکەن. هەر لەم ڕوانگەیەشەوەیە کە لەم ڕۆژەدا، بێزاری و دژایەتیی خۆیان بەرامبەر بە ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی و، وەفاداریی خۆیان هەمبەر بە ڕێبەری شەهید د.قاسملوو، یەکگرتووانە و بە شێوەی جۆراوجۆر پێشان دەدەن.

ئەم خەباتە بە ئاکام ناگا ئەگەر بەر لە هەر شتێکی دیکە، سەرجەم ئەویندارانی ئەم مێژووە، تێکڕای درێژەدەرانی ئەم ڕێگایە و، کۆی ئەو تێکۆشەرانەی لە خانەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدان، پێکەوە، یەکگرتووانە و شانبەشانی یەک و لە چوارچێوەی یەک حیزبدا درێژە بە تێکۆشان نەدەن

### هۆگرانی ڕێگا و ئامانجەکانی قاسملووی ڕێبەر!

ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی تێرۆری د. قاسملوو دەکەینەوە کە حیزبی دێموکرات خەریکە لە حەفتاوپێنجەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی خۆی نزیک دەبێتەوە. د. قاسملوو ئەگەرچی ٣١ ساڵە بە جەستە لە حیزبی دێموکرات و خەبات و تێکۆشانەکەی ئەستێندراوە، بەڵام ئەو کەسایەتییە بۆ ماوەی چەند دەیە ڕۆڵێکی بێوێنە و پڕ کاریگەری لە مێژووی ئەو حیزبەدا هەبووە. د. قاسملوو، دوای ساڵانێک پەرشوبڵاوی و ناکۆکیی نێو ڕێزەکانی حیزبی دیموکرات، بە هەوڵ و هاوکاریی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی، حیزبی دیموکراتی خستەوە سەر یەک. لە ڕووی ڕێبەری و ڕێکخراوەیی و بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆوە، ئەم حیزبەی نوێ کردەوە. لە کۆنفرانسی سێهەم و کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە هەتا کاتی شەهید بوونی وەک سکرتێری گشتی، ئەم حیزبەی بە لێوەشاوەیی ڕێبەری کرد و لە هەموو ڕوویەکەوە بووژاندییەوە.

بۆنەی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب و ڕۆڵی د. قاسملوو لە مێژووی ئەم حیزبەدا، دوو ئەرکی گرنگ دەخاتە ئەستۆی ئێمە ڕێبواران و درێژەدەرانی ڕێگەی ئەو ڕێبەرە شەهیدە.

ئەرکی یەکەم، وەبیرخۆهێنانەوە و پێداگرتنەوە لە سەر ئەو ئامانج و باوەڕ و پرەنسیپ و بایەخانەن کە بوون بە بەشێکی دانەبڕاو و سەرەکی لە شوناس و چییەتیی حیزبی دێموکرات و، ڕێبەری شەهید د. قاسملوو زۆرترین کاریگەریی لە جێگیرکردن و نەهادینەکردنیان لەو حیزبەیدا هەبوو. پابەندی بەو ئامانج و پرەنسیپانە، شانبەشانی وەبیرخۆهێنانەوەی تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەو سەرکردە مێژووییە، هەم وەفاداری و ئەمەگناسییە لە ئاستی ئەو ڕێبەرە شەهیدە، هەم خزمەتە بە کولتووری دێموکراسی و شۆڕشگێڕبوون و ئازادیخوازی و سەربەخۆیی بڕیاردان لە نێو حیزبی دیموکراتدا. هەر وەها بایەخدانیشە بە پەرەپێدانی هارمۆنییانەی تێکۆشان لە ڕەهەند و بواری جۆراوجۆردا.

ئەرکی دووهەم کە لەم بۆنەیەدا دەبێ وەبیرخۆمانی بێنیەوە، پێویستیی بە ئاکام گەیاندنی خەباتێکی دوور و درێژ و پڕ لە سەروەری و قوربانیدانە کە هەزاران ڕۆڵەی نەتەوەکەمان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، لە نێو ئەواندا ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا قازی محەممەد، د. قاسملوو و د. سادق شەرەفکەندی گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانیدا بەخشیوە. ئەم خەباتە بە ئاکام ناگا ئەگەر بەر لە هەر شتێکی دیکە، سەرجەم ئەویندارانی ئەم مێژووە، تێکڕای درێژەدەرانی ئەم ڕێگایە و، کۆی ئەو تێکۆشەرانەی لە خانەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتدان ، پێکەوە، یەکگرتووانە و شانبەشانی یەک و لە چوارچێوەی یەک حیزبدا درێژە بە تێکۆشان نەدەن. هیوا و هەوڵی ئێمە _کە دیارە بە بەرپرسایەتییەوە دەڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە لە هیچ هەوڵێک درێخی نەکردوە_، ئەوەیە حیزبی دێموکرات بە یەکگرتوویی و بە ئیرادە و بڕیارێکی چاوەڕوانکراو لە ئەکتەران و بەشدارانی ئەم مێژووە پڕ شانازییە، پێ بنێتە دوا چارەکی سەدەیەک خەبات و قوربانیدانی خۆی. بەو هیوایەی هەموو بەردەنگەکانی ئەم پەیامە، هاوکار و پشتیوان بن بۆ وەدیهێنانی ئەو هیوا و چاوەڕوانییە پیرۆزە.

لەم بۆنەیەدا بە پێویستی دەزانین بە ڕێزەوە یادی هاوڕێ عەبدوڵا قادریئازەر ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات بکەینەوە کە لە ساتەوەختی گیانبەخشینیشدا وەک زۆر چالاکی و تێکۆشانی دیکەی دەرەوەی وڵات، نزیکترین هاوڕێی ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوو بوو. هەروەها لەمێژساڵە یادی شەهید بوونی ڕێبەری لێوەشاوە د. قاسملووی نەمر، لەگەڵ بیرەوەریی کۆچی دوایی هاوڕێی بەوەج، سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکڕات ئاوێتە بووە. بەم بۆنەیەوە لە گەڵ شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕدا، بەڕێزەوە یادی کاک سەلامی نەمر دەکەینەوە کە ٢١ ساڵ لەمەوبەر مالاوایی یەکجاریی لێکردین. سڵاو بۆ گیانی پاکیان و یادیان بەڕێز.

بەرز و بەڕێز بێ یادی ڕێبەری شەهید د.عەبدولڕەحمان قاسملوو،

ڕیسوایی هەمیشەیی بۆ خوڵقێنەرانی تاوانی ٢٢ی پووشپەڕ،

سەرکەوتن بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەرقەراری بۆ ئامانجە بەرزەکانی د. قاسملووی هەمیشە لە یاد.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢١ی پووشپەڕی ١٣٩٩(١٢ی ژوئیەی٢٠٢٠)**

# ئەرکی خوێندکارانی ناسیۆنالیستی کوردە کە بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە حیزبی دێموکرات زیاتر لە پێشوو ڕوحی شۆڕشگێڕی بڕژێننەوە نێو بزوتنەوە مەدەنییەکان

## (پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ کۆنگرەی دووەمی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد)

**نوێنەرای بەڕێزی کۆنگرەی دووەمی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد!**
**بەشدارانی خۆشەویست!**

بەبۆنەی بەسترانی دووەمین کۆنگرەی ڕێکخراوەکەتان پڕبەدڵ پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و ئاواتی سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین. هەروەها دەسخۆشی و ماندوونەبوونی بە بەڕێوەبەریی ڕێکخراوەکەتان و هەموو ئەو ئەندامانەتان دەڵێین کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە چوارچێوەی تایبەت بە ڕێکخراوەکەتان و هاوتەریب و هەماهەنگ لەگەڵ خەباتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەستێنی خوێندکاریدا بە کار و تێکۆشانی خۆیان مەشخەڵی خوێندکارانی دەروەستیان گەشاوە ڕاگرتوە.

ئاشکرایە ئێلیتی سیاسیی هەر گەلێک کە بیەوێ پێش بکەوێ (بەتایبەتی ئەگەر ئەو گەلە هەڕەشەی لەسەر بێ و لە حاڵی خەبات بۆ ئازادیدا بێ)، پێویستە هەموو چین و توێژەکانی پێکهێنەری ئەو گەلە و سەرجەم فرەچەشنییەکانی دەروونی کۆمەڵگەکەی ببینێ، نیاز و مەرام و ئارەزووەکانیان بخوێنێتەوە و لە پرۆسەی بەکۆمەڵی خەبات و پێشوەچووندا بەشدار و ئەرکداریان بکا. دۆخ و ئامانج و چارەنووسی ڕۆڵەکانی گەل هەرچەندە هاوبەش و پێکەوەگرێدراو بێ، ئەوە لە بەستێنی تایبەتیی هەرکام لە چین و توێژەکاندایە کە ئەوان باشتر لەوە تێدەگەن کە گۆڕانکاری لە دۆخی تایبەتیی ئەواندا بە ئاڵوگۆڕ لە چارەنووسی ئایندەی هاوبەشیان بەستراوەتەوە و پێویستە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە بکەنە سەنگەری خەبات بۆ ئایندەیەکی باشتر بۆ هەموان. لەڕاستیدا خواستە سینفییەکان گونجاوترین و بەرێژترین بەستێنی بەجەماوەری کردنی خەباتی سیاسی و پێکەوەبەستنەوەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەباتی گەلان بۆ ماف و ئازادیی خۆیانن.

**لە سەردەمێکدا کە ناهەنجاری باڵی بەسەر هەموو دنیا بەتایبەتی کۆمەڵگە قەڵیشاو و بەجێماوەکاندا کێشاوە، پێویستە خوێندکاران زیاتر لە هەر بەشێکی دیکەی کۆمەڵگە یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی هیوا و ڕۆئیا بۆ بەستێنی گشتی و چارەنووسی بەکۆمەڵ بگەڕێتەوە و بە ژیاندنەوە و داهێنانەوەی ئیدەئال و ڕۆئیای بەرزی سیاسی و ئینسانی، ئومێد و متمانە بە کاری جڤاکی ببەخشنەوە**

چینی خوێندکار بەهۆی لاوبوون و دەستڕاگەیشتن بە زانست و زانیاریی سەردەم، لە چینە هەرە گرینگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگەن. ئەوان کادری بەڕێوەبەری ئایندەی وڵات و بژاردەی سیاسیی داهاتووی گەلن. بۆیە دەبێ هەم لێزان و تەیار و ئاگا پەروەردە بکرێن، هەم بەبیروباوەڕ و دەروەست و بەرپرسیار باربێن. ئەو خەون و ئیدەئال و ڕادیکالیزمە کە بەشێوەی سروشتی لە خوێندکارانی وشیار و بەهەستدا هەیە، وای کردوە کە خوێندکاران لە زۆر لە شۆڕش و ئاڵوگۆڕە گرینگەکانی وڵاتانی دنیادا نەخشی دیاریان هەبێ.

ئەوە بۆ ناوچە و وڵات و گەلی ئێمەش ڕاستە. لەگەڵ ئەوە کە بزوتنەوەی خوێندکاری لە مێژووی نوێی ئێران و کوردستاندا هەوراز و نشێوی زۆری بڕیوە و لەسەردەمی ئێستادا وەها بزوتنەوەیەک بەداخەوە زۆر لاواز و لەنێو پەرانتێزدایە، بەڵام ڕۆڵی خوێندکاران چ لە سەردەمی خەبات بەدژی دیکتاتۆڕیی پەهلەوی و چ پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرەڕۆیی و خەبات بۆ ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران و خەڵکی کوردستاندا هەمیشە دیار بووە. ئەوان سەرەڕای هەموو ئەو بەربەست و مەترسییانەی لەگەڵی بەرەوڕوو بوون، هەمیشە زانکۆ و چالاکییە فەرهەنگی و مەعریفییەکانیان بۆ وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی هاوچینەکانی خۆیان و کۆمەڵانی خەڵک بەکاربردووە و لەو پێناوەدا قوربانیی زۆریشیان داوە. تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوە کە بوونی بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو و سەربەخۆی خوێندکاریی تایبەت بە کورد لە ئێران هەمیشە پرسیارهەڵگر بووە، ڕۆڵ و شوێندانەریی خوێندکارانی کورد لە بڕگە جۆربەجۆرەکانی خەباتی ڕابردووی گەلەکەماندا بە چەشنێکە کە بەشێکی ئێلیتیی سیاسی و شۆڕشگێڕی ئێمە کە هێندێکیان ئەمڕۆ بۆ هەموومان بوون بە سیمبول و هێما، هەڵقوڵاوی ئەو بەستێنە بوون.

**تا ئەو جێگایەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، لەگەڵ ئەوە کە بوونی بزوتنەوەیەکی ڕێکخراو و سەربەخۆی خوێندکاریی تایبەت بە کورد لە ئێران هەمیشە پرسیارهەڵگر بووە، ڕۆڵ و شوێندانەریی خوێندکارانی کورد لە بڕگە جۆربەجۆرەکانی خەباتی ڕابردووی گەلەکەماندا بە چەشنێکە کە بەشێکی ئێلیتیی سیاسی و شۆڕشگێڕی ئێمە کە هێندێکیان ئەمڕۆ بۆ هەموومان بوون بە سیمبول و هێما، هەڵقوڵاوی ئەو بەستێنە بوون**

بەڵام ئەمە تەنیا مێژوویەکی شیاوی ڕێز و ئیلهام لێ وەرگرتنە. بێگومان ئێوە هەرگیز نابێ مێژووی ڕابردووی گەلەکەمان و نەوەکانی پێش خۆتان لەبیر بکەن و پێویستە باشترناسینی ڕابردووی گەلەکەمان بکەنە چرای ڕووناککەرەوەی ڕێگای لەمەودواتان.

بەڵام پێویستە لە ڕۆژی ئەمڕۆدا بژین و ڕۆڵەی سەردەمی خۆتان بن. ئەوەش کە لەو کۆنگرەیەدا دەبێ لە فکری دابن ئایندەیە.



ئەمڕۆ دۆخی ناوچە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا بە قۆناغی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ، ڕق و بێزاریی خەڵک بەتایبەتی گەلی کورد لە درێژەکێشانی زوڵم و هەڵاواردن و ژێردەستەیی لە هەموو کاتێک زیاترە و شەپۆلی ئاڵوگۆڕەکانیش هەردەم ڕوو لە هەڵچوونەوەیە. کەچی دەبینین بەداخەوە بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو سەردەمێک غایبتر و هەڵوەشاوەترن. هۆکاری ئەوە سەرکوت و خەفەقان بێ؛ کەمتەرخەمیی بژاردە سیاسی و مەدەنییەکان بێ؛ یان هەردووکیان، دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە نەبوونی ڕووگە و نیشان و نەخشەڕێی ڕوون بۆ جوڵە و هەستانی کۆمەڵگە ئەو مەترسییە دروست دەکا کە یان کۆمەڵگە لە سستی و دەستەمۆییدا بمێنێتەوە یان لە ئەگەری ئاڵوگۆڕدا، دەستی نادیار و هێزی تاریکپەرەست جارێکی دیکە جوڵەی خەڵک بەلاڕێدا ببەن و ڕەنجەڕۆیان بکەن.

هەربۆیە ڕێکخستنی چین و توێژە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگە بۆ داوا تایبەتییەکانی خۆیان و بەدەوری ئامانج و بەهای هاوبەشی سیاسی بۆ هەموو کۆمەڵگە لە هەموو کاتێک زەروورترە.

لەو نێوەشدا خوێندکاران بەتایبەتی خوێندکارانی کورد ئەرکی گەورەیان دەکەوێتە سەرشان. ڕۆڵی ئەوان تەنیا فێربوون و خۆپێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانست و فەرهەنگ لە کۆمەڵگەدا نیە. لە سەردەمێکدا کە ناهەنجاری باڵی بەسەر هەموو دنیا بەتایبەتی کۆمەڵگە قەڵیشاو و بەجێماوەکاندا کێشاوە، پێویستە ئەوان زیاتر لە هەر بەشێکی دیکەی کۆمەڵگە یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی هیوا و ڕۆئیا بۆ بەستێنی گشتی و چارەنووسی بەکۆمەڵ بگەڕێتەوە و بە ژیاندنەوە و داهێنانەوەی ئیدەئال و ڕۆئیای بەرزی سیاسی و ئینسانی، ئومێد و متمانە بە کاری جڤاکی ببەخشنەوە. بەتایبەتی بۆ گەلێکی وەک گەلی ئێمە کە هەم لەنێو خۆیدا و هەم بەڕووی دەرەوەیدا لەگەڵ زۆر ئاستەنگ و ئالەنگاری کۆن و نوێ بەرەوڕوویەوە و دەبێ بەشێوەی فرەڕەهەند بەرنامەڕێژیی ورد و ستراتژیک بۆ ئایندەی خۆی بکا، کارکردن بۆ ئەم مەبەستە لەئەستۆی هەموو چین و توێژەکان و لەسەرووی هەموویانەوە ئێلیتی سیاسییە. بەڵام خوێندکارانی دەروەست و شوناسخواز دەتوانن بە باشترین شێوە یارمەتی بەو بووژانەوە و بەرۆژبوونەوەیە بکەن.

### خوێندکارانی خۆشەویست!

ئێمە وەک حیزبی دێموکڕات و بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا لە ژینگەیەکی سەخت و بێڕوحمدا درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین. خەبات بۆ ئازادی لە ئێران و خەبات بۆ مافی نەتەوایەتیی گەلی کورد پێویستیی بە یەکگرتن و پێکەوە گرێدانەوەی هەموو بازنەکانی تێکۆشان و دەکارخستنی گشت پۆتانسیەلەکانی نێو کۆمەڵگە هەیە. بواری تێکۆشانی خوێندکارانی کورد چ لەنێوخۆی وڵات و چ لەنێو دیاسپۆڕای کورددا زۆر زەرفیەتی نوێ دەداتە دەست کە پێویستە ئێوە بە خەلاقیەتی تایبەت بە خۆتان زیاتر بەکاریان بێنن. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان وەک لە ڕابردوودا نیشانی داوە، لەمەولاش هەر بە بایەخەوە بۆ سەنگەری زانکۆ و بەستێنی خوێندکاری دەڕوانێ و خۆی بە پشت و پشتیوانی ئێوە دەزانێ. هیوادارین ئەم کۆنگرەیە گوڕ و تینێکی نوێ بە کار و تێکۆشانی ڕێکخراوەکەتان ببەخشێ بۆ ئەوەی لە قۆناغی هەستیاری ئەمڕۆدا گیانێک بەبەر بزوتنەوەی خوێندکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکاتەوە. دڵنیاین هەم ئێوە حەز و باوەڕی پێویست بۆ ئەو شوێندانان و ڕۆڵگێڕانەتان هەیە، هەم بوارەکەتان دەتوانێ پردێکی پێوەندی لەنێوان بەستێنە جیاوازەکانی خەبات و لەپێناو سەنتێزی ئامانج و شێوازەکانی خەباتدا بێ. وەک لە دروشمی کۆنگرەکەشتاندا بەدروستی گوتووتانە، ئەوە ئەرکی خوێندکارانی ناسیۆنالیستی کوردە کە وێڕای پاراستنی سەربەخۆیی کاریان لە بەستێنی تایبەت بە خۆیاندا، بە ڕێنوێنی وەرگرتن لە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دێموکڕات، زیاتر لەپێشوو ڕووحی شۆڕشگێڕی بڕژێننەوە نێو بزوتنەوە مەدەنییەکان.

لەکۆتاییدا وێڕای ئارەزووی دووبارەی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان و بەردەوامیی هەرچی شێلگیرانەترتان، جارێکی دیکە پیرۆزباییتان پێ دەڵێین و لە دڵگەرمی و پشتیوانیی خۆمان دڵنیاتان دەکەینەوە.

**حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**

***

### کۆبوونەوەی بەشی نیزامیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران



بەرپرسانی بەشی پێشمەرگەی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەیەکیان بۆ باس و تاوتوێی چەندی و چۆنیی هاوکاریی نیزامیی نێوانیان پێک هێنا.


ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٦ی پووشپەڕ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دووهەمین کۆبوونەوەی بەرپرسانی بەشی پێشمەرگەی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێک هات.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتەیەکی کورتدا گرینگی و هەستیاری ئەم کۆبوونەوەیەی باس کرد و هیوای خواست دانیشتنەکە ئاکام و دەرەنجامی باشی لەپێناو بردنەپێشێی خەباتی هاوبەشی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لێ بکەوێتەوە.

دواتر و لە برگەی سەرەکیی دانیشتنەکەدا هەیئەتی خانەخوێ وێڕای خستنە بەر باسی کۆبەندی باسەکانی کۆبوونەوەی پێشوو، ئەرکەکان و تەوەری باسەکانی ئەم دانیشتنەیان دەستنیشان کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی بەشی نیزامیی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری ڕا و سەرنجی جۆراوجۆر و دەوڵەمەندیان لەسەر پرسی چۆنایەتیی هاوکاریی نیزامیی حیزبەکانی ناوەندی هاوکاری باس کرد. هەروەها بە پێداگری لەسەر ئەوەی هاوکاریی نیزامیی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران زەروورەتێکی مێژوویی و، هاوکات هەرە گرینگی هەلومەرجی سیاسی و موباریزاتیی ئێستایە؛ لەسەر میکانیزمەکانی ئەم بابەتە هەستیار و گرینگە ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

### سەردانی هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



هەیئەتێکی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٥ی پووشپەڕ هەیئەتێکی مەڵبەندی ١٤ی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک ئەبوزەید، بەرپرسی مەڵبەندی یەکیەتیی نیشتمانی لە کۆیە سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزب بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا.


لەو دانیشتنەدا چەند بابەتێکی ڕۆژەڤی ناوچە، ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان تاوتوێ و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. هەیئەتی میوان لەو دانیشتنەدا باسیان لە پێوەندیی بەهێز و مێژوویی نێوان یەکیەتیی نیشتمانی و حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە میراتی مەعنەویی دوو ڕێبەری لێوەشاوەی کورد مام جەلال تاڵەبانی و د. قاسملووی نەمرە و، پێیان لەسەر پێویستیی بەهێزترکردنی ئەم پێوەندییە داگرت.

لە درێژەی باسەکانی ئەم دیدارەدا هەیئەتی خانەخوێ بە پوختی باسی لە هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران و مەوقعییەتی ئێران لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچەکەدا کرد. هەڵسەنگاندنی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و دوورەدیمەنی ئەم پێوەندییانە تەورێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوو.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (پلۆڕالیزمی سنووردار!)

### (٢٢-٨)



دیلان هەردی

**[...]" تەنیا یەک حیزب، حیزبی خودا، حیزبوڵڵا"**

خومەینی، ١٧ی ئووتی ١٩٧٩، شاری قوم

**ئامانجی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی: "یەک حیزب، حیزبی خودا"**

هەموو جارێک، کاتێک گوتارەکانی خومەینی لەسەر بابەتە جیاوازەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد دەکرێن، دەر دەکەوێ کە گوتارەکانی لەگەڵ یەکتر سازگار نین، بە تایبەت گوتارەکانی بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، لەبەر ئەوەی گوتارەکانی بەر لە شۆڕش زیاتر پۆپۆلیستی بوون، بۆ ئەوەی هەموو حیزب و لایەن و بزووتنەوە جیاوازەکان لە دەوری پڕۆژەی خۆی تەیار بکا. بەر لە شۆڕش، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری ئاڵمانی ستێرن، خومەینی پشتیوانی لە کۆمارێکی پلۆڕالیستی دەکا کە لەسەر بنەمای دەنگی خەڵک بێ:

**پرسیار**: ئێوە بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی خۆتان لە ئێران دەکەن. ئایا ئەو دەوڵەتە لەسەر بنەمای ڕێژیمێکی پارلمانی لە شێوی ڕۆژئاوایی دادەمەزرێ یان جۆرێک لە حکوومەتی ئایینییە؟ هەروەها، ئایا دەتانهەوێ ڕۆڵی خۆتان وەکوو سەرۆک بە هەڵبژاردنە گشتییەکان یەکلایی بکەنەوە؟ ئایا لەو دەوڵەتە ئیسلامییەدا، حیزبە سیاسییەکان، ڕۆژنامەکان و بیّ بڕواکان دەتوانن ئازادانە نارەزایەتیی خۆیان لە بەرامبەر سەرۆکی وڵات و سیاسەتەکەی دەرببڕن؟

**خومەینی**: من نامهەوێ سەرۆکی وڵات بم. هەروەها، حکوومەت، حکوومەتێکی کۆماری دەبێ کە دەگەڕێتەوە بۆ دەنگی خەڵک و یاساش یاسای ئیسلامە. حیزبەکان ئازادن دژایەتیی ئێمە یان هەر کەسێکی دیکە بکەن، بەو مەرجەی زیان بە وڵات نەگەیەنن.

**پرسیار**: دەسەڵاتی ئێوە پشت بە چ هێزێکی سیاسی یان دامەزراوەیەکی دیکەی سەرەکییەوە دەبەستێ؟ بۆ نموونە، ئێوە پشت بە بەرەی نەتەوەیی یان مەزهەبییەکان دەبەستن؟ ئێوە پێشتر گوتووتانە کە شارەزایانی ئایینیو کەسانیتر دەبێ بچنە نێو کاروباری حکوومەتەوە، ئەو پڕەنسیپە هەر وەکوو پێشوو لە جێی خۆیەتی؟

**خومەینی**: من نەمگوتوە کەسانی ئایینی حکوومەت دەکەن. ڕۆڵی ئەوان شتێکی دیکەیە. ڕۆڵی ئەوان چاودێریی یاساکانە کە پەیوەندی بە میللەتەوە هەیە نەک حیزب. من حیساب لە سەر میللەت دەکەم و هیچ بەستراوەیییەکی حیزبیم نییە."

(چاوپێکەوتن لەگەڵ گۆڤاری ئاڵمانی ستێرن لەسەر ئازادیی حیزبەکان لە کۆماری ئیسلامیدا، پاریس، ١٦ی ژانویەی ١٩٧٠)

***

بە گوتەی خومەینی، دوو جۆرە حیزب لە جیهاندا هەن، "حیزبی خودایی" یان ئاسمانی و "حیزبی شەیتانی". حیزبە ئایینییەکان حیزبی ئاسمانین و حیزبە نائایینیەکانیش حیزبی شەیتانین. حیزبی ئاسمانی، تەواوی ئەو کەسانە لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوە کە بۆ خودا خەبات دەکەن. مادەی ٢٦ی دەستووری بنەڕەتی، مافێکی مەرجداری بۆ دروستکردنی حیزب و ڕێکخراو گرووپەکان دیاری کردوە. لە ماوەی چەند مانگێک بەر لە پەسند کردنی یاسای حیزبەکان لە پارلمان، نزیک بە ١٠٠ حیزب و ڕێکخراو لە ئێران دامەزران، کە ئەوەش لەگەڵ پڕۆژەی تاکحیزبیی خومەینی ناتەبا بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە خومەینی بەر لە سەرکەوتنی شۆڕش، بانگەشەی دروستکردنی حیزبێکی تاک و ئاسمانی و جیهانگیری دەکرد، کە جیاوازە لە حیزبەکانی سەر زەوی و شێوە ڕۆژئاوایی، بەڵام دوو حەوتوو دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خومەینی بڕیاری دامەزراندنی حیزبێک لە سەر زەوی و لە شێوەی ڕۆژئاوایی دەدا بە ناوی "حیزبی کۆماری ئیسلامی".

ئامانجی سەرەکیی حیزبی کۆماری ئیسلامی، تێکەڵکردنی هێزە وەفادارەکانی شۆڕشی ئیسلامی و ڕێکخستن و دامەزراندنی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوو لە بەرامبەر حیزبە لیبڕاڵ و سێکۆلار و میانەڕەوەکان. حیزبی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دەدا تەواوی ئەو کەس و لایەنە ئیسلامییانە لەنێو چوارچێوەیەکی ڕێکخراوەیی و دامەزراوەییدا کۆ بکاتەوە، چونکە لە ماوەی شۆڕشدا، کۆمەڵێکی زۆر تاقم و گرووپی توندڕەو هاتنە کایەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان پشتگیریی خومەینییان دەکرد، بەڵام خومەینی پێیوابوو ئەگەر لە نێو ڕێکخراوێکدا ئۆرگانیزەیان نەکا، لە داهاتوودا دەبن بە ڕکەبەر و هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی. ئەو حیزبە بە گرنگترین حیزب لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیدا دادەنرێ، چونکە زۆرینەی کەسایەتی و گرووپە مەزهەبییەکان، لە ئەندام و بەرپرسانی ئەو حیزبە بوون. لە نێو دامەزرێنەرانی حیزبی کۆماری ئیسلامی، کەسانێکی وەکوو: عەلی خامنەیی، عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی، موحەممەد حوسێنی بەهەشتی، عەبدولکەریم موسەویی ئەردەبیڵی و محەممەد جەواد باهونەر هەبوون. لە ماوەی دەیەی یەکەمی دوای شۆڕش، حیزبی کۆماری ئیسلامی توانی نزیک بە تەواوی گرووپ و بزووتنەوە ئایینییەکان لەنێو خۆیدا بتوێنێتەوە. بەرپرسانی ئەو حیزبە، لە هەمان کاتدا، بەرپرسی باڵای دامەزراوە دەوڵەتییەکانیش بوون. پۆستی وەلی فەقیە ، سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجیّکردن، سەرۆکی دەسەڵاتی یاسادانان و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، هەموویان لە بەرپرسانی حیزبی کۆماری ئیسلامی بوون. ئامانجی سەرەکیی بەرپرسانی ئەو حیزبە، زیاتر لەوەی پرۆژەیەکی ڕێکخراو لەنێو کۆمەڵگەدا بێ، هێنانە کایەی ڕێکخراوێکی جەماوەری بوو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زۆرترین هێزی مرۆیی لە دەوری خۆیدا. بە گوتەی مورتەزا نەبەوی، وەزیری پێشووی پەیوەندییەکان (پۆست و تێلێگراف و تەلەیفوون) و ئەندامی حیزبی کۆماری ئیسلامی، "لە سەرەتادا بە هۆی ناوی حیزبەوە، خەڵک وایدەزانی، هەر کەسێک کە لایەنگری کۆمار بێ دەبێ ئەندامی ئەو حیزبە بێ، هەر بۆیە پێشوازییەکی باشی لێکرا. خەڵکانێکی زۆر هاتن و بوونە ئەندامی حیزب، لە نێویاندا، ئەندامانی لایەنەکانی دیکە". ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی حیزبەکە، ڕووداوی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٠ بوو کە لەودا تەقینەوەیەکی بەهێز لە کۆبوونەوەی ئەو حیزبە ڕووی دا بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٧٠ بەرپرس و ئەندامی ئەو حیزبە، لە نێویاندا، محەممەد حوسێن بەهەشتی، سکرتێری گشتیی حیزبەکە. دوای تەقینەوەکە، بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەکان دەست پێبکەن، ڕێکخراوی موجاهیدین خەلق وەکوو بەرپرسیاری تەقینەوەکە تۆمەتبار کرا و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی هەزاران کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە لە سێدارە بدرێن. ئەو ڕووداوە وایکرد کە کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراو لە لایەن دەوڵەتەوە قەدەغە و وەکوو دوژمنی کۆماری ئیسلامی ناوزەد بکرێن. بە گوتەی ئەبولحەسەن بەنیسەدر، یەکەم سەرکۆماری ئێران، تەقاندنەوەی دەفتەری حیزبی کۆماری ئیسلامی لە لایەن خومەینییەوە ئەنجام درا، چونکە ئەو کردەوەیە بەشێک بوو لە پرۆسەی پاکتاوکردنی نێوحیزبی و نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان، بە چەندین هۆکار: ١) لەگەڵ ئەوەشدا کە کۆبوونەوەکە زۆر گرنگ بوو و دەبوایە هەموو بەرپرسانی حیزب بەشدارییان تێدا کردبا، بەڵام ئەو ڕۆژە هیچکام لە کەسە نزیکەکانی خومەینی وەکوو کوڕەکەی (ئەحمەد) و عەلی خامنەیی و هاشمی ڕەفسەنجانی لەو کۆبوونەوە گرینگەدا بەشدار نەبوون. ٢) بە گوتەی فەرماندە باڵاکانی ئەرتەش(١)، قەبارەی تەقینەوەکە و شێوازی تەقاندنەوەکە لە بواری تەکنیکی و ئەمنییەوە زۆر لەوە گەورەتر و ئاڵۆزتر بووە کە ڕێکخراوێک بتوانێ بە ئاسانی دزە بکاتە نێو بینایەکی لەو شێوە و قەبارەیەکی هێندە گەورە لە تەقەمەنی لە دیوارەکانیدا بشارێتەوە و بیتەقێنێتەوە، هەر بۆیە تەنیا هێزێکی نیزامی دەوڵەتی ئەو کەرستە و ئامرازانەی لە بەردەست دایە تا کارێکی لەو شێوە ئەنجام بدا، ٣) ئەو زانیارییانەی کە لە لایەن کۆنە ئەندامانی حیزبەکەوە درزیان کردۆتە دەرەوە و هەندێکیان لە بیرەوەرییەکانیاندا ئاماژەیان پێ کردوە، دەریدەخەن کە موجاهیدینی خەڵق تەقینەوەکەی ئەنجام نەداوە، ٤) پەروەندەی ئەو ڕووداوە هیچکات لە لایەن دەوڵەتەوە بەدواداچوونی بۆ نەکرا، داخرا و لە وەزارەتی داد ئارشیڤ کرا(٢)، ٥)



بەر لەو ڕووداوە، بە پشتبەستن بە هەندێک زانیاری و دەستکەوتنی هەندێک بەڵگە لە باڵوێزخانەی ئەمریکا لە میانەی بەبارمتە گرتنی ٥٦ دیپلۆماتی ئەمریکی، خومەینی زانیبووی کە محەممەد حوسێن بەهەشتی، سکرتێری گشتیی حیزبی کۆماری ئیسلامی و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری لە لایەن حکوومەتی ئەمریکاوە پشتیوانی لێ دەکرێ بۆ ئەوەی ببێ بە ڕێبەری داهاتووی ئێران، چونکە پێیانوابووە کەسێکی زۆر لە خومەینی میانەڕەوترە.

دوای ئەو ڕووداوە، پرۆسەی قەدەغە کردن و سڕینەوەی حیزبە سیاسییەکان بەردەوام بوو، بەتایبەت کە خومەینی سیستەمی چەندحیزبی پێ قەبووڵ نەدەکرا و هیچکاتیش بەشێک نەبووە لە پڕۆژە و پلانەکەی. خومەینی بۆ لەنێوبردنی ڕکەبەرەکانی خۆی، هەموو جۆرە تاکتیکێکی بەکار دەهێنا. هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە، هەوڵی دا هەموو حیزبە سێکۆلارەکان لە نێو بەرێ. هاوکات کە دەسەڵاتەکانی بە هۆی ئەنجامەکانی ڕێفراندۆمەوە بەهێز دەبوون، گوتارەکانیشی لە دژی هەموو ئەو حیزب و کەسایەتی و ڕۆژنامانە توندتر دەبوون کە لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکەی ناسازگار بوون و وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتی خۆی دەبینین. ئەو دەیزانی چلۆن هەستی خەڵک ببزوێنێ و بێبڕوا و کۆمۆنیست و ناسیۆنالیستەکان وەکوو خائینو وڵاتفرۆش پێشانی خەڵک بدا کە دەیانهەوێ وڵاتی ئێران بە ڕۆژئاواییەکان بفرۆشن. چەند مانگ دوای شۆڕش، لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا لە شاری قوم، خومەینی لە گوتارێکدا سیاسەتەکەی بەئاشکرا ڕاگەیاند :

**[...] " ئێمە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتمان نەکردوە، من پەشیمانم کە تووشی ئەو هەڵەیە بووم، کە ڕێگەم بە هەبوونی حیزبەکان دا. ئەگەر ئێمە بە شێوەی شۆڕشگێڕانە هەڵسوکەوتمان کردبا، ئەگەر ئێمە پێنووسی هەموو بڵاوکراوەکانمان شکاندبا و هەموو گۆڤارو بڵاوکراوە بەلاڕێداچووەکانمان داخستباو بەرپرسەکانیانمان کێشابا دادگا و حیزبە بەلاڕێداچووەکانمان قەدەغە کردبا و سەرۆکەکانیانمان بە سزای خۆیان گەیاندبا و سێدارەکانمان لە مەیدانە گەورەکان بەرپا کردبا و بەلاڕێداچووەکانمان درووێنە کردبا، ئەو زەحمەتیانە نەدەهاتنە پێش. [...]**

(گوتاری خومەینی لە شاری قوم، ١٧ی ئووتی ١٩٧٩)

ڕۆژێک دوای ئەو گوتارە، ئەنجومەنی شۆڕش دەستی بە قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراو و ڕۆژنامەکان کرد. یەکەمجار لە کوردستانەوە دەستی پێکرد و زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان قەدەغە کران. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە لە کوردستان لە سەر داوای حیزبە کوردییەکان، خەڵکانێکی زۆر ڕێفراندۆمیان بایکۆت کردبوو یان دەنگی "نەخێر"یان بە کۆماری ئیسلامی دابوو. ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ بە فەتوایەکی خومەینی، بەرپرس و ئەندامانی حیزبە کوردییەکان سزای مردنیان بۆ دەرچوو. هەرچەندە ئامارێکی بڕواپێکراو لە بەر دەستدا نییە، بەڵام بە پێی هەندێک سەرچاوە، لە پڕۆسەی لەنێو بردنی حیزبە کوردییەکاندا، نزیک بە ١٠ هەزار کەس کوژران کە ١٢٠٠ کەسیان زیندانیی سیاسی بوون و لە سێدارە دران. دوای ڕاگەیاندنی سیاسەتی توندوتیژانەی خومەینی، بەردەوام هێرش دەکرایە سەر دەفتەری حیزب و ڕێکخراوەکان لە سەرانسەری ئێران، ڕۆژنامەکان ڕادەگیران، دەرگای زانکۆکان دادەخرا و هاوکات گرتن، زیندانیکردن و لەسێدارەدانی ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئەندامانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لێ کەوتەوە. ئەو سیاسەتە توندوتیژانەی کە خومەینی بەڕێوەی دەبرد و بە کۆمەڵێک گوتاری تۆقێنەری وەکوو "دوژمنانی خەڵک"،"دوژمنانی ئیسلام"و "دوژمنانی ئاسایشی نەتەوەیی" وزەی پێ دەدرا، بووە هۆی دروستبوونی هەندێک دامەزراوەی وەکوو کۆمیتەکانی شۆڕش، گرووپەکانی حیزبوڵڵایی، سوپای پاسداران و ڕێکخراوی بەسیج. ئەو دامەزراوانە کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە مەبەستی سەقامگیرکردنی دۆخی وڵات پشتیوانیان لێ دەکرا، کەڵکیان لە هەموو جۆرە کەرستەو ئامرازێکی توندوتیژی وەردەگرت و زۆربەی جار بە شێوەی کوێرکوێرانە خەڵکیان دەکردە ئامانج. شێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرکوتی نارازیان تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامە و لایەنگرە توندڕەوەکانی خومەینی کە ئەمڕۆ بە بناژووخواز دەناسرێن، تا ئێستاش بە شێوەی کوێرکوێرانە خەڵکانێکی ناسازگار لەگەڵ ئایدۆلۆژیی خۆیان دەکەنە ئامانج.

لە گەلاوێژی ١٣٥٨ کە خومەینی گوتارە توندەکەی پێشکەش کرد، هەتا ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٠ کە پارلمان دەستی بە گفتوگۆ لە سەر یاسای حیزبەکان کرد، ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراو و ڕۆژنامە قەدەغە کران. ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕی ١٣٦٠، یاسای حیزبەکان لە لایەن پارلمانەوە پەسند کرا، بەڵام یاساکە بە ڕێس او پڕەنسیپەکانی ئایدۆلۆژیای گرووپی دەسەڵاتدار چوارچێوەدار کرابوو. ئەو یاسایە چەندین بڕگەی تێدا هەن کە ئاسانکاری بۆ قەدەغەکردنی حیزب و ڕێکخراوەکان دەکەن. بەپێی یاساکە، هەر حیزبێک بیهەوێ دابمەزرێ یان بیهەوێ لە ئێران درێژە بە کار و چالاکییەکانی بدا، دەبێ پەیڕەوی لە ١٠ مەرجی بنەڕەتی بکا. مەرجەکان بە جۆرێکن کە تەنیا لایەنگرانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن کاروچالاکیی حیزبی بکەن و هیچ جۆرە حیزب و ڕێکخراوێکی چەپ و ڕاست و سێکۆلار ناتوانن بوونیان هەبێ(٣). جێبەجیّکردنی ئەو یاسایە تا ئێستا لە نارۆونی دایە، چونکە زۆرێک لە حیزب و ڕێکخراوەکان بەبێ گوێدان بەو یاسایە لە لایەن حکوومەتەوە ڕێیان پێ دەدرێ یان ڕێگرییان لێ دەکرێ کاروچالاکی بکەن.

کاتێک ڕکەبەرە سیاسییەکانی خومەینی لەنێو بران، هەبوونی حیزبی کۆماری ئیسلامی چیتر پێویست نەبوو، چونکە هیچ حیزب و لایەنێکی ئەوتۆ نەمابوو کە بتوانێ لە بەرامبەر حیزبی دەسەڵاتداردا ڕابوەستێ. هەر بۆیە بیر لە هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە کرایەوە. بە گوێرەی ئەو نامەیەی لە لایەن خامنەیی و ڕەفسەنجانییەوە بۆ خومەینی نێردراوە، ئەو دوو کەسە پێیانوایە کە "ئامانجەکان وەدی هاتوون و کۆماری ئیسلامی بە سەرکەوتوویی دامەزراوە و حیزب و لایەنەکانی دیکە یان لەنێو براون یان پەراوێز خراون، بۆیە چیتر پێویست بە هەبوونی حیزبی کۆماری ئیسلامی ناکا". چالاکییەکانی ئەو حیزبە لە سەرەتای جۆزەردانی بە شێوەی ڕەسمی ڕاگیران و بەرپرسان و ئەندامانی حیزبەکەش بەسەر چەندین ڕێکخراو و دامەزراوەیتردا دابەش بوون. هەرچەندە حیزبی کۆماری ئیسلامی وەکوو ڕێکخراوێک چالاکییەکانی ڕاگرت، بەڵام حیزبوڵڵا وەکوو دامەزراوەیەک هەروا هەیە و دەیان و سەدان حیزبو ڕێکخراو و بزووتنەوە هەن کە هەرچەندە ناوی جۆراوجۆریان هەیە بەڵام خۆیان بە حیزبوڵڵایی دەزانن و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی خومەینین. ئەمڕۆ، لقەکانی حیزبوڵڵا نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە چەندین وڵاتی دیکەش هەن کە یان سەر بە کۆماری ئیسلامیین یان هەمان ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی پەرە پێدەدەن.

***

بنەنووس:


١) ئەو کات سەرکۆمار بەرپرسی هێزە چەکدارەکان بوو، بەڵام ئێستا ڕێبەر جێگای گرتۆتەوە. لە کاتی تەقینەوەکەدا، بەنی سەدر سەرکۆمار نەمابوو و لە سەر کار لادرابوو، بەڵام پەیوەندی بە فەرماندە باڵاکانی ئەرتەشەوە مابوو.

٢) دۆسیەکە لە جیاتی ئەوەی بە دادگای شۆڕش بسپێردرێ، بە وەزارەتی داد سپێردرا.

٣) مادەکانی ١٠، ١٥، ١٧و ٢٦ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران

کوردستان
• ژمارە: ٧٧٨
٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٢١ی جوولای ٢٠٢٠

# کاریگەرییەکانی شەهید قاسملوو لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کوردستاندا



کەماڵ کەریمی

٢٢ی پووشپەڕ یەکێک لە ڕۆژە تاڵەکانی مێژووی کورد و حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کوردە. ئەو ڕۆژەی کە ٣١ ساڵ لەوە پێش خوێنی بەناحەقڕژاوی شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو لە لایەن دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە شاری ڤییەن، پێتەختی ئۆتریش ڕژایە سەر خاک و بەداخەوە حیزبی دێموکرات و گەلی کوردی لە زانایی و تواناییەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنەمان بێبەش کرد. تواناییەک کە بە هۆیەوە کاریگەریی زۆری لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد بە تایبەتی لەسەردەمی بوونیدا و تەنانەت دوای شەهید بوونیشی بەجێ‌هێشتوە. دیارە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کاتی دامەزرانیدا بە هۆی ڕێبەریی فیکری و سیاسیی پێشەوا قازی محەممەد حیزبێکی مودێرنی سیاسی کە هەڵگری بیرۆکەیەکی نەتەوەیی بوو دەستی بە تێکۆشانێکی نوێ کرد. ئەمە سەرەتای خەباتێکی نەتەوەیی بە شێوەی مودێرن بوو کە بە دروست کردنی حێزبێکی مودێرن و خاوەن بەرنامە و خاوەن‌فکری سەردەمیانە بۆ خەباتی نەتەوەیی لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدوە گۆڕانێک بوو کە لەوسەردەمەدا بەسەر جۆری تێکۆشان و شۆڕشکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکاندا هات.

لە دوای شەهیدکرانی پێشەوا و هاوڕێیانی و لە ساڵانی دواتری دەستپێکردنەوەی خەباتی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەتاڵاییەکی زۆر لە نەبوونی ڕێبەریی حیزبدا دروست بوو. لەو کاتەدا کە دیار نەبوو کێ بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی حیزبی لەسەر شانە، کۆمەڵێک لە کادر و ئەندامانی گەنجی حیزب دەرکەوتن کە لە نێویاندا ڕەحمان قاسملوو یەکێک بوو لەو کەسانەی کە زۆر زوو دەرکەوت دەتوانێ کاریگەریی باشی لەسەر داهاتووی حیزب هەبێ. بوونی دوکتور قاسملوو لە کۆنفرانسی یەکەم لە ساڵی ١٣٣٤دا کە لە دەوروبەری مەهاباد دەگیرێ یەکەم دەرکەوتنی بەرچاوی ئەو دەبێ لە ئاستی بڕیاردانداا. دیارە ئەم بەشدارییە دەری‌دەخا کە سەرەڕای کەمی تەمەنی ئەو کاتە کەسێکی ناسراو بووە لە نێو هاوڕێیانی تەشکیلاتی حیزبدا.

ساڵەکانی دەیەی ٣٠ی شەمسی ساڵانێک بوو کە زۆرترین تێکۆشانی ئەندامانی حیزبی تێدا ئەنجام درا. هەر بەو پێیەش زۆرترین هێرش کرایە سەر ڕێکخراوەکانی حیزب و گرتن و زیندانی‌کردنی سەدان کەسی بە دواوە بوو. ئەو کات کاک ڕەحمان یەکێک بوو لەو کەسە چالاکانە کە ساڵی ١٣٣٧ مەجبوور دەبێ ئێران بەجێ بێڵێ و ڕوو لە باشووری کوردستان بکا. زۆری پێ ناچێ کە بە هۆی دروستبوونی کێشە لەنێو حیزبدا و بە تایبەت لە نێوان دوو کەسی دیاری ئەو سەردەمە دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق، دوکتور کوردستان بەجێ دێڵێ و دەچێتە ئورووپا و لەوێ درێژە بە خوێندن دەدا و دوکتورا لە ئابووریدا وەردەگرێ.

ژیانی دوورەوڵاتیی دوکتور قاسملوو ماوەیەکی زۆر ناخایەنێ شایەد کەمتر لە ١٠ ساڵان کە بە سەردانێک دەگەڕێتەوە بۆ بەغدا. لەوێ لە هەلومەرجێکدا کە شۆڕشی ئەیلوول لە باشوری کوردستان لەوپەڕی گەشەی خۆیدا بوو دێتەوە بەغدا و سەردانی باشووری کوردستانیش دەکا. ڕەنگبێ ئەم سەردانەی ئەو سەرەتایەک بووبێ بۆدیتنی لە نزیکەوەی واقعییاتی بزووتنەوەی کورد و پێویستییەکانی خەبات کردن لە پێناو هەوڵدان بۆ ڕزگاریی نەتەوەی کورد. دوکتور قاسملوو دوای چەند دیدارێک لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ بۆ ئەوەی کە بەشداری کاری حیزبی بکات لەگەڵ هاوڕێیانی و لە یەکەم دەرفەتدا کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵدەکەوێت کە کۆنگرەی سێهەم بگرێ وەکوو سکرتێری حیزب هەڵیدەبژێرن.

لە ڕاستیدا کاتی گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ نێو حیزب یەکێک لە دەورانە پڕ کێشەکانی حێزبی دێموکرات بوو. دەورانێک بوو کە بەهۆی کێشەکانی دوای کۆنگرەی دوو کە لە باشووری کوردستان بەسترا و عەبدوڵا ئیسحاقی بوو بە سکرتێر، چەند جیابوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا ڕووی دابوو. ئەم جیا بوونەوانە هەرکامەیان بە جۆرێک لاشەی لاوازی حیزبی دێموکراتی لاوازتر کرد، بەجۆرێک کە لە باشووری کوردستاندا بە چەند قۆڵ و گرووپ دابەش ببوون و هەر گرووپەی لە شوێنێک بە جۆریک خۆی گیرساندبۆوە.

توانایییەکی بەهێزی لە ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بەدەست هێنابوو، هەر ئەو پەیوەندییانەی کە چەند ساڵ دواتر کاتێک لە دوای ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەهۆی هجوومی لەشکری خومەینییەوە و شەڕ دەستی پێکرد، دیمان بە سازکردنی پێوەندی لەگەڵ حیزب و وڵاتانی ئورووپایی و ڕاکێشانی سەرنجی میدیاکانی دەرەوە و تەنانەت هێنانی ڕێکخراوە پزیشکییە جیهانییەکان بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوانی شەڕ و بریندارەکانی شەڕ لەکوردستان، ئەوەی کە دوکتور قاسملوو پێشتر چاندبووی بەرەبەرە کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات دەیاندروووەوە.

لە چوارچێوەی بیرکردنەوە سیاسییەکانیدا و لە نێو کوردەکاندا، دوکتور قاسملوو بە جیهانبینییەکی تایبەت بەخۆیەوە دەڕوانێتە مەسەلە سیاسییەکان. لە واقیعدا ئەوەی کە دەڵێن لە سیاسەتکردندا بیرکردنەوەی بەرفراوان لە کوردستاندا و لە شەڕێکی قورسدا بوو لەگەل کۆماری ئیسلامی. دوکتور قاسملوو دەڵێ لەگەڵ ئەوەی لە کۆماری ئیسلامیدا هیچ یەک لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی ئێمە دەستەبەر نابن، بەڵام حیزبی دێموکرات وەکوو نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان هەرکات بە پێویستی بزانێ حەقی خۆیەتی لە پێناو گەیشتن بە داخوازییەکانی گەلی کورد لەگەڵ ئەم ڕێژیم یا ئەو ڕێژیمی دیکەدا وتوویژ بکا، چونکە ئێمە وتوویژ وەک بنەما بە شێوەیەک لە خەبات دەزانین. ئەمە خۆ دوور خستنەوەیە لە دروشم لە کاتێکدا کە تو دروشمی ڕووخان دەدەی بەڵام بەڵکوو لە پەنا ئەوەشدا بیر لەوە بکەیتەوە کە شەڕ تەنیا ڕێگە نییە بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەی.

لەلایەکیترەوە ئەوەی دوکتور قاسملوو دەستی پێکرد و بە ئەنجامی گەیاند ڕێکخستنەوەی قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکرات بوو. یەکەم کار کە



بەلام لەنێو ئەم کێشانەدا و بە دیتنی ئەم کێشانە دوکتور قاسملوو ئامادە دەبێ کە بێتەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێک بخاتەوە. بێگومان دەبێ بڵێین هاتنەوەی دوکتور قاسملوو بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سکرتێری و ڕێبەری‌کردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەتایەک بوو بۆ گۆڕانکاریی قووڵی سیاسی و بەرنامەیی و بە ڕیکخراوکردنی کاری حیزبی، سەرەتایەک کە زۆر بە باشی دەستی پێ‌دەکا و هەتا ئێستاش ئێمە ئەم کاریگەرییانە دەبینین. دیارە هۆکاری کاریگەرییەکانی دوکتور قاسملوو لەو قۆناغەدا و دواتریش لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ تواناییەکانی خۆی و دواتر هاوکاریی بەشێکی باش لە کادر و ئەندامانی حیزب کە لەو سەردەمەدا چالاک بوون.

د. قاسملوو دیارە جگە لە ئاستی بەرزی خوێندەواری، بە دیتنی دنیایەکی نوێ و ناسینی خەڵک و بیروڕای جیاواز لە دنیای دوو جەمسەریدا بە کۆڵەبارێک لە تێگەیشتنی نوێ و ئەزموونەوە گەڕایەوە کوردستان. دوور کەوتنەوەی دوکتور لەو چەند ساڵەدا لە کوردستان و ژیانی لە دەرەوە ئاستی تێگەیشتوویی و فکریی ئەوی یەکجار بردبووە سەرێ. وەها کە جیاوازێکی یەکجار زۆر لە خوێندنەوەدا لە بیری دوکتور قاسملوو و ئەو هاوڕێیانەی کە ئەو سەردەمە لەو وڵاتانەدا دەژیان دەبیندران. جگە لەوەش سیاسی دەبێ پاڵپشتێکت هەبێ لە جیهانبینیدا ئەو ئەوسەردەمە هەیبوو و دەیزانی دنیا بەرو کوێوە دەڕوا، جیاوازییەکان و کێبەرکێیەکانی جیهانی دەدی و کاریگەریی ئەم کێشە جیهانییانە لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی لە ئێراندا دەیدیتنەوە. هەر بۆیە بە پاڵپشتی ئەم جیهانبینییە بوو کە دوکتور قاسملوو توانی زاڵ بێ بەسەر داڕشتنەوەی سیاسەتی حیزب لە ئاست پێویستییەکانی ئەو سەردەمەدا.

ئەگەر باس لە واقعبینیی لە سیاسەتدا دەکەین و دوکتور قاسملوو زۆر گرینگی پێ‌دەدا، مەبەست خۆ دوور خستنەوە لە دروشمدانی بێ نێوەرۆک بوو. ئەو پێی‌وابوو کە دروشمدان ئاسانە بەلام تو دەبێ دروشمێک بدەی کە هەمیشە مەجالی بەرەو پێشچوون و نزیکبوونەوەی تێدا ببینی. ئەو پێی‌وابوو سیاسەت هونەری مومکنە و ناکرێ تو سیاست وابکەی بلێی هەموو شتێک یان هیچ. د. قاسملوو باوەڕی وابوو ئەو کەسەی بەوجۆرە سیاسەت دەکا قەت بە نەتیجە ناگا. حیزبی ئێمە لە سەردەمی سکرتێریی دوکتور قاسملوودا شعاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی بەرزکردەوە، بەڵام دوکتور قاسملوو باوەڕی وابوو کە ئەتۆ لەگەڵ ئەوەی شەڕ دەکەی دەتوانی وتووێژیش بکەی و ئەوە دەقیقەن لە کاتێکدا کە لە مەیدانێکی دوکتور قاسملوو توانی لە حیزبی دێموکراتدا بە ئەنجامی بگەیەنێ قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەپێی پێڕەوێکی نێوخۆیەکی تەواو سەردەمیانە و پێشکەوتوو دامەزراندەوە. ئەم یاسا حیزبییە هەتا ئێستاش لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکارییەکی کەم لە چەندین کۆنگرەی دوای کۆنگرەی سێهەمەوە بە سەریدا هاتبێ، ئەسڵ و ئەساسی ئەو پێڕەوە نێوخۆیەیە کە دوکتور قاسملوو دایڕشتوە بۆ ئەوەی کە قەوارەی ڕێکخراوەیی حیزبیی لەسەر ڕێک بخرێ؛ هەر لە جێگای خۆی ماوە. لە ڕاستیدا ئەو گرینگیی زۆر دەدا بە کاری ڕێکخراوەیی و ئەو ڕێکخراوی وەکوو حەڵقەی پەیوەندی نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵک دەزانی پێی‌وابوو کە بەبێ دروستکردنی ئەم حەڵقەیە و بەبێ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە کە تەنیا لە ڕێگەی بە ڕێکخراوکردنی کاری حیزبی و سازمانی حیزبییەوە دەکرت خەڵک ئێنێرژییەکەی دەفەوتێ. خەڵک لە میداندا هەن و تێکۆشانیان هەیە، بەڵام پێی‌وابوو ئەگەر نەتوانین ئەم تێکۆشانە بە ڕێکخراو بکەین و نەتوانین بە شێوەی سازماندراو حەرەکەتی پێ بدەین ئەو حەرەکەتی خۆی دەکا، بەڵام چونکی ڕێکخراو نەبووە ناتوانێ هەدەفمەند بێت و، دوژمن ڕاحەت دەتوانێ بە سەریدا زاڵ بێ و ئەو ئێنێرژییانە بفەوتێنێ. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێن ئەمە تەنیا وەکوو سەرەتایەک لە دەسپێکی کاریگەرییەکانی دوکتور قاسملوو لەسەر حیزبی دێموکرات و کورد و بزووتنەوەی کوردا دەبێ ببیینین.

بابەتێکی تر کە بە گرینگییەوە دەبێ چاوی لێ بکرێ ئەوەیە کە ئەگەر تا گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان خەبات و شەڕ بۆ کورد و کوردایەتی بوو ئەگەر ئەو سەردەمەی کە باسی دەکەین زۆرتر بیر لەوە دەکراوە کە خەبات چەکە، شەڕە، بۆ کوردایەتییە و کەمتر چەمکە سیاسییەکان لە نێو بزووتنەوەی کوردا و لە نێو حیزبی دێموکرات و لە نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا باس دەکرا. دوو دەستەواژەی دێموکراسی و ئازادی کە زۆر گرینگ بوون لە ڕێگەی بیرۆکەکانی دوکتور قاسملووەوە هاتنەوە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە و ڕەنگ و بۆی زیاتری دا بە سیاسەتەکانی حیزب. بیری دێموکراسیخوازی و ئازادی لەسەردەمی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستانیشدا بەشێک بووە لە ڕێبازی سیاسیی حیزب، بەڵام ئەگەر لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئیعدامی پێشەوا قازی محەممەد بە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بچینەوە هەتا ئەو سەردەمەی کە کۆنفراسی سێ و دواتر کۆنگرەی سێ بە حزووری دوکتور قاسملوو دەگیرێ، دەبینین زۆر زۆر کەم ئەهەمییەت دراوە بەم دەستەواژانە و ڕەنگ بێ تەنیا وەکوو وشەیەک لەسەر زاران بووبێ، بەڵام دوکتور قاسملوو مەسەلەی دێموکراسی و ئازادی دەکاتە بابەتێک بۆ شیکاری، بابەتێک بۆ تێکەڵ بوون لەگەڵ سیاسەت، و لە واقیعدا بە بەشێک لە سیاسەتی حیزبی دێموکرات چاوی لێ دەکرا. دەبینین لە زۆربەی وتار و نووسینەکانی دوکتورقاسملوودا باس لە دێموکراسی و ئازادی بەشێک لە باسە گرینگەکانی ئەون. جێی سەرنجە کە دەبینین هەر لەو سەردەمەدا نووسین و بڵاوکردنەوەی بیر و سیاسەتەکانی حیزب بڕەو پەیدا دەکاتەوە و بە بەردەوامی چاپەمەنییەکانی حیزب دەگەنە دەست ئەندامانی حیزب و لە ڕێگەی ئەوانەوە لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکرانەوە.

بە کورتی و بە گشتی باس لە کاریگەرییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو کارێکی ئاسان نییە و ناکرێ بە چەند دێڕ لە هەر بابەتێک ئەو باسە کورت بکرێتەوە. بەڵام دەکرێ بڵێین ئەوەی دوکتور قاسملووی کردووەتە ڕێبەرێکی سیاسی بو جیلەکانی دوای خۆی دەگەڕێتەوە بۆ، دیتنی ڕاستییەکانی سەردەمی خۆی و قووڵیی بیرکردنەوەی لە داڕشتنی سیاسەتدا و واقێعبینی، هەم لە دەرکی هەلومەرجەکاندا و هەم بەو پێیە دروشمدان و بەرنامەڕێژی، هەست پێکردنی دروست لە بوون و بەکارهێنانی هێزی خەڵک وەک تەنیا پشتیوانی بەهێزی هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی و ئازادیخوازانە و هاندانی حیزب بۆ ڕێکخستنی هەرچی زیاتر و باشتری ئەم هێزە لەبڕان نەهاتووە، هەوڵدانی جیددی بۆ بە ڕێکخراوکردنی هێز و پتانسیەلی شۆڕشگێڕیی خەڵک، دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ دنیای دەرەوە بە مەبەستی دروستکردنی پاڵپشتی سیاسی لە بزووتنەوەی کورد و گەلێک تایبەتمەندیی بەرزی ڕێبەری کردنە کە لە وجوودی ئەودا دەبیندران و لە پاش خۆیشی وەک میراتێک بۆ سیاسەتوانان و دێموکراتەکانی بەجێ‌هێشتوە.

***

کوردستان
• ژمارە ٧٧٨
٣١ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٢١ی جوولای ٢٠٢٠

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

## دڵێکی سەوداسەر و عەشقێکی چیایی



جەمال کەنکاش

"جەمال کەنکاش"م ساڵی ١٣٥٠ لە بۆکان لەدایک بووم. لەبەر ئەوەی زوو تێکەڵ بە کاری حیزبی بووم، هەتا چواری سەرەتاییم خوێند؛ کە دواتر لە زیندان درێژەم بە خوێندن دا.

تەمەنی منداڵییم وەک زۆربەی منداڵانی تری کوردستان لەو سەردەمەدا، هاوکات بوو لەگەڵ گۆڕانە بنەڕەتییە سیاسییەکان و شەڕی داسەپاو بەسەر نەتەوە و نیشتمانەکەماندا. منیش وەکوو زۆر یەک لە هۆگرانی ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو، حیزبی دێموکراتم هەڵبژارد.

یەکەم جار کە چوومە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە ساڵی ٦٢ بوو و، لەبەر کەمیی تەمەنم ناردیانم بۆ ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان و نەیانهێشت لە هێزی پێشمەرگەدا ببمە ئەندام.

ئەو کات کە لە یەکیەتیی لاواندا بووم، تووشی خاڵۆزایەکم بووم بە ناوی "شەهید ڕەحیم سۆفی" کە پێشمەرگەی هێزی پێشەوا بوو. دەیانویست لە گوندی "نۆبار"ەوە بچن عەمەلیاتێک لە نێو شاری بۆکاندا بکەن و، لەوێدا بوو کە منیش بە ئاواتی لەمێژینەی خۆم گەیشتم و وەک پێشمەرگە لەگەڵیان کەوتم. ساڵی ١٣٦٤ و لە کاتێکدا بۆ ڕاپەڕاندنی مەئموورییەتێکی حیزبی چووبوومە نێو دێی سەهۆڵانەوە، بەداخەوە بە چەکەوە گیرام.

پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە گرتنگەیەک لە شاری مەهاباد ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان دام، لەوێڕا بەرێی بۆکانیان کردم. لەوێش بۆ ماوەیەکی زۆر ڕایانگرتم و خرامە ژێر گوشارەوە. لەوێ شایەدی زۆر جینایەت و ئێعدام و هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە بەرامبەر بە لاوان و ژن و پیاوانێک بووم، کە وەک من سەوداسەری ئازادیی گەلەکەیان بوون.

ماوەیەک لە زیندانی بۆکان بووم، پاشان بۆ حوکمەکەم بردیانم بۆ گرتنگەیەک لە مەهاباد کە پێیان دەگوت "خانه معلم" و لەبەردەستی ئیتلاعاتدا بوو؛ لەوێوە بردیانمە دادسەرای مەهاباد. لەوێ حوکمی دە ساڵیان زیندان بۆ بڕیمەوە و لەگەڵ چەند کەسی حیزبیی دیکە ناردیانین بۆ زیندانی "دەریا" لە ورمێ.

ماوەی پتر لە سێ ساڵ لە ٦٥ـەوە بۆ ٦٧ لەو زیندانە مامەوە. لەم ماوەیەدا شاهیدی کۆمەڵکوژیی زیندانییانی سیاسی بووم، شاهیدی ئەشکەنجەی بنەماڵەیی و ڕۆحی و جەستەیی زۆر یەک لەو زیندانییانە بووم.

لە دوای کۆمەڵکوژییەکە زیندانییانی سیاسیی ساڵی ٦٧، بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی ڕای گشتی لێبوردنێکی گشتی درا و، لە چەند قۆناغی جیادا کەسانێک ئازاد کران، کە دیارە دوای ماوەیەک زۆر لەوان دیسانەکەش گیرانەوە و تەنانەت بەشێکیان ئێعدامیش کران. یەک لەو کەسانە من بووم کە ماوەیەک ئازاد کرام و دواتر جارێکی دیکەش دەسبەسەر کرامەوە.

هەرچەندە وەک باسم کرد ڕۆژانی تاڵ و ڕەشم لە زیندانەکاندا بەسەر برد و شاهیدی ئەشکەنجەی خۆم و هاوڕێیانم و تەنانەت ئێعدامیان بووم، بەڵام هیچ کام لەمانە نەیانتوانی شلوێم بکەن و لە دوای کەمتر لە یەک مانگ لە بەربوونەکەم؛ بڕیارم دا دیسان بچمەوە ڕیزی پێشمەرگەکانی دێموکرات. بە حوکمی ئەوەی پێشتر پێشمەرگە بووم، دوو کەسیش متمانەیان پێ کردم و لەگەڵم کەوتن.

بەداخەوە بە هۆی جاشێکەوە، نهێنییمان درکا و لەو کاتەی لە "قەلەڕەشە"ی سەردەشت چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد قاچاخچی بمانپەڕێنێتەوە، دوو مەئمووری ئیتلاعات هاتن و گرتیانین. ماوەیەکی زۆر لە ئیتلاعاتی سەردەشت ڕایانگرتم و لە دوای ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی ئیتلاعاتی بۆکان کرامەوە.

لێرەش ئەشکەنجە و ئازار و ئێعدامەکان بەردەوام بوون، ئەو کەسانەی کە پێشتر بەخشرا بوون، گیرابوونەوە و بەبێ ئەوەی هیچ چالاکییەکی سیاسییان هەبێ دیسان حوکمی درێژخایەنیان بەسەردا سەپابوو و تەنانەت ئێعدامیش دەکران. پاش ٢٣ مانگ مانەوە بردیانمەوە بۆ زیندانی مەهاباد. دواتر لەوێ بەبێ ئەوەی پارێزەرێکم هەبێ، کەسێکی بەناو قازی دەستی کرد بە هەڕەشە لێکردنم و لەوێ پێی گوتم حوکمەکەت بەبێ ئەملا و ئەولا ئێعدامە.

دواتر لە دادسەرای میاندوواو حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپا و لەو ٢٩ کەسە ٩ کەسمان ئێعدام کران. قازی "مورتەزەوی" بە یەک شەو هەموومانی دادگایی کرد و حوکمی داین، من بەپێی دوو مادە ئەگەر هەڵە نەکەم کە (یەکیان ١٩٨ بوو، یەکیشیان ٢٠٢) بە دوو جار ئێعدام مەحکووم کرام و بەرێ کرامەوە زیندانی ورمێ.

ساڵی ٧٢ بۆ درێژەی زیندانییەکەم ناردیانمەوە بۆ زیندانی بۆکان، ئەو دەم یاسایەکیان دەرکرد ئەو شارانەی کە زیندانییان زۆر بوو بازداشتگایەک دروست بکەن، ئەمنیان بردە بازداشتگایەکی زۆر تەنگەبەر و ناخۆش بەڵام ئەوەی هەبوو کە لە بنەماڵەکەم نزیک بووم، ئاسوودەتر دەهاتنە دیتنم و سەختیی ڕێگا و ئازار و ئەشکەنجەکان بۆ ئەوان کەمتر بوو.

بەم شێوەیە بە هەموو تاڵی و ناخۆشییک هەتا ساڵی ١٣٧٨ لە زیندانی بۆکاندا بووم، پاشان بە هۆی هەلێکی کە بۆم ڕەخسا توانیم لە زیندانی بۆکان ڕا بکەم. دوای ڕۆژێک لە سنووری بانەوە خۆم گەیاندەوە باشووری کوردستان و لە شاری کۆیە شەرەفی ئەندامەتیی حیزبم دیسان پێ بەخشراوە. بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتییم دیسان لەبەر کردەوە و لە قۆناغێکی دیکەدا و بەشێوازێکی دیکە درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی حیزبی دێموکرات و شەهیدانی ڕێبەر و هەموو ئەو هاوڕێیانە بووم کە لە نیزیکەوە، یان لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کران، هەروەها ئەو کەسانەی بە ناحەق و بە دزییەوە لە سێدارە دراون یان تیرباران کراون و تێچووی ئازادیی ئەم گەلەیان داوە.

# بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم وەک ماهییەتی وجوودیی حیزبی دێموکرات

## (بەرەو یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات)



سمایل شەرەفی

**"ڕادەی شۆڕشگێڕبوونی هەر حیزبێکی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چۆن سەیری ڕابردووی خۆی و بەتایبەت هەڵەکانی دەکا. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لە لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردووی، دوژمن شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانە، پێ‌لێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵە و چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیددیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدا".**

شەهید دوکتور قاسملوو

بیری بەخۆداچوونەوە و هەوڵدان بۆ ڕێفۆرم و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا لەگەڵ دامەزرانیدا بووە و بەردەوام بووە. ڕەوتی بەخۆداچوونەوە لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبدا لەوانەیە وەک یەک نەبووبێ و لە هێندێک برگەی زەمەنیی تەمەنی حیزبدا کەمرەنگ و کاڵ بووبێ، بەڵام زۆری نەخایاندوە کە بە تەواوەتی هەست بە زەروورەتی کراوە. باسکردن لە ڕێفۆرم و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە بەشێکە لە ماهییەتی وجوودیی ئەم حیزبە، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ڕەوتی مودێرنیزاسیۆن و نوێکردنەوەی جۆری سیاسەت و تێکۆشان لە ئاستی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردستاندا هەیە.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ناسیونالیستیی کورددا، حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کورد کە لە سەر بنەمایەکی دروست و ئوسوولی بە بەرنامە و جیهانبینی و تاکتیک و ئیستراتێژییەوە، دامەزرا، وەک دیاردەیەکی مودێرن لە ڕێبەریکردنی ئەم بزووتنەوەدا سەیر دەکرێ. بۆیە بەخۆداچوونەوە و هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە بەشێکە لە ماهییەتی ئەم حیزبە.

لە حیزبی دێموکراتدا بەخۆداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە هەڵە و کەم و کوورییەکانی ڕابردو، نەتەنیا بە مانای ڕووخان و وەلانان و حاشالێکردنی ڕابردوو و بە کەمگرتن و سڕینەوەی هەوڵ و تێکۆشانی نەسڵەکانی ئەو سەردەمانە نییە، بەڵکوو هەستکردن بە زەروورەتێکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بێ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەرزشییەوە سەیری ڕابردوو بکرێ، حیزب خۆی بەرانبەر بە داهاتووی میللەتێک بە وڵامدەر و بەرپرسیار دەزانێ. بۆیە پێش هەموو شتێک لە باسی بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا، چەقین و مانەوە لە ڕابردووی ڕووداوەکان و تێفکرینەکان و بەگشتی، چەقبەستوویی ڕێگەپێنەدراوە. هەر خودی نەبوونی ئەم بەربەستە و ڕێگەدان بە ئازادبیرکردنەوە و پابەند بوون بە دێموکراسی کە بەشێکی دیکە لە ماهییەتی وجوودیی حیزبی دێموکراتی لەسەر بنیات نراوە، ئۆرگانیزمێکی زیندوو بەرهەم دەهێنێ کە تاکەکان تیایدا چاوکراوە و خاوەن ئیدەن و دەتوانن ئازادانە بیروبۆچوونی خۆیان دەربڕن و هەوڵ بدەن لە سەر خستنی بۆچوونەکانیان چالاک و هیوادار بن.

هەوڵدان بۆ نوێبوونەوە و جێخستنی بیروبۆچوون و بەرنامەی تازەی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە حیزبی دێموکراتدا، ئەنگیزە و هاندانێکی بەرزی ئۆرگانیی لە پشتە کە لەم حیزبەدا وەک خەسڵەت و باوەڕێکی نەگۆڕ لە چوارچێوەی بەرزترین ئۆرگانی حیزبیدا کە "کۆنگرە"یە، مەیل و هیوا بە ئاڵوگۆڕ لە هەموو ئاست و بەستێنەکاندا بەهێز دەکا. لە کۆنگرەدا کە بە پێی ئەو ڕێوشوێنە دێموکراتیکانەی لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بۆ چۆنیەتیی بەستن و بەڕێوەبردنی کارەکانی دیاری کراوە، سەڵاحییەت و دەسەڵاتی ئەوە بە "زۆرینە"ی ئەندامانی خۆی دەدات – کە لە پرۆسەیەکی دێموکراتێکی هەڵبژاردندا و بە نوێنەرایەتیی تەواوی ئەندامانی حیزب تیایدا بەشدارن – لە هەر بوارێکدا کە بە پێویست و زەرووری بزانن، پێداچوونەوە و دواتر گۆڕانکاری و نوێگەرایی بکەن.

بە پێی ئەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبدا بۆ کۆنگرە وەک بەرزترین ئۆرگانی حیزب دیاری کراوە؛ دەکرێ پێداچوونەوە بە ڕوانین و تێفکرینەکانی ڕێبەریی حیزب و "ڕێبازی گشتی، ستراتێژی و تاکتیکی حیزب و بەرنامە و پێڕەو و ڕێبەریی حیزبدا بکرێ و، کۆنگرە بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی دەسەڵاتی گۆڕانکاریی لە هەموو ئەوانەدا هەیە. بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا نەتەنیا هیچ بەربەستێک بۆ پێداچوونەوە و گۆڕانکاری و




نوێبوونەوە نییە، بەڵکوو بە شێوەی ئۆرگانیش هەموو ئاسانکارییەک بۆ ئەم پرسە کراوە.

بۆ باسکردن لە گرینگی‌پێدان بە پێداچوونەوە و ئەگەری هەر جۆرە ئاڵوگۆڕێکی ڕێکخراوەیی و سیاسی لە لای حیزبی دێموکرات، تەنیا ئەوە بەسە کە چاوێک لە ژمارە و ئاکامی کۆنگرەکانی ئەم حیزبە بەتایبەت لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بکەین؛

– تەنیا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات ١٣ کۆنگرەی بەستووە (کۆنگرە چوار، لە ٣٠ ڕێبەندانی ١٣٥٨ تا کۆنگرەی ١٧ لە ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٨). بەشێک لەم کۆنگرانە لە دژوارترین دۆخی ئەمنیەتیدا بەستراون و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە پیلانی درێژخایەن و هەزینەی قورس و گرانەوە هەوڵی تۆپباران و موشەکبارانکردنی داون.

– بە چاوخشاندنێک بەسەر پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرانەدا (ڕاپۆرت و بەرنامە و پێڕەو و بڕیارنامە و پەیامەکان) دەردەکەوێ کە ئەم حیزبە بەردەوام بەپێی زەروورەت لەسەر ئەساسی دەرک و خوێندنەوەی شەرایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەسەر هەر چوار ئاستی جیهانی و ناوچەیی و ئێران و کوردستاندا گۆڕان لە ڕوانگە و تێفکرینیدا پێک هاتوە. ئەم گۆڕانکاریانە زۆر بەئاشکرا بە جۆری ڕوانینی ئەم حیزبەوە بەرانبەر بە جەمسەربەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی جیهان، ئامانجی دواڕۆژی حیزب کە بە هێنانە ئارای کورتەباسێک لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەرانبەر بە سوسیالیزمی مەوجوود بوومەلەرزەیەکی فکری و تەشکیلاتی لە حیزبدا پێک دێت، گۆڕینی دروشمی ستراتێژیی حیزب لە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ەوە بۆ "فیدرالیزەکردن"ی ئێران و "دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فیدراڵ"دا و وەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ئامانجی حیزب، دیارن.


– دەستاودەستکردن و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات (بەڕێوەبەری) لە ئاستی ڕێبەری لە حیزبی دێموکراتدا کە بێ‌گومان بەشێکە لە خەسڵەتی نوێگەرایی لەم حیزبەدا تا ئێستایشی لەگەڵ بێ دیاردەیەکی ناوازە و بێ وێنەیە. ئەگەر چاوێک بە لیستی ئەندامانی ڕێبەریی حیزب کە لە کۆنگرەکاندا هەڵبژێردراون بخشێنین، ئەم ئیدیعایە بەتەواوی سەلمێندراوە کە کەم حیزبی کوردی و تەنانەت ناوچەیی هەیە کە بە ڕادەی حیزبی دێموکرات، گۆڕان لە ڕێبەرییەکەیدا پێک هاتبێ. هەر لە ماوەی ئەم چوار دەیەی ڕابردوودا جیا لەوەیکە بە دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە لە ئاکامی هەڵبژاردنی کۆنگرەکاندا جێگایان گۆڕدراوە، دوای شەهیدبوونی دوو سکرتێری ئەم حیزبە شەهیدان؛ دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە ئاستی کەسی یەکەمی حیزبیشدا چەند جارێک ئەم ئاڵوگۆڕە لە بەڕێوەبەریی حیزبدا ڕووی داوە کە هەر وەک ئاماژەی پێ کرا، ئەوە شانازییەکەی هەر بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڕێتەوە. تەنانەت لە سەر ئاستی کەسی یەکەمی حیزب کە سکرتێری حیزبە، ئەوە تەنیا حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە هەر ئێستا چەند کەس لە سکرتێرەکانی پێشووی لە پلەکانی دیکەی تەشکیلاتیدا لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا تێکۆشانیان هەیە. بە دەیان کەس لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو هەن کە هەر هەموویان وەک کەسایەتیی بەرزی سیاسی لە ڕیزەکانی حیزبدا حزووریان هەیە و بەشێکن لە سەرمایەی ئەم حیزبە.

***

گومانی تێدا نییە کە لە حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتدا، بەخۆداچوونەوە و نوێبوونەوە ناتوانێ تەنیا ببەسترێتەوە بە قەوارەیەکی ئۆرگانیکی و نیزامی ڕێکخراوەیی ئەم حیزبە، چونکی لە کۆتاییدا ئەوە ئینسانەکانن کە قەوارەکان دادەڕێژن و بیچمی پێ‌دەبەخشن. کەوابوو جۆر و ماهییەتێک کە لە پشت ئەم پرسەوە هەیە و ئەقڵییەتێک کە بنیاتی ئەم ڕێبازە درووستە لە ڕێکخراوێکی سیاسی‌دا دادەنێ، بەشێکی هەرە ئەساسیی ئەم باسەیە. لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێبەری سیاسی و ڕێ‌پێشاندەر و پێشەوا دەردەکەوێ. بەخۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ڕووەوە خاوەنی پاشخان و سەرمایەیەکی گەورەی فکری و مەعریفییە کە لە ڕێبەرانییەوە بۆ ماوەتەوە کە بێگومان دوو ڕێبەری ناوداری کورد؛ پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لەم پێوەندییەشدا ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکییان گێڕاوە. بەڵام جیا لەوان، ناکرێ باس لەوانە نەکەین کە دوای ئەوان و دواتریش – بەتایبەت لە نەبوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی‌دا – هەرکام بە ڕادەی خۆیان لە پاراستنی ئەم خەسڵەتەدا ڕۆڵیان گێڕاوە. لە لایەکی دیکەوە، تێکڕای تێکۆشەرانی ئەم حیزبە کە بەپێی فەرهەنگێکی تایبەتی ڕێکخراوەیی – کە تێکەڵاوێکە لە "پڕەنسیپی دێموکراتیک" و "ئازادیی دەربڕینی بیروبۆچوون" – پەروەردە کراون، مەیل بە ڕەخنەگرتن و بەخۆداچوونەوە و هیواداربوون بە ئاڵۆگۆڕ و نوێبوونەوە، لە وجوودیان‌دا نەهادینە بووە. بۆیە بەخۆداچوونەوە و ڕێفۆرم لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا باوەڕێکی چەسپاوە و بۆتە بەشێک لە خەسڵەتی ڕێکخراوەیی ئەم حیزبە کە هەر وەک باس کرا بەرزترین ئۆرگانی حیزب (کۆنگرە) زامن و پشتیوانیەتی.

***

# ئێعدامە سیاسییەکان لە کوردستان و ترسی ڕێژیم لە گڵکۆی شەهیدانمان



زانیار حسەینی

لەو وڵاتانەی کە هێشتا بۆ بەشێک لە تاوانەکان، سزای سێدارە هەیە، بەڕێوەچوونی ئەم سزایە وەک سەرجەم حوکمەکانی تر بەپێی ڕەوش و پرەنسیپێکە، کە ڕەچاو کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە. لە ڕاستیدا ڕێسای جێبەجێ کردنی سزادان بۆ ڕوونبێژیی یاسا دەگەڕێتەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لە هزر و بۆچوونی یاسایی و مافمەندیی خۆی ڕێساگەلێکی بۆ شێوەی ڕوودانی تاوان (تۆمەت)، مافی تاوانبار (تۆمەتبار)، سەلماندنی تاوان و مافی سووچبار پێناسە کردوە. لەم باسەدا دەمانهەوێ، لە گۆشەنیگای یاسای سزادانەوە باسێکی کورت لە سزای سێدارەدان لە یاساکانی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر تۆمەتبار (محارب و مفسد فی الارض)، هەروەها خوێندنەوەیەک بۆ مافی کەسی تاوانبار لە دەستپێکی تاوان هەتا سەلماندن و بەڕێوەبردنی حوکمەکەی بکەین.

ئەو خاڵە دەبێ لەبەرچاو بگرین کە یاسای تایبەت بە تاوانبارانی سیاسی بەپێی بڕیارنامەی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی، لە نێوان تۆمەتبارانی سیاسی و موحارەبین و موفسیدین تەوفیرێکی زۆر دادەنێ. هەرئەوە بەسە کە ئاماژە بە بڕگەی یەکەمی ئەو یاسایە بکەین کە دەڵێ: "ئەگەر بە هۆکاری چاکسازیی کاروباری وڵات، بە دژی بەڕێوەبردن و دامەزراوە سیاسییەکان یان سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات ڕوو بدا، بەبێ ئەوەیکە ویستبێ زیان بە بناخەی نیزام بگەیەنێ، ئەمە بە تاوانی سیاسی دادەنرێ." لە بڕگەی دووهەمی ئەو یاسایەدا تاوانەکان باس کراون و لە بڕگەی پێنجدا سەلماندنی سیاسیبوونی تاوانبار بۆ دادگا یان ئەو دادسەرایە دەگەڕێتەوە کە دۆسییەکەی لەوێدا بەدواداچوونی بۆ دەکرێ.

لە یاسای تاوانی سیاسیدا سزای ئێعدام بۆ سووچبارانی سیاسی لەبەرچاو نەگیراوە، بە ڕوانینێکی تر ئەو دەستە لە چالاکانی سیاسی، مەدەنی و هتد... کە حوکمی ئێعدامیان بەسەردا دەسەپێ لە ڕیزی تاوانەکانی وەک شەڕکەرەکان (محاربین) و گەندەڵکاری سەر زەوی (مفسد فی الارض) دادەنرێن. حکومەت بە کەڵک وەرگرتن لە بۆچوونی یاسایی خۆی و یاسا باوەکان دەستی قازییەکانی بۆ ناساندنی چالاکانی سیاسی لە چوارچێوەی "محاربە و مفسد فی الارض" بووندا ئاوەڵا کردوە. هەرچەند محارب و مفسد فی الارض پێناسەیەکی ڕوونیشیان بۆ نەکراوە، بەڵام دەسەڵات زۆر جار لە شێوەی دادگایی کردن و ڕەوتی لێپرسینەوەکان و جۆری بەڕێوەبردنی یاساکان وحوکمە داسەپاوەکانیشدا یاسا پێشێل دەکا و ڕێز لە یاسای خۆیشی ناگرێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو وڵاتانی جیهان یاساکان ڕوحی وشیاری و ڕێگای پێوەندیی دادپەروەری و دێموکراسین.

بەپێی ئەسڵی ٣٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاتێک تاوانبار دەکەوێتە ژێر لێکۆڵینەوە و چاودێری، دەتوانێ داوا بکا پارێزەرەکەی لەوێ بەشدار بێ. بەڵام لە هێندێک لە تاوانەکان، تاوانبار پاش ماوەیەک لە لێپرسینەوەی هێشتا نەیتوانیوە وەکیلی خۆی ببینێ، یاسای جێبەجێکردنی سزاکانیش بە ڕاشکاوی لە بڕگەی ٤٤٨دا هێناویەتی کە، کاتێک تۆمەتبار دەگیرێ، دەتوانێ داوای پارێزەری خۆی بکا. هەروەها نەبوونی پارێزەر و ئێزن پێنەدان بۆ گرتنی وەکیل بۆ بەرپرسانی داد بە تاوان دادەنرێ. ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر هاوڵاتییەک کە لەلایەن ناوەندە دادوەرییەکانەوە تۆمەتبار دەکرێ و بەدوایدا دەنێرن، بتوانێ لە مافی هەبوونی پارێزەر بێبەش نەکرێ، هەروەها بوون و بەدواداچوونی پارێزەر لای تۆمەتبار ناچارەکییە و پێویست. لەم پێوەندییەدا، ئەو تاوانانەی سزاکەیان ستاندنی گیانی بنیادەم، پەڕاندنی ئەندامێکی جەستە و حوکمی زیندای دووروودرێژن، هیچ دادگایەک ناتوانێ بەبێ بوونی وەکیل حوکمیان لەسەر بدا.

لە یاسای ڕێز گرتن لە ئازادییە مەشرووعەکان و پاراستنی مافی هاووڵاتی و بڕگەی (٣)شدا ئەوە هاتوە کە دەرفەتی کەڵک وەرگرتن لە پارێزەر دەبێ هەبێ. لە یاسای جێبەجێکردنی سڤیلیش، مافی هەبوونی پارێزەر بەڕوونی لە بڕگەی ٣١ی ئەو یاسایەدا هاتوە. لە دەقەکانی نێودەوڵەتی کە مافی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتییان ڕۆناوە، لە پەیماننامەی مافی مەدەنی و سیاسی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە دێری "داڵ" بڕگەی ١٤ ئاماژەی بە مافی هەبوونی پارێزەر کراوە. ئەم مافە وەک مافێکی ڕەوا بۆ سەرجەم خەڵکی دنیا بە ڕەوا زانراوە و وڵاتانی دنیا جگە لە دان پێدانانیان لە یاسا گشتگیر و جیهانشمووڵەکان هێناویتیانە نێو ڕێسا و یاسای نێوخۆی خۆیشیان و بە ڕێزەوە کەڵکی لێ وەردەگرن. لە ڕەوتی کردەوەیی قۆناخەکانی دادگایی کردن بە تایبەت تۆمەتبارانی سیاسی و مەدەنی زۆرجار بینراوە کە مافی هەبوونی پارێزەریان پێ نەدراوە یان پارێزەرەکانیان تووشی کێشە و گرفت کردوون، با ئەوەش بڵێین کە بۆ چالاکانی سیاسی ئەو بەشەی پێی دەگوترێ "محارب و مفسد فی الارض"، تۆمەتبار دەبێ پارێزەری خۆی لە لیستی ئەو وەکیلانە هەڵبژێری کە دادگای شۆڕش بۆی داناون! ئەو پارێزەرانەش هەر هەموویان ئەو کەسانەن کە دەبێ ناوەندە ئەمنیەتییەکان پەسندیان کردبێتن و سەربەخۆییان هەتا ئەو جێگایەیە کە جەنابی قازی و کاکی ئیتلاعاتی پێی ڕازین! کاتێک کەسێک سزای سێدارەی بەسەردا دەسەپێ، لەبەر هەستیار بوونی بابەتەکە دەبێ زۆر زیاتر لە تاوانبارانی تر مافی تۆمەتبار بپارێزرێ، لە مافی هەبوونی پارێزەر بگرە هەتا چاوپێکەوتنی بنەماڵەکەی و پێوەندی تەلەفۆنی و مافی نارزایەتیدەربڕین؛ بەڵام بە لەبەر چاو گرتنی مێژووی سیستەمی داد لە ئێران هیچ کات ئەم خاڵانە ڕەچاو نەکران و تۆمەتبارانیش مافیان پێشێل و خوراوە.



بەتایبەت لە پەروەندەی زیندانیانی سیاسیی کوردا، بەندکراوە سیاسییەکان لە چەند خولەکدا بە "محارب" دەناسرێن، لە حاڵێکدا ئەو تاوانە یەکێک لە قورسترین تاوانەکانی یاسایی کۆماری ئیسلامییە کە پرۆسەی سەلماندنی، بەڵگەمەندییەکی یەکجار زۆری پێویستە و، سەرنجدان بە پرۆتۆکۆلی ڕەوتی دادگەیی لەبەر هەستیار بوونی بابەتەکە، کاتێکی زۆر دەخایەنێ نەک چەند خولەکی بێبەزە! ڕوونە کە لێرەدا دەسەڵات دەیهەوێ هەرچۆنێک بێ گیانی ئەو کەسانە بستێنێ و باقی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردی پێ چاوترسێن بکا کە بەدوای مافی ڕەوای نەتەوەی کورددا خەبات دەکەن. هەر بەپێی قانوون کاتێک تۆمەتبار بە سێدارە، بەر لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکەی بخوازی کەسێک ببینێ، دەبێ ئەو کەسەی بۆ بێننە بەندیخانە و بیبینێ، بەڵام ئەو مافەش لە زۆربەی هەرە زۆری زیندانیانی سیاسیی کوردی مەحکوم بە ئێعدام زەوت کراوە.

هەر بەپێی قانوون دوای بەڕێوەچوونی فەرمانی سێدارە و دڵنیابوون لە مردنی کەسەکە لەلایەن پزیشکی دادوەری یان پزیشکێکی جێی متمانە، مەیتەکە دەبێ بچێتەوە پزیشکی دادوەری هەتا لەوێوە بدرێتەوە بە بنەماڵەی کەسە ئێعدام کراوەکە. بەڵام هیچ زیندانییەکی سیاسیی کوردی ئێعدامکراو یان ئەو پێشمەرگانەی لە مەیدانی شەڕدا شەهید بوون و تەرمەکانیان کەوتۆتە دەست دوژمن، تەرمەکانیان شرتوگوم کراون و کەس نازانێ لە کوێ نێژراون؛ یان ئاخۆ بەپێی شەرعی ئیسلام و ئەو یاسایەی کە نیزام باوەڕی پێیەتی تەسلیم بە خاک کراون یا نا؟ هەر لەو ماوەیەدا چەند زیندانیی سیاسیی کورد ئێعدام کران کە نموونەی باشن بۆ ئەو باسە. "هیدایەت عەبدوڵاپوور"، یەک لەو ئێعدامکراوانە بە تۆمەتی هاوکاری دەگەڵ حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسێدارە درا. فایلی ئەو زیندانییە سیاسییە هەر لە دەستپێکەوە و ڕاگەیاندنی تاوان بەدژی هەتا ڕەوتی دادگایی و لێپرسینەوەی پڕە لە لێڵی و ناڕوونی و کێشەی یاسایی. دواجاریش بەبێ ڕاگەیاندنی پێشوەختە بە بنەماڵە و پارێزەرەکەی و نەدیتنی کەسوکار و تەنانەت ژن و مناڵەکەی، لەدار درا و تەرمەکەشیان شوێنبزر کرد.

بەچاوخشاندنێکی کورت بۆ پەروەندەی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد دەردەکەوێ کە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەزگای دادی ڕێژیم بە شێوازێکی ڕقاوی و بوغز و غەرەزەوە هەڵسووکەوت دەگەڵ ئەم چالاکانە دەکا کە ئەمە هۆکارگەلی جۆراوجۆری هەیە

لەلایەلی دیکەش بێتوو سیستەمی دادی دەسەڵاتدار، دادپەروەری تەنانەت بەو شێوەیەی کە بۆخۆی لەسەر کاغەزدا پێناسەی کردوە بگریتە بەر، خێرا ئاستی داواکاری و مافویستیی تاکەکان و نەتەوەکانی نیشتەجێ لە ئێران بەرزتر دەبێتەوە. ئەو پێناسە نەکردنەی ویست و داخوازی تاکەکان و گەلانی ئێران لە نەستی سیاسی و باوەڕی ڕێژیم بەجۆرێکە کە هیچ کات ویلایەتی فەقیە دانی پێدا نانێ هەربۆیە هەمووکات لە دەرەوەی یاسا مامەڵەیان دەگەڵ دەکرێ. بۆ مینناک بەڕێوەچوونی دادگا نافەرمییەکان، هەڕەشە و گوشار بۆ سەر پارێزەران و بنەماڵەی دەستبەسەر کراوەکان، دەستی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و هەروەها ڕەوتی دادگایی کردنیان ئەوەندە ئاوەڵا دەکاتەوە کە بە کردەوەی سەروویاسایی جەوی خەفەقان و تۆقێنەر بڵاو دەکەنەوە. هەموو ئەو نادادپەروەری و نایاساییانە دەگەڵ هەموو ئەو کارەسات و جینایەتانە تەنیا ڕێگای خۆدەرباز کردنە لە پرسی جدی و لەسەر حەقی خەڵکی کوردستان، ئەو ڕستەیە کە حکومەتە ناخەڵکییەکان تەنانەت لە تەرمی بێگیان و چاوی خەڵکی مەدەنی و سیاسیش دەترسێن ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەوڵدان بۆ نوقم کردنی سەرجەم چالاکییەکانی خەڵکی و ویستی نەتەوەیی-خەڵکی و خولقانی جەوێکی ئەمنیەتی و سەرکوت کەرانە بە بەراورد دەگەڵ باقی ناوچەکانی ئێران، دانانی بێدادگەکان بۆ ستاندنی ژیان ئەم شەبەنگە لە خەڵکی چالاک و بێ سەروشوێن کردنی جەنازەکانیان، هێمای هۆویەتی نامرۆڤانەی ڕێژیمی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

## سمینی دروشمە سواوەکەی خومەینی

"دەردێکی وای داومەتێ کافر حاڵم نەبینێ
دەڵێن لێرە نەماوە چۆتە چین و ماچینێ
گەلی دۆست و برادەران بۆم بگێڕن گەرمەشینێ"

دارسمە لەو کاتەوە گوێی بۆ گفتگۆی بنیادەمی بن داران شل کردوە، وازی لە دارسمین و گەڕان بە دوای بوونەوەری نێو کۆتەرەداران هێناوە. پشتی کردوەتە ڕسق و ڕۆزیی جووجەڵەکانی و ڕووی کردوەتە سیاسەت. ئەم دارسمەیەی لە خزمەتتاندایە، ئێستا وەک جاران نەماوە و لەم مرۆڤە سەرخڕ و نانودۆبڕ و دووپێیی و قیت و ئەستوونییە فێری زۆر شتی سەیر و سەمەرە بووە.

ئەرێ ئێوە تا ئێستا بیرتان لەمە کردوەتەوە مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکی زیندووی سەر گۆی زەوییە دەست و شان و پیلی بە خۆیەوە هەڵدەواسێ و بە شێوەی ئەستوونی دێ و دەچێ؟

هەر بوونەوەرێک مار، مشک، کرم، "ئەسپێ" هەتا "ئەسپ"، وشتر، مێش، گامێش، جوانەگا، کەڵیچە، ڕێوی و دەڵەک، هەموویان بە شێوەی ئاسۆیی دێن و دەچن. ئەم بوونەوارانە هەندێکیان خزۆکن و کاتی جووڵانەوەی ڕۆژانە و شەوانەیان بە زەوییدا دەخزن و بەشێکیشیان بەرزۆکن و بە پێوەن، بەڵام ئەوانیش بە شێوەی ئاسۆیی دێن و دەچن. باڵندەکانیش کاتێک لە زەویین و لە ئاسمانیش هەر بەشێوەی ئاسۆیین. ئەوەی جاروبار لاسایی مرۆڤ دەکاتەوە و هەندێک جار بە شێوەی نیوە ئەستوونی هەنگاو دەنێ، مەیموونە. لە نێو مرۆڤەکانیش تەنیا "ئایەتوڵڵا ئەحمەدی جەننەتی" پێوەندیی نێوان مرۆڤ و مەیموونی پاراستوە. وەک مەیموون بەرەو پێش دادەنەوێ. ناتوانێ وەک مرۆڤی ئاسایی پشتی ڕاست بکاتەوە و بە شێوەی تەواو ئەستوونی بێ و بچێ.

منی دارسمە لەو کاتەوەی وازم لە سمینی دار هێناوە و وەک مرۆڤی خوالێگۆڕیو سماندنی مێشکی خۆمم گرتوەتە بەر، بوومەتە ئەدیب و زمانزان و نووسەر و زۆر جاران فۆلکلۆر و سیاسەتیش بە یەکەوە دەلکێنم. هەر ئەم تێکەڵکردنی سیاسەت و فۆلکلۆرە وای کردوە، لەم ماوەیەی دواییدا لەو کاتەوەی ئێران و چین پێچەوانەی ڕاسپاردەکەی خومەینی خەریکی بنپێنانی دروشمی " نە شەرقی نە غەربی"ین، منیش بەردەوام لە بەر خۆمەوە ئەم گۆرانییە بە گشتی و بە خاوی، بە هەوای سێپێیی، گەڕیان، ڕۆینە، سوێچکەیی و شێخانی دەڵێمەوە و لەکاتی گوتنەوەیدا بە شێوازی جۆراوجۆر لەگەڵ بارودۆخی ئەم سەردەمە پێکی دەگرم و وەک کوردینەزانانی ئەم سەردەمە دەڵێن، "لێکۆڵینەوەی بۆ دەکەم".

ئەم گۆرانییە تایبەتمەندییەکی دیکەشی هەیە. ئەگەر کاتی گوتنەوەی بیر لە لایەنە بەناو سیاسییەکەی نەکەیەوە، زۆریش ناخۆش نییە. پێم خۆشە خوێنەری هێژا وێڕای من لە بەر خۆیەوە بە گوتنەوەی کەمێک خەم و کەسەر لە دڵ دەربکا.

ڕەنگە بەشی هەرە زۆری خوێنەرانی ئەم بابەتە لەسەر موبایل و کامپیوتێر سەریری ئەم دێڕانە بکەن و خوشکان و برایانی لەبەرگرتنەوە و دابەزاندنەوە واتە "کۆپی و پەیست" بن. بۆیە بە پێویستم زانی بۆئەوەی کوێرەوەریی سووڕاندنی سکرۆڵی ماوس و ماڵینەوەی ڕووبەری موبایلەکەیان لە کۆڵ بکەمەوە، هەر لە خوارووی ئەم دێڕە گۆرانییەکە دابنێمەوە:

"دەردێکی وای داومەتێ کافر حاڵم نەبینێ
دەڵێن لێرە نەماوە چۆتە چین و ماچینێ
گەلی دۆست و برادەران بۆم بگێڕن گەرمەشینێ"

جا دوای ئەوەی چێژی فۆلکلۆری و دڵداری و نۆستالژی و ئەو شتانەتان لە گۆرانییەکە وەرگرت، تکاتان لێدەکەم لەگەڵ من بۆ ساتێک خۆتان لە جێگەی دەسەڵاتدارانی لێقەوماوی کۆماری ئیسلامی دابنێن و لەم ڕوانگەیەوە بڕواننە دەقی گۆرانییەکە:

**دێڕی یەکەم:**

کافر لێرە دا مەبەست لە غەیرەدین واتە دوژمنە. ئەوکەسەی دەردێکی وای داوە بە دەسەڵات، زۆر کەس وا دەزانن ئەمریکایە و بە گوشارە ئابووری و سەربازی و سایبێرییەکانی و ئاگرخستنەوە لە قەراغ و بیجاغی تاران و شوێنە گرینگەکان و شتی دیکە وای کردوە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، تووشی دەردێکی کوشندە بێ. "عەلییە گۆج" و "حەمەجەواد" و "حەسەن بەفڕوفیشاڵ" بە سەرشۆڕییەوە لە دروشمەکەی سەر دەرگای وەزارەتی دەرەوە بڕوانن. خۆ بەوە نییە ئەم خەڵکە بە شێوەی ئەستوونی دەڕۆن، هەر فڕیان بەسەر زانستی سیاسییەوە نییە. چونکە نازانن دوژمنی سەرەکیی دەسەڵات پێیان لە چوارچێوەی نەخشە شێوە پشیلەکە ناچێتە دەرەوە.

**دێڕی دووهەم:**

ئەوە بەرژەوەندیی دەسەڵادارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لە تەواوی دنیا باری کردوە و تەنیا ئەوەیان بۆ ماوەتەوە لە چین خۆیان تاقی بکەنەوە. وەک دەڵێن بڕیار وایە پێی پشیلەکە واتە دوڕگەکانی دامێنی ئێران بدرێنە چین و بە مانەوەی چین ڕێگەی دووری "مسئولین محترم جمهوری اسلامی" تەنیا مەودای نێوان بەندەر عەباس و دوڕگەی کیش بێ و لە جیاتی هاتوچۆی فڕۆکەی ماهان، خۆیان هەر لەوێ کرۆناکەش وەربگرن بەسەر ملیۆنان دوژمنی نێوخۆدا بڵاوی بکەنەوە.

**دێڕی سێهەم:**

"حەسەن نەسروڵڵا"، کەسوکاری زاوا تازەکەی قاسم سولەیمانی، "بەشارە درێژ"، "قاسم خەزەلی"، کەتائیبی حزبوڵڵای عێراق و "میرزا عەبدولمالیک بەدرەدینی"، سەرۆکی حووسییەکانی یەمەن و کۆمەڵێکی دیکەی ئەم دەروهەیوانە، گەلی دۆست و برادەرانی کۆماری ئیسلامیین. گەلی دۆست و برادەران دوای ئەوەی زانییان بابەگەورەیان فلس و عانە و دینار و لیرەی پێ نەماوە و تەمەن بووەتە تۆزی بانان و چین خەریکە خاکی دوڕگەی کیش بە توورئەسپان ببات، ئەوانیش تەنیا دەتوانن "بۆی بگێڕن گەرمەشینێ".

***

## سپاسنامەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان



**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**ڕێبوارانی ڕێگای پڕ سەروەریی دوکتور قاسملووی ڕێبەر!**

ئەو ساڵ لە هەلومەرجێکدا کارەساتی ٢٢ی پووشپەڕ، ڕۆژی تیرۆرکران و شەهیدبوونی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەرمان بەڕێ کرد کە نیشتمانەکەمان لەبەر پەتای کۆرۆنا و سەپاندنی دۆخێکی تەواو ئەمنیەتیتر لە جاران و گرتن و دەستبەسەر کردنی لاوان و تێکۆشەران، ڕۆژانێکی پڕ مەینەتی بەڕێ دەکا. بەڵام ئێوەی بە هەڵوێست و تێکۆشەر زۆر بە گوڕتر لە ساڵانی پێشوو و بە هەموو لایەکتان نیشان دا کە لە هیچ بارودۆخێکدا ڕێبەری ناوداری خۆتان لە بیر ناکەن و بە کار و چالاکیی خۆتان جارێکیتر بە کۆماری ئیسلامی ئێرانتان گوتەوە کە ئەو جینایەتە سامناکەتان لەبیر ناچێتەوە و سوورتر لە هەمیشە لەسەر ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو بەردەوام دەبین.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا دەستی بۆ ئەو تیرۆرە برد کە پێی وابوو بە تێرۆرکردنی ڕێبەری گەورەمان دوکتور قاسملوو دەتوانێ بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکرات تووشی شکست و چۆکدادان بکا، بەڵام ئێوەی تێکۆشەر بە یادکردنەوەکانتان و بە هەموو ڕێگایەک کە بۆتان دەکرا، بە کۆماری تیرۆریستپەروەری ئێرانتان گوتەوە کە چەندە خەیاڵیان خاوە.

هاوڕێیانی سەر بە ڕێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات!

ئێوە لە ڕێگای نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی دوکتور قاسملوو و بە تایبەتی ناردنی دەنگ و گرتە ویدیۆکانتان لە شار و گوندەکانی کوردستان هەر لە لوڕستانەوە تا ماکۆ سەلماندتان کە ناو و یادی دوکتور قاسملوو بۆ هەتا هەتایە لە ئاسمانی نیشتمانەکەماندا دەدرەوشێتەوە و ڕۆشنکەرەوەی ڕێگای خەباتمانە.

لە لایەکی دیکەوە خاڵی بەرچاوی وەبیرهێنانەوەی ئەم یادە ئەوە بوو کە ئەوساڵ زیاتر لە ساڵانی پێشوو، کەسایەتییە سیاسی و ئایینییەکان، چالاکانی مەدەنی، نووسەران، شاعیران و هونەرمەندان لەنێوخۆی وڵات بە نووسینی و دانانی بابەت و وێنەی دوکتور و دانانی شێعر و پارچە موسیقایەک و بڵاوکردنەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێزیان لە ناو و یادی ڕێبەری شەهیدمان، دوکتور قاسملوو گرت.

هەر بۆیە لە لایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پڕبەدڵ سپاسی ئەو ئازیزانە و چالاکییەکانی ئێوە تێکۆشەرانی سەر بە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات لە سەرانسەری کوردستان و هەروەها شارەکانی ئێران و کوردانی نیشتەجێی خوراسان دەکەین.

ماندوو نەبن و بە هیوای هەڵهاتنی خۆری ئازادی و گەیشتن بە ئاواتەکانی دوکتور قاسملوو.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی**
**٢٣ی پووشپەڕی ١٣٩٩**

# ڕوانگە و هزری د. قاسملوو بۆ مافەکانی ژنان





گەلاوێژ پەیڕەوان

لە مێژوودا هەر گەلێک خاوەنی کۆمەڵێک کەسایەتی و ڕێبەر و سەرکردەی بە توانا و کاریزما بووە، کە توانیویانە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگەی خۆیان هەبێ و، هەوڵیان داوە و هەندێک جار توانیویشیانە خەڵک و وڵاتیان ڕزگار بکەن.

شەهید دوکتور قاسملوو، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی مێژووی نەتەوەکەمان کە نەخش و کاریگەریی لە ڕادە بەدەری لەسەر بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلەکەی هەبوو.

ئەو ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەکەمان دەور و کاریگەریی بەرچاوی هەبوو لە بەرەو پێشبردنی خەباتی گەلەکەی و ناساندنی خەباتەکەی بە دنیای دەرەوە.

ئەوەی لەم بابەتەدا دەمانەوێ قسەی لە سەر بکەین، ڕوانگەی دوکتور قاسملوو لە مەڕ مافی ژنانە. دوکتور قاسملوو لەم بارەیەوە دەڵێ:

"لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگەیەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان، وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەواو لەگەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ، بەڵام دانانی ماف لەگەڵ پیادە کردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەینێدا هەیە، دەبێ ئەو مەودایە بەرە بەرە لە بەین بچێ، بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی نزیکترە."

ئەم وتانە نیشان لەوەیە حیزبی دێموکرات و خودی ڕێبەرەکەی چۆن و چەندە باوەڕیان بە مافی ژن و کاریگەریی ژن لە کۆمەڵگە و کار و تێکۆشانی سیاسییدا هەبووە.

د. قاسملوو لەو کاتەدا کە باس لە جێگە و پێگە و مافی بەرابەریی ژن و پیاو لە نێو حیزبەکەی و کۆمەڵگەدا بۆ ژنان دەکا، لە هەمان کاتیشدا واقعی کۆمەڵگەکەی دەبینێ و دەزانێ دانانی جێگەی تایبەتی و دانی ماف بە تەنیا هیچ کاریگەریی نابێ. بەڵکوو بۆ بە کردەییکردنی پێویستی بە پەروەردە و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی هەیە.

د. قاسملوو خۆی چ وەک شەخس و چ وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات باوەڕی قووڵی بە مافی ژن و تواناییەکانی ژن هەبوو، هەر ئەو باوەڕەشی وای کردبوو کە پشتیوان و ڕێنوێنی ژنان بێ و هانیان بدا بۆ ئەوەی ماف و ئەرکی خۆیان بناسن و هەوڵی بۆ بدەن.

ئەو ڕێبەرە مەزنەی نەتەوەکەمان پێی وابوو کە ژن دەبێ بۆ خۆی بێتە مەیدان و خەبات بکا لە پێناو بەدەست هێنانی ئەو ماف و ئازادییانەی کە بە هۆی دابونەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی پیاوسالار و دەسەڵاتی زاڵ بە سەر گەلەکەماندا، لێیان زەوت کراوە.

بە بڕوای د. قاسملوو خەبات بۆ مافی ژن تەنانەت لە خەبات بۆ وەرگرتنی خودموختارییش درێژترە و دەبێ دوای وەرگرتنی خودموختارییش ئەو خەباتە بەردەوام بێ. هەر بۆیە و بە بەردەوامیی ئەم دوو ئەرکە پێکەوە زۆر دژوارن، بۆیەش خوشکان دەبێ پشوودرێژ بن و باوەڕیان بە خۆیان هەبێ و نەترسانە هەوڵ بدەن بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆیان لە کۆمەڵگەدا".

هەروەها پێی وابوو، ژن پێویستە خۆیشی پەروەردە بکا، بۆ ئەوەی ئاگایانە خەبات بکا و داوای مافی نەتەوەیی و مرۆیی خۆی بکا .

باوەڕمەندیی د. قاسملوو بە نیسبەت مافی ژنانەوە، تەنیا بە قسە و لە چوارچێوەی وتار و نووسراوەکانیدا ڕێنوێنی ژنان و کچانی دەکرد کە سوور بن لە سەر داوای مافی خۆیان و، چاو لە دەستی کەسانی دیکە یان پیاوان نەبن.

لەم بارەوە دەیکوت: "ئەرکی خوشکان گرانترە لە پیاوان، خوشکان دەبێ لە دوو بەرە و سەنگەردا خەبات بکەن، هەم بۆ ڕزگاریی گەلی کورد و هەم بۆ مافی خۆیان لە کۆمەڵگەدا، دیارە ڕەنگی نەداوەتەوە، بەڵکوو ئەو ژن و کچە پێشمەرگانەی کە شوێنی کارکردنیان لە دوکتور قاسملوو نزیک بووە و ڕۆژانە چاویان پێی کەوتوە باسیان لەوە کردوە کە زۆر ڕێزی بۆ ژن دادەنا و باوەڕی بە مافی ژن هەبوو، ئەو باوەڕەشی هەر بە قسە نەبوو، بەڵکوو لە کار و کردەوەی ڕۆژانەی و هەڵسوکەوتی جوانیدا دەردەکەوت.

د. قاسملوو کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی، خوێندەوار و ڕۆشنبیر بوو، دەیزانی بەشداریی ژن لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتییدا چەندە گرینگە و چۆن دەتوانێ کاریگەریی هەبێ لە بنیاتنان و بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگە و، ئەگەر ژن مەجالی پێ بدرێ توانای بەڕێوەبردنی کاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتی هەیە و تواناکانی کەمتر نییە لە پیاو.

هەر لەم پێوەندییەدا و لە وتارێکدا کە لە ٨ی مارسدا پێشکەشی کردوە، دەڵێ: "ڕادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا، نیشانەی ڕادەی پێشکەوتوویی ئەو کۆمەڵگەیەیە، ژنان نیوەی ئەندامانی کۆمەڵن، هەرچی کەمتر لە کاروباری کۆمەڵدا بەشدار بن، ئەوەندە کار و تێکۆشان و خەلاقییەت لە کۆمەڵدا کەمترە و هەر ئەوەندەش کۆمەڵ پاشکەوتووترە، بۆیە ڕادەی بەشداربوونی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسییدا، نیشانەی ڕادەی پێشکەوتوویی هەر کۆمەڵگەیەکە. ئەوە لە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەشدا هەر ڕاستە، هەرچی ژنان بەرینتر و چالاکتر تێیدا بەشدار بن، ئەوەندە بزووتنەوەکە پێشکەوتووانەتر و سەرکەوتووترە."

هەر بۆیەش هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە ژن بەشداریی کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و خەباتی نەتەوایەتی بکا، تا بتوانن پێکەوە و لەگەڵ پیاوان کۆمەڵگەی کوردستان بەرەو پێشکەوتن و ڕزگاری بەرن.

# دێموکراسی و دوکتور قاسلموو

شاهۆ مەتین

دوکتور قاسملوو: "*دێموکراسی بۆ ئێمە بە مانای پلۆرالیزم و ئازادیی بڕوا، بەیان و کولتوور دێ.*"

دوکتور قاسملوو یەکێک لەو بیرمەندانەی جیهان و بزاڤی ناسیۆنالیزمی کوردستان بوو کە باوەڕی قووڵ و ڕیشەیی بە چەمکی دێموکراسی بۆ دوارۆژی ئێران و هەموو دنیا هەبوو.

لە هزری دوکتور قاسملوودا دێموکراسییە کە دەتوانێ ئێرانی فرە زمان، کولتوور، نەتەوە و ئێتنیک لە چوارچێوەیەکی شارستانییدا بە تەبایی و پێکەوە سازان ئیدارە بکا؛ هاوکات ئازادی وەک ئەساسی دێموکراسی و هاوشانی پلۆرالیزم لە نێوان گەلانی ئێران پارێزراو ڕابگرێ.

بەڵام بە سەرنجدان بە جۆراوجۆریی دێموکراسی لەسەر ئەرزی واقع کە لە نێو وڵاتان تاقی کراوەتەوە و دەکرێ، دەبێ مەبەستی دوکتور قاسملوو لە کام جۆری دێموکراسی بووبێ؟

**دێموکراسیی زۆرینە:**

لەم مۆدێلەدا ئەو هێز و لایەنەی زۆرترین ڕێژەی دەنگی هەڵبژاردنی بەدەست هێناوە دەسەڵات دەگرێتە دەست، واتە ئەو ڕەوتەی زۆرترین دەنگەکانی بەدەست هێناوە دەزگا و دەسەڵاتە بنەڕەتییەکانی ئەم دەوڵەتە بەڕێوە دەبا، بۆیە ئەم مۆدێلە زۆرتر دەسڵاتێکی ناوەندییە؛ چون دەسەڵاتێکە لە ناوەندەوە بڕیار بۆ بەشەکانی تری وڵات دەدا. بەم پێناسەیە لە دێموکراسیی زۆرینە، ئەم مۆدێلە لەو وڵاتانە دەتوانێ وڵامدەر بێ کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و ئایینییەوە یەکدەست بێ.

لە سەر ئەم ئەساسە، مۆدێلی دێموکراسیی زۆرینە بۆ وڵاتی ئێران کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و ئایینییەوە وڵاتێکی پلۆراڵە ناتوانێ گونجاو بێ، چون ئەو نەتەوەی خاوەنی زۆرینەی پێکهاتەی حەشیمەتە دەتوانێ زۆرترین ڕێژەی دەنگەکان بەدەست بێنێ و مۆنۆپۆلی جومگەکانی بەڕێوەبەریی وڵات بکا، کە ئەو کات جیاوازی لەگەڵ دیکتاتۆریی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی نابێ.

لەم بارودۆخەدا کە دێموکراسیی زۆرینە وڵامدەر نییە، بە مانای گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆریی پاشایەتی و ئیسلامی نییە، کە بەداخەوە هەندێک حیزبی سەرتاسەریی ئێرانی ئێستا داوای دەکەن.

ئەوەی لەو دۆخەدا پێویستە، کارکردنە بۆ هێنانە کایەی دۆخێکی لەبار بۆ بەدهێنانی مۆدێلێکی تر لە دێموکراسی، کە ئەویش دێموکراسیی ڕێککەوتن یا تەوافوقییە.

**دێموکراسی ڕێککەوتن:**

دێموکراسیی ڕێککەوتن بریتییە لە بەخشینی دەرفەت بە بەشداریی سیاسیی هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی لەو وڵاتەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان دەبێ لەسەر ژیانی کۆمەڵگە.

مۆدێلی دێموکراسیی ڕێککەوتن لەو وڵاتانە وڵامدەر و ئامادەیە کە لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و مەزهەبییەوە جیاوازیی گەورە لە نێو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەدا هەبێ. واتە کۆمەڵگەیەکی فرە زمان، نەتەوە و ئایینییە کە لە جیاتی ئەوەی حیزبی سەرتاسەری شێوازی ڕێکخستنی سیاسیی هەبێ و جێبەجێکاری پرۆسەی دێموکراسی بێ، حیزبی لۆکاڵی و ناوچەیی ئەم ڕۆڵەی دەبێ؛ هەر بۆیە ئێنتیمای تاکەکان زیاتر ڕووی نەتەوەیی و زمانی و ڕەگەزی و ئیدئۆلۆژیی هەیە.

لەسەر ئەم ئەساسە ئاشکرایە لە وڵاتێکی وەک ئێران کە بیهەوێ ببێتە وڵاتێکی دێموکراتیک، مۆدێلی دێموکراسیی زۆرینە وڵامدەر نابێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو تایبەتمەندییانەی لێرەدا پێویستە، لە ئێراندا بوونی نییە.

هەر بۆیە بە بۆچوونی ڕێبەری هەرمانمان، دوکتور قاسملووش ئەو مۆدێلەی بتوانێ بەکەلکی دوارۆژی ئێران بێ و لە داهاتووی ئەم وڵاتەدا یارمەتیدەر بێ و، لەو کێشانەی -بە هۆی ئەقڵیەتی پاوانخوازانە و دیکتاتۆریی مێژووی دەسەڵاتدارانی ڕابردوو و ئێستای ئێران دروست بوون- ڕزگاری بێ و بتوانێ ئاشتی و تەبایی بەرقەرار بکا، ئەوە مۆدێلی دێموکراسیی ڕێککەوتنە .

لەبەر ئەم تایبەتمەندییە پۆزێتیڤانەی دێموکراسیی ڕێککەوتن هەیەتی، حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبەکەی دوکتور قاسملوو، لە کۆنگرەی ١٣ی خۆیدا، بە خوێندنەوەیەک لە چەمکی دێموکراسیی ڕێککەوتن هەیبوو، دێموکراسی بۆ فێدرالیزم لە پێناوی وڵامدەر بوونی زۆرتری ئەم چەمکە بۆ دوارۆژی ئێران دەگۆڕێ، چونکە نە تەنیا لە زۆر وڵاتی دنیا فۆڕمی دێموکراسیی ڕێککەوتن فۆڕمێکی فێدرالییە، بۆ وڵاتێکی وەک ئێرانیش بە لە بەرچاو گرتنی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی؛ مۆدێلێکی گونجاوە.

فەلسەفەی فێدرالیزمیش دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەرییە -نەهێشتنی ناوەندگەرایی لە وڵاتە- کە خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم قۆناغەی ئێستاشە. واتە فێدرالیزم هەوڵ دەدا دەسەڵات بەسەر بەشە جیاوازەکانی وڵاتدا دابەش بکا و بە هەر بەشێک، بە قەدەر خۆی سەروەری ببەخشێ.

هەم دابەشکردنی دەسەڵات و هەم پێدانی سەروەری، دوو چەمکی سیاسیین کە ئەمەش بەم مانایە دێ لەم وڵاتە (ئێران)دا کێشەی سیاسی هەیە و، فێدرالیزمیش دێ چارەسەری ئەم کێشە سیاسییانە بکا.

بەم پێیە بە فێدرالیکردنی ئێران هەوڵدانێکی سیاسییە کە لەسەر ویست و ئیرادەی هێزە نەتەوەییەکانی ڕۆژهەڵات و بە پێشەنگایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆتە وێژمانی بزووتنەوەی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

ئێرانی دوارۆژ پێویستی بە دامەزراندنی ناوەندێکی لیبراڵ و پلۆراڵ هەیە کە پێوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکانی ئەم فێدرالیزمە لەگەڵ ناوەند ڕێک بخات و کولتوورێکی سیاسیی نوێ، کە ڕێککەوتن بنەماکەی بێ و ڕاوێژ و دیالۆگ، بە بەردەوامی لە نێوان ناوەندەکانی دەسەڵات و لە نێو نەتەوە جیاوازەکاندا هەبێ و، دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەری لە وڵاتدا ڕێک بخا.

# هەنگاوی داهاتووی سیاسەتی ترامپ بەرانبەر بە ئێران (٢-١)



و: کەماڵ حەسەنپوور

بڕیاری سەرۆککۆمار ترامپ لە مەڕ کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی ٢٠١٥، کە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆباما لەگەڵ ئێران واژۆی کردبوو وێدەچێ سەرکەوتنێکی بەرچاو بێ. ئەو سەرکەوتنە بە چەند شێوە دەبینرێن: کشانەوە لە بەرجام ئێرانی تەریک خستوەتەوە و پێشی بە داهاتی مەلایان گرتوە کە خەرجی سپاکەیان، گەشە پێدانی مووشەک و بەرنامە ئەتۆمییەکەیان دەکرد. ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان کە لە ئاکامی کشانەوە لە بەرجام دووبارە چەسپاونەتەوە پێش بە ڕێژیمی ئێران دەگرێ کە پشتگیریی تێرۆریستان و بەکرێگیراوەکانی بکا و، لەوانەیە تاران ناچار بکا کە هێزەکانی لە سووریە بکشێنێتەوە. جگە لەوە، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێککەوتنەکە ئێزن بە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەدا تا لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێ کە سەرجەم هەڕەشەکانی ئێران دژی خۆرهەڵاتی ناڤین و دنیا بگرێتەوە، وتوویژ بکا. لە کاتێکدا کە ئێران ئێستا خۆ لە وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێ دەبوێرێ، بەڵگەی زیاتر لە بارەی گزەی ئێران لە بەرجام کۆ دەکرێنەوە، جگە لەوە دەورێکی نوێ لە توندوتیژی بە پشتیوانیی ئێران بۆ ورووژاندنی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا دەستیان پێکردوەتەوە کە بۆتە پاڵپێوەنانی وڵاتانی ئورووپایی بەرەو نزیک بوونەوە لە هەڵوێستی ترامپ، کە سەردەمێک دڵەڕاوکێیان لەو بارەوە هەبوو.

بە پێچەوانەی بەڵگەکان، ڕەخنەگرانی سەرۆککۆمار پێداگرن کە کشانەوە لە بەرجام شکستی هێناوە. بەڵگەی ئەوان بۆ ئەو هەڵوێستە ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ جووڵانەوەیەک بۆ دەستپێکی وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێکی باشتر دەستی پێ نەکردوە و ڕەفتارە شەڕخوازانەکەی ئێران دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بەرجام، خراپتر بووە. زۆر لە ڕەخنەگران، کە پێشتر داوای لێبوردنیان لە مەلایان دەکرد، ئەو کارە بە شێوەی ئاشکراتر دەکەن و، ئیددیعا دەکەن کە ڕێژیم ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی بەڕێوە دەبرد و ترامپ بەوە تاوانبار دەکەن کە ئایەتوڵڵاکانی ورووژاندوە تا ئەوان دوای کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەرنامە ئەتۆمییەکەیان پەرە پێ بدەن. ئیددیعای ملکەچ بوونی ئێران بە ڕێککەوتنی بەرجام هەڵە و ساختەیە. جگە لەوە، کاردانەوەی ڕێژیم، ئاسەواری چاوەڕوانکراوی بڕیاری ترامپە و نابێتە هۆی بێئێعیبار کردنی کشانەوەکە.

بانگەشەی دۆناڵد ترامپ لە کاتی کەمپەینی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ٢٠١٦، کە ڕێککەوتنی ٢٠١٥ "خراپترین مامەڵەیە"، ڕەنگدانەوەی دژایەتیی توندی زۆر لە ئەمریکاییەکان، بە تایبەتی کۆماریخوازەکان بوو. لە شێوەی داڕشتنەکەوە، نەخشەی ئۆباما ڕێگەی بە ئێران دەدا کە درێژە بە تەواو کردنی بەرنامەی تێکنۆلۆژیی پێوەندیدار بە چەکی ئەتۆمی، لە ڕێگەی ئاوەڵا هێشتنەوەی دەستی ئێران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆم، گەشە پێدانی سانتریفیووژی پێشکەوتوو بۆ پیتاندن و درێژە پێدان بە کەلکوەرگرتن لە ڕێئاکتۆری ئاوی قورس، لە کاتی مانەوەی ڕێککەوتنەکە دەدا. ڕەوایی دانی تیمی ئۆباما بۆ ئێزن پێدانی مەلاکان بۆ هێشتنەوەی بەرهەمهێنانی تێکنۆلۆژیی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی، ئەوە بوو کە بەرجام گێژەڕێکە کە ڕێژیم یەک ساڵ لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی دوور دەکاتەوە. بەڵام بنەماکانی پشکنین لە ڕێککەوتنەکەدا هێندە لاواز بوون کە کاری ئێرانیان بۆ گزە کردن ئاسان کردبوو، باسی ئەوەش ناکەین کە زلهێزەکان و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی خۆیان لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەبوارد.

بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ نیگەرانیی قووڵی خۆی لە بارەی گیروگرفتەکانی دیکەی ڕێککەوتنەکە باس کردبوون. لاوازییەک کە بمانهەوێ وەک دەستپێک باسی بکەین ئەوە بوو کە ڕێککەوتنەکە "کاتی کۆتایی" هەبوو، واتە ڕێگەی دەدا کە بەربەستە سەرەکییەکان لە ماوەی پێنج تا هەشت ساڵ کۆتایییان بێ. کاربەدەستانی ئۆباما ئیددیعایان دەکرد کە ڕێککەوتنەکە بەرنامەی مووشەکیی بالیستیکیی ئێران سنووردار دەکا. بە کردەوە، بەرجام نە وەک هیچ بەربەستێکی بۆ بەرنامەی مووشەکیی بالیستیکی ئێران دیاری نەکردبوو، بەڵکوو بڕیاری ٢٢٣١ـی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پشتگیریی لە بەرجام کرد، لە ڕاستییدا ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی دژی بەرنامەی مووشەکیی ئێران لاواز کرد.

جگە لەوە، ڕێککەوتنەکە شتی وای تێدا بوو کە مەلاکانی لە ڕوانگەی داراییەوە خاوەن توانایی دەکرد: سەرۆککۆمار ترامپ زۆر جار هێرشی دەکردە سەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە چونکە ١٥٠ میلیارد دۆلاری لە ڕێگەی سووککردنی ئابلۆقەکانەوە و هەروەها ١.٧ میلیارد دۆلار پارەی نەغد کە وڵاتە یەکگرتووەکان دایەوە بە ئێران، کە ڕێبەرانی ئێران ئەو پارەیان بۆ برەو پێدان بە بەرنامەی سەربازی، توانایی ئەتۆمی و هەوڵی جیاوان، لە نێویاندا تێرۆریزم بۆ ناسەقامگیرکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خەرج کرد. ڕێککەوتنی ئێران هیچ بەربەستێکی بۆ لەغاو کردنی کرداری شەڕخوازانەی ئێران تێدا نەبوو.

## جووت کردنی ئەوپەڕی زەخت لەگەڵ گونجاندن

جێگرەوەی ترامپ بۆ بەرجام سیاسەتێکە بە ناوی "ئەو پەڕی زەخت"، ستراتێژییەکی توندوتۆڵی ئابلۆقەی ئابووریی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئاکاری شەڕەنگێزانە و تێکدەرانەی ئێران و ناچار کردنی بۆ وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێکی نوێ. ستراتێژییەکە هەروەها زیاد کردنی هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەدا و ئامادەیی سەرۆککۆمار بۆ کەلکوەرگرتن لە هێزی سەربازی لە جوابی ورووژاندنەکانی ئێرانیش دەگرێتەوە.

لە ٢٨ـی مانگی مای ٢٠١٨، وەزیری کاروباری دەرەوە مایک پۆمپیۆ، لە وتارێکدا لە هەریتێج فاوندەیشن، لیستەی دوازدە داوای وڵاتە یەکگرتووەکانی بۆ ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێران پێشکەش کرد کە لە نێویاندا دەکرێ ئاماژە بە دەستهەڵگرتن لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و کۆتاییهێنان بە شەڕەنگێزی و ورووژاندنەکانی ئێران لە ناوچە بکرێ. ئەگەرچی وڵاتە یەکگرتووەکان هەرگیز ئەو داواکارییانەی وەلا نەناون، سەرۆککۆمار لە چەند هەلی جیاواز باسی خۆ گونجاندن لە بارەی وتوویژ لەگەڵ ئێرانی کردوە. ئەوە قەبووڵ کردنی پلانی سەرۆککۆماری فەڕانسە، ئێمانوئێل ماکرۆن، لە پاییزی ٢٠١٩ بۆ وتوویژی دوولایەنە لەگەڵ ئێران، هێندێک سنووردار کردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران و هەڵگرتنی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان، دەگرێتەوە. نەخشەی ماکرۆن لەبەر پێداگریی ئێران لەسەر هەڵگرتنی ئابلۆقەکان لە لایەن ترامپ پێش دەستپێکردنی وتوویژەکان، شکستی هێنا.

هەموو ڕاوێژکارەکانی ترامپ لە بارەی ئامادەیی ترامپ بۆ سازان لە بارەی دەستپێکی وتوویژ لەگەڵ ئێران بە گوێرەی پلانی ماکرۆن، کەیفخۆش نەبوون. ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی پێشوو، جان بۆڵتۆن بە توندی دژی سووککردنی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەو شێوەیە بوو و دەڵێن ئەوە بووە هۆی جیا بوونەوەی بۆڵتۆن لە سێپتامبری ٢٠١٩.

بە گشتی، ستراتێژیی ئەو پەڕی زەخت سەرکەوتوو بووە، ئەگەر چی ئێران لاسارانە خۆ لە بەشداری لە وتوویژ لە بارەی ڕێککەوتنێک کە جێگرەوەی بەرجام بێ، دەبوێرێ. ئابووریی ئێران لەژێر زەختی بێوێنەی ئابووری بە هۆی ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان ئازار دەچێژێ کە دەبێتە هۆی نارەزایەتی دژی ڕێژیمی ئێران. نارەزایەتییەکان دژی دەوڵەتی ئێران بە هەمان شێوە لە عێراق، لوبنان و سووریە، کە ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆتە هۆی پێشگرتن بە دەستڕاگەیشتنی تاران بە سەرچاوەی دارایی بۆ پشتگیریی تاران لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی لەو وڵاتانە، بەرێوە چوون. ئەوە بۆتە هۆی نەگەیشتنی پارە بە ئەندامانی حیزبوڵڵا، بەکرێگیراوە تێرۆریستەکانی ئێران لە لوبنان.

## پشتڕاستکرانەوەی گزەی ئێران

لە کاتێکدا کە دەمێکە ئێران بە گزە کردن لە ڕێککەوتنی بەرجام تاوانبار دەکرا، ئاشکرا کردنەکانی ئیسرائیل لە ٢٠١٨ هیچ گومانێکی لەو بارەوە نەهێشت. گرێ کوێرەی نێوان ڕێژیمی ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە بارەی گزەی ڕێژیم، ڕەوایی بە ڕەتکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە لایەن سەرۆککۆمار ترامپ دەدا.

ڕاپۆرتی جێگەی متمانە لە بارەی گزەی ئێران پێش کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشکەش کران. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی تەتۆمی لە دێسامبری ٢٠١٥ پشتڕاستی کردەوە کە ئێران لە پێشکەشکردنی بیلانی ورد و ڕاستگۆیانەی بەرنامەی ئەتۆمی شکستی هێناوە، کە بە گوێرەی بەرجام پێشمەرجێکە بۆ سووککردنی ئابلۆقەکان. ڕێکخراوی هەواڵگریی ئاڵمان چەند ڕاپۆرتی لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە بارەی هەوڵی نهێنیی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئامێری ئەتۆمی، کە پێشێلکاریی ڕێککەوتنەکەیە، بڵاو کردۆتەوە. لە جوولای ٢٠١٧، سێناتۆران تێد کروون، تام کاتن، مارک ڕۆبیۆ و دەیڤید پەردوو نامەیەکیان بۆ وەزیری کاروباری دەرەوە، ڕێکس تیلەرسۆن، نووسی و تێیدا ئاماژەیان بە "پێشێلکارییە بەردەوامەکانی ڕێککەوتنەکە" لە لایەن ئێرانەوە کرد.

لایەنگرانی بەرجام ئەو تاوانبار کردنانەیان ڕەت دەکردەوە و باسی ئەوەیان دەکرد کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی جار لە دوای جار ڕایانگەیاندوە کە ئێران بەرجامی جێبەجێ کردوە. بەڵام، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی ملکەچیی ئێرانی تەنیا بە گوێرەی بەرنامەی ئەتۆمیی ڕاگەیەنراو لە بنکەکانی کە سەربازی نین و زنجیرەی دابینکەرانی کەلوپەل کە پێشتر ڕاگەیەنرابوو، بەراورد دەکرد. ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی هەروەها خۆی لە داوای پشکنینی بنکە سەربازییەکان (کە تاران ڕایگەیاندبوو ئێزنی پشکنینیان نادا) دەبوارد، ئەگەرچی



وێدەچێ ئەوان شوێنی کاری نهێنی لەسەر چەکی ئەتۆمی بن.

گزەی ئێران لە بەرجام لە بەهاری ٢٠١٨ بە شێوەی کۆتایی پێهێنەر ئاشکرا کرا، کاتێک کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بنیامین نەتانیاهۆ باسی دزینی ڕێژەیەکی زۆر بەڵگە لە بارەی پرۆگرامی نهێنیی چەکی ئەتۆمیی ئێران لە لایەن سیخوڕانی ئیسرائیلی کرد. بەڵگەکان بە ناوی ئارشیوی ئەتۆمیی ئێران، سەلماندیان کە ئێران لە ٢٠١٥ بەرجامی بە درۆ کردن لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە بارەی چالاکییەکانی پێوەندیدار بە چەکی ئەتۆمی، پێشێل کردوە. بەڵگەکان ئاشکرایان کرد کە ئێران نەخشەکانی بۆ دروستکردنی پێنج کڵاوی مووشەکی ئەتۆمی لە پێگەیەکی نهێنیی ژێرزەوی لە بنکەی سەربازیی پارچین، شوێنێک کە پارچەکانی چەکی ئەتۆمی پەرە پێ دەدان، لە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی شاردۆتەوە.

خۆ بواردنی ئێران لە دانی زانیاری لە بارەی ئاسەواری گەردیلەی ئۆرانیۆم کە لە ئەمبارێکی تاران دۆزرابۆوە، بووە هۆی پەرە گرتنی گرژی لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی و وڵاتانی ئورووپا. لە مانگی مارس، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی داوای لە ئێران کرد تا لە بارەی سەرچاوەی گردیلەکانی ئۆرانیۆم "دەستبەجێ و بە تەواوی هاوکاریی بکا" و ئێزنی دەستڕاگەیشتن بە سێ شوێنی دیکەش بدەن کە لە بەڵگەکانی ئەتۆمیی ئێراندا ئاماژە بە چالاکیی ئەتۆمیی نەدرکاو لەوێ کرابوو. لە ئاوریل، ئێران کۆتایی بە هاوکاری لەگەڵ ئەو لێکۆڵینەوانە هێنا کە پێشێلکارییەکی ئاشکرای دیکەی بەرجامە.

درێژەی هەیە

***

نەیشناڵ ڕیڤیو_فرێد فلایتز

---

ناوەندی هاوکاری:

## ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد نابنە هۆی ئەوەی گەلی ئێمە واز لە خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆی بێنێ

٢٠ ڕۆژ دوای پشتڕاستبوونەوەی ئێعدامی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تاوانێکی دیکە "سابیر شێخ عەبدوڵڵا" و "دیاکۆ ڕەسوڵزادە"، دوو لاوی دیکەی کوردی لەدار دا.

سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسوڵ زادە کە ئەمڕۆ سێشەممە، ٢٤ پووشپەڕ ئێعدام کران، ماوەی ٧ ساڵ بوو بە تۆمەتی بەشداری لە تەقینەوەیەکی گوماناوی کە ساڵی ١٣٨٩ لە کاتی مانۆڕێکی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەهاباد کرا، حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو.

سەپاندنی حوکمی ئێعدام بەسەر ئەم دوو لاوە کوردە و جێبەجێکردنی سزاکە لەسەریان بەم تاوانە! لەحاڵێکدایە کە، پێشتر و چەند ڕۆژ دوای تەقینەوەکە، محەممەد پاکپوور، سەرۆکی هێزی زەوینی سپای پاسداران ڕایگەیاند بکەرانی تەقینەوەکەیان لە ناوچە سنوورییەکانی باشووری کوردستان خستۆتە داو و کوشتوویانن؛ کەچی سێ ساڵ دوای ئەم ڕووداوە بە دەسبەسەرکردنی سابیر شێخە عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسوڵزادە سەرلەنوێ پەروەندەکەیان وەگەڕ خستەوە.

ئەم دوو لاوە کوردە ماوەی چەند ساڵ خرانە ژێر توندترین ئازار و ئەشکەنجەکان بۆوەی دان بەو تاوانە دابنێن هە تا بەم جۆرە ڕێگا بۆ سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەریاندا خۆش بکەن و ڕق و قینی هەمیشەیی و لەبڕاننەهاتووی خۆیان بە گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی بڕێژن.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا لە ئێعدامی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەردەوامە، کە ڕێژیم لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا گوشارێکی یەکجار زۆری لەسەرە، کرۆنا هەتا بینەقاقا بەربینگی بە کۆمەڵگە گرتوە، بارودۆخی ئابووریی وڵات لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمەوە تێک ڕماوە، هەژاری و بێکاری برستی لە خەڵک بڕیوە؛ بەڵام دەسەڵاتی گەندەڵ و ناکارامە کە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە ترسی تەقینەوەی ڕقی پەنگخواردووی گەلانی ئێرانیان لێ نیشتووە؛ لەبری پاشەکشە لە سیاسەتەکانیان و ملدان بە ویستی خەڵک، لە ئێعدام و سەرکوت وەک ڕێگەکارێک بەمەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵکی ئازادیخواز بەردەوامن.

بە چاوخشاندنێک بە ئاماری ئێعدامەکان لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا بۆمان دەردەکەوێ کە یەک لە چواری ئێعدامکراوان لەو ماوەیەدا کورد بوون و هەر هەموو ئێعدامە سیاسییەکانی ئەو ماوەیەش هەر لە کورد کراون، ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی بە چ ترس و نیگەرانییەکەوە و، بە چ ڕوانگەیەکی ئەمنیەتیی داپڵۆسێنەرانەوە لە کوردستان دەڕوانێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوار دەیەی ڕابردوودا ئەمە سیاسەتی نەگۆڕ و هەمیشەیی بووە. ڕێژیم لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەردەوامیی دەسەڵاتی نگریسی لە هەموو ئامرازێکی سەرکوت و کوشتوبڕ کەڵکی وەرگرتوە، بەڵام بێگومان لای ڕوون و ئاشکرایە کە هەمووی ئەمانە قەت نابنە هۆی ئەوە کە گەلی ئێمە واز لە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافە ڕەواکانی خۆی بێنێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی سابیر شێخ عەبدوڵڵا و دیاکۆ ڕەسوڵ زادە، ئەو دڵنیاییە دەدا کە خەبات دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و تێکۆشان بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەری ئازادی و مافە ڕەواکانی گەلی کورد هەتا سەرکەوتن و دەستەبەری ئەو مافانە درێژەی هەیە. لەو پێناوەشدا ئێعدامی ڕۆڵەکانمان، تێرۆری تێکۆشەرانمان و سەرکوت و هێرش و پەلامار بۆ سەرمان لە بڕینی ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهینانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ساردمان ناکاتەوە.

ڕیسوایی بۆ دەسەڵاتی نگریس و دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ (٢٠٢٠/٧/١٤)**





برایم چووکەڵی

له «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارە یادی تێکۆشەرێکی ناوچەی بۆکان، شەهید ڕەحمان ئیبراهیمپوور (ناسراو بە ڕەحمان بوڵدزێر) دەکەین کە لە تەمەنێکی زۆر کەمەوە ڕێگای خەباتێکی پڕ مەترسیی گرتە بەر و لە پێناو گەیشتن بە ئاواتەکانیدا کوێرەوەریی زۆری دی.

ڕەحمان بولدزێر ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە ئاوایی «برایمئاباد» لە ناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لە بنەماڵەیەکی جووتیاردا لەدایک بوو. تەمەنی منداڵیی بە هەژاری تێپەڕی و پاشان بەهۆی نەداری و دەستکورتیی ماڵەکەیان بۆ «قەڵای‌هۆلاکۆ» گواستەوە. هەژاری و بێدەرەتانی کاری خۆی کرد و ڕەحمان دوای ساڵێک خوێندن لە قوتابخانە کشایەوە و سەرئەنجام بە نەخوێندەواری مایەوە.

ناوبراو مێرمنداڵێکی تازەپێگەیشتوو بوو کە فێری شۆفێریی بوڵدزێر بوو، شەو و ڕۆژ لە چیا سەختەکان بۆ پەیداکردنی خەرجی ژیانی نەمر نەژی کاری دەکرد، هەر ئەوەش بوو کە دواتر لە پێشمەرگایەتی نازناوی ڕەحمان «بۆلدزیر»ی لەسەر دانرا، بەم شێوەیە تا شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی درێژەی بەکارکردن لەسەر «بولدوزێر»دا. دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و دەست پێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات پێوەندی بە حیزبەوە گرت‌و ئەو ژیانە پڕ لە مەینەت و کوێرەوەرییە و تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئاوایی نشینە چەوساوەکان بۆتە هۆی ئەوە کە لە تەمەنی لاوەتی‌دا هەست بە چەوسانەوە بکاو تامی تاڵی بندەستی بچێژێ. دوای ئاشنا بوون لەگەڵ ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ڕووی کردە ڕیزەکانی حیزب و بە لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە هێزی بەیان سازمان دراو تێکۆشانی خەباتکارانەی خۆی دەست پێ کرد.

ڕەحمان بولدزێر لەماوەیەکی کورت خۆی نیشان داو وەک پێشمەرگەیەکی ڕۆح سووک‌و ئازاو نەترس‌و خاوەن بیروباوەڕ لە نێو هاوسەنگەرانی‌دا دەناسرا. لەهەموو شەڕەکانی ناوچەی بۆکان ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. بەهۆی ئازایەتی و لێوەشاوەیی لە ساڵی ١٣٦٠دا وەک سەرپەل دیاری کرا.

لە سەرەتای ساڵی ٦٢دا وەک جێگری لکی ٣، پاشان مەسئوولییەتی لکی پێ سپێردرا. لەبەڕێوەبردنی مەسئولییەتەکاندا ئەوپەڕی فیداکاریی لەخۆی نیشان دەدا. دڵسۆزی و فیداکاری و ڕێکوپێک بوونی بوە هۆی ئەوە لەنێو هاوسەنگەرانی‌دا زیاتر خۆشەویست بێ. لەم مەسئوولییەتەشدا سەربڵیند و ڕووسوور و سەرکەوتوو هاتە دەر. لە عەمەلیاتەکانی ناوچەی بۆکان فیداکاریی لە خۆی نیشان دا و سەلماندی کە لە هەموو شوێنێک دژی زۆرداران بە ورەیە و ئازایانە بەگژ داگیرکەران دا دەچێتەوە.

ڕەحمان لە ڕیزی خەباتیش دا ماندوو نەناس بوو، و بۆ مەئمووریيەتی حیزبی سەر لە پێناو بوو. لە شەڕە حەماسیەکانی ناوچەی بۆکان لەخۆبردوویی و لێوەشاوەیی لەخۆی نیشان دا. دوژمن هەمیشە لە بەرانبەری‌دا زەبوون بوو. هەموو هاوسەنگەرانی خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێ دەگرت.

شەهید ڕەحمان بۆلدزێر ئەو فەرماندەرە لێهاتوویە لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی مەهاباد و بۆکان‌و هەوشاردا بەشداری چالاکانەی کردو گەلێک شانازی و حەماسەی ناو شاری بۆکان، ستونی ٨٠١ی هەوابوردی شیراز، پایەگای قۆچاغ، شەری شاریکەند، جادەی بۆکان -مەهاباد، بۆکان- میاندواو، بۆکان- سەقز، کورەخانەکانی ساروقامیش لە دەفتەری بیرەوەری‌یەکانی پێشمەرگەدا تۆمار کرد. فەرماندەرێکی لێهاتووو شارەزا، ئینسانێکی تێکۆشەرو هەڵسووڕ بوو، لە شەروبەربەرەکانی ٣ جار لەگەڵ دوژمن بریندار بوو برینەکانی بەتەواوی ساریژ نەدەبوونەوە کە دەگەڕایەوە سەنگەری بەرگری و ئازایانەتر لەپێشوو لە مەیدان‌دا خۆی نیشان دەدا. هیچکات هەستی بە ناهومێدی و دەستە وەستانی نەدەکرد، کەچی مەرگ مەودای پێ‌نەدا کە زیاتر خزمەت بە گەل‌و نیشتمانەکەی بکا.

ئاخری پاییزی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی حەوت پێشمەرگەی لکی ٣ی هێزی بەیان بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزبی بەرەو ئاوایی (قاجر)ی سەر بەناوچەی پیرمحەممەدی بۆکان وەڕێ کەوتن. هێشتا چەند هەنگاوێک بۆ ئاوایی مابوو کە کەوتنە کەمینی دژی گەلی‌یەکان و شەڕێکی گەرم لە نێوانیاندا ڕووی دا. لەو شەڕەدا ڕەحمان بولدزێر بریندار بوو و بە بریندار‌ی تا دوا فیشەک شەڕی کرد. پاشان بە برینداری بۆ ئەوەی خۆ لەجاشە خائینەکان بشارێتەوە لە هاوسەنگەرانی جیا بۆوە. هێزەکانی ڕێژیم شوێن پێی ڕەحمانیان هەڵگرت‌و بە برینداری بەدیلیان گرت. بەو شێوەیە قۆناغێکی تازە لە ژیانی سیاسیی ڕەحمان ئیبراهیم پووردا دەستی پێ‌کرد.

ڕەحمان لە زیندانی بۆکان کەوتە بەر ئازارو ئەشکەنجەیەکی دڕەندانە. زۆریان هەوڵ دا بەچۆکی‌دا بێنن و ئیرادەی پێشمەرگانەی تێک بشکێنن، بەڵام ئەو کە ئیمانی قووڵی بە حیزبەکەی بوو، لێوە ئەمیندارەکانی هەڵنەپچڕی‌و دڵی خۆی کردە گۆڕستانی نهێنی‌یەکانی حیزب. ڕەحمان زیندانی کردە مەیدانی شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمی ئاخوندی‌و لەم بوارەش دا ڕووسوور هاتەدەر و نیشانی‌دا کە بەراستی پێشمەرگەی حیزبەکەیەتی. بە دەیان کەس لە زیندان هاتنە دەر کە باسی ڕەحمانیان دەکرد و دەیان گوت، هەرکات ئەشکەنجەیان دەکرد، هاواری دەکرد من پێشمەرگەی دێموکراتم، هەتا سەر هەر پێشمەرگەم. تەنانەت ڕێژیم قەولی پێدا بۆ یەک وتە لەزار ڕەحمانی بیستبا کە بڵێ «پەشیمانم» ئازادی بکا، کاتێک لە مزگەوتی جامعە بۆکان خەڵک کۆ دەکەنەوە ڕەحمان دەڵێ « بژی پێشمەرگە، من هیچکات پەشیمان نیم». بەڵام ئەو ئامادە نەبوو غرووری پێشمەرگانەی لە ئاستی دوژمن بشکێ بەڵکوو قایمتر وەستاوە. ڕێژیمی دژی گەلی کاتێک زانی کە ناتوانێ بەسەر ئیمانی ڕەحمان دا سەرکەوێ، بڕیاری ئیعدامی ئەوی دا.

سەرەنجام ڕۆژی ٦٤/٦/٩ لە زیندانی میاندواو ئیعدامیان کرد و بەم شێوەیە ژیانی ڕەحمان کۆتایی هات. بەڵام ڕەحمان لە زیندانیش هەر پێشمەرگە بوو. سێ‌جار لە سەنگەر بریندار بوو، بەڵام لە زیندانی ئاخوندی دا هەموو ڕۆژێ جارێک بریندار دەبوو. هێشتا نەیانتوانی بەچۆکی‌دا بێنن. خۆڕاگری ڕەحمانی هێندەی دیکە ئەوی لەلای خەڵک خۆشەیست کرد. بە ئێعدامی ڕەحمان خەڵک ڕەش پۆش بوون‌و سەرەخۆشی‌یان لێک دەکرد. روحی شاد.

# له‌ دیکتاتۆرییه‌وه‌ تا دێموکراسی*

## (سەرچاوەکانی پێویست بۆ هێزی سیاسی)


و: مەنسوور مروەتی

### هێز له‌ کوێیه‌وه‌ دێ؟

بێگومان وەدەست هێنانی ئازادی لە ڕێگای ئاشتیەوە کارێکی ئاسان نییە و گەیشتن بەم مەبەستە شارەزاییەکی زۆری ستراتیژیک و ڕێکخستن و پلاندانانی دەوێ. هاوکات گەیشتن بە ئازادی پێویستیی بە هێزیش هەیە. دێموکراتەکان بەبێ کەلک وەرگرتن لە هێزی شوێندانەری خۆیان ناتوانن هیوایان بە هێنانەخوارەوەی دیکتاتۆر و وەدەستهێنانی ئازادیی سیاسی بێ. بەڵام ئەم کارە چۆن دەکرێ؟ دێموکراتەکان توانایی ئامادەکردن و ڕێکخستنی چ هێزێکیان هەیە کە بتوانێ دیکتاتۆرەکان بە هەموو هێزی سەربازیی و پۆلیسییانەوە لە ناو ببا؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە تێگەیشتن لە چەمکی هێزی سیاسیدا شاردراوەتەوە. تێگەییشتن لەم بابەتە کارێکی قورس نییە. هەندێ ڕاستی هەیە بنەڕتی و زۆریش سادەن.

### چیرۆکی ئەربابی مەیموونەکان

چیرۆکێکی چینی هەیە هی سەدەی چوارە. ئەم چیرۆکە ساکارە زۆر بەباشی چەمکی پشتگوێ‌خراوی هێزی سیاسیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

لە پارێزگای "چوو" پیرەپیاوێک چەند مەیموونێکی خستبووە خزمەتی خۆیەوە و لەو ڕێگایەوە دەیگوزەراند. خەڵکی ئەو پارێزگایە پێیان دەگوت "جوو کۆنگ"، یانێ ئەربابی مەیموونەکان.

ئەو پیرەپیاوە هەموو ڕۆژێک مەیموونەکانی لە حەساری ماڵەکەی ڕیز دەکرد و فەرمانی بە گەورەکەیان دەکرد کە بۆ کۆکردنەوەی میوە مەیموونەکان ببات بۆ باخەکان. قانوون ئەوە بوو کە هەر کام لە مەیموونەکان دەبێ یەک لە دەی ئەو میوەیەی کۆی دەکاتەوە بداتە پیرەمێردەکە. جا هەر کەسیش سەرپێچیی کردبا زۆر بێ‌بەزەییانە دارکارییان دەکرد. هەموو مەیموونەکان ژیانیان تاڵ بوو بەڵام کەس نەیدەوێرا مرتەقی لێوە بێ.

ڕۆژێکیان بەچکەمەیموونێک لە مەیموونەکانی پرسی: ئەرێ ئەو پیرەمێردە ئەم داورەختانەی چاندوە؟ مەیموونەکان گوتیان نا! ئەمانە لە نێو سروشتدا ڕوواون. بێچووەمەیموونە پرسی: ئەدێ ئێمە بەبێ ئیزنی ئەو پیاوە دەتوانین بۆ خۆمان میوە بڕنین؟ مەیموونەکان گوتیان، ئا بۆ ناتوانین. بەچکەمەیموونە گوتی باشە ئەگەر وایە ئیتر بۆچی ئێمە خۆمان بەم پیرەمێردە ببەستینەوە و خزمەتی بکەین؟ بەرلەوەی بێچووە مەیموونەکە قسەکانی تەواو بکا ، مەیموونەکان لە پڕ ڕاچەنیبوون و وشیار ببوونەوە.

هەر ئەوشەوە دوای ئەوەی پیرەمێردکە خەوت، مەیموونەکان تۆڕ و پەرژینی حەسارەکەیان تێک دا و خۆیان ڕزگار کرد، ئەوان تەنانەت میوەکانی نێو ئەنبارەکەشیان لە گەڵ خۆیان برد بەرەو نێو دارستانەکان و ئیتر نەگەڕانەوە. لە کۆتاییشدا پیرەمێردەکە لە برسان مرد.

"یوو لی زی" دەڵێ: هەندێ لە مرۆڤەکان بە فێڵ و تەڵەکە بە سەر خەڵکدا حوکم دەکەن نەک بە قانوونێکی دادپەروەرانە. ئایا ئەم کەسانە وەکوو خاوەنی مەیموونەکان نین؟ ئەم کەسانە ئاگایان لە نەزانیی خۆیان نییە، بۆیە هەر کە خەڵکەکە وریا بوونەوە ئیتر فێڵ و تەڵەکەی ئەوان دادیان نادا.

### سەرچاوەکانی پێویست بۆ هێزی سیاسی

ئەسڵی بابەتەکە سادەیە. دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە هاوکاریی ئەو خەڵکەیە کە بەسەریاندا حوکم دەکەن. هاوکارییەک کە بەبێ ئەوە ناتوانن سەرچاوەکانی دەسەڵاتی خۆیان دابین بکەن و ڕاشیگرن.

سەرچاوەکانی هێزی سیاسی لەمانەی خوارەوە پێک دێ:

**ڕەوایی**، بریتیە لە باوەڕێکی گشتی لە نێو خەڵکدا بەوەی کە دەسەڵات قانوونییە و ئەوان پابەندن بەوەی کە دەبێ گوێڕایەڵی بن.

**سەرچاوە مرۆییەکان**، بریتیە لە ڕێژە و گرینگیی ئەو کەس و گرووپانەی کە گوێڕایەڵی دەسەڵاتن و هاوکارییان لەگەڵدا دەکەن.

**زانست و شارەزایی**، ئەمە بۆ دەسەڵات و بە تایبەتی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانیان پێویستە و لە لایەن گرووپ و کەسانی یارمەتیدەرەوە دابین دەکرێ.

**فاکتەرە غەیرە عەینییەکان**، ئەمە ئەو فاکتەرە ڕەوانی و ئیدئۆلۆژیکانە دەگرێتەوە کە خەڵک وا لێ دەکا گوێڕایەڵی دەسەڵات بن و یارمەتییان بدەن.

**سەرچاوە مادییەکان**، ئەو ڕێژیە لە سامان و سەرچاوە سروشتیەکان و سەرچاوە داراییەکان و سیستمی ئابووری و کەرەسەکانی پەیوەندی و بارکردن و ڕاگواستن دەگرێتەوە کە دەسەڵاتداران دەستیان پێی ڕادەگا و کەڵکی لێ وەردەگرن.

**تاوان و سزاکان**، سزادان یا هەڕەشەی سزادانی ئەو کەسانەی کە خۆیان لە هاوکاری و یارمەتیی ڕژیم دەبوێرن، بەمەبەستی دڵنیا بوون لە گوێڕایەڵی و هاوکاریی ئەوان کە بۆ ڕاگرتنی ڕێژیمەکەیان و جێبەجێ کردنی سیاسەتەکانیان پێویستە.

بەهەرحاڵ هەموو ئەم سەرچاوانە پێوەندیی بە قبووڵ کردنی ڕێژیم لە لایەن خەڵک و گوێڕایەڵی و هاوکاریی ئەوان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ڕێژیمە. هیچ زەمانەتێکیش بۆ بەردەوامیی ئەو سەرچاوانە نییە.

هاوکاریی تەواو و گوێڕایەڵی و پشتیوانیی خەڵک دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتداران زیاتر دەستیان بە سەرچاوەکانی هێز و دەسەڵات ڕابگا و لە ئاکامدا هێزی دەوڵەت زیاد دەکا.

لە بەرانبەردا وەرگرتنەوەی هاوکاریی خەڵک و ڕێکخراوەکان لە دیکتاتۆرەکان -کە بۆ مانەوەی خۆیان پشتی پێ دەبەستن- دەسپڕاگەیشتنی ئەوان بە هێزی سیاسی کەم دەکاتەوە یان لە ناوی دەبا. بەبێ دەستپێڕاگەییشتن بەو سەرچاوانە، هێزی دیکتاتۆر کەم دەبێتەوە و لە کۆتاییدا لەبەین دەچێ.

ئاساییە کە دیکتاتۆرەکان لە بەرانبەر ئەو چالاکی و بیروباوەڕانەی کە بە هەڕەشە بۆ سەر خۆیانی دەبینن هەستیارن، هەر بۆیە سزای ئەو کەسانە دەدەن کە نافەرمانی دەکەن، مان دەگرن یا خۆ لە هاوکاری دەبوێرن. بەڵام ئەمە کۆتایی باسەکە نییە. بەڵکوو ئیتر سەرکوت و دڕندەیی نابێتە هۆی گوێڕایەڵ بوون و هاوکاریی ڕێژیم بۆ مانەوەیان لە دەسەڵات.

ئەگەر سەرەڕای سەرکوتەکان، بکرێ بۆ ماوەیەکی باش سەرچاوەکانی دەسەڵات بەرتەسک بکرێنەوە یان تەنانەت بیبڕن، یەکەم شت ئەوەیە ڕەنگە ببێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکی لە نێو ڕژیمی دیکتاتۆردا. ئەم کارە بە لاوازبوونی دەسەڵاتی دیکتاتۆر درێژەی دەبێ.

بەردەوامیی ئەم ڕەوتە و پێشگرتن لە دەستپێڕاگەییشتنی دیکتاتۆر بە سەرچاوەکانی هێزودەسەڵات دەبێتە هۆی بێتوانایی و ئیفلیجیی ڕێژیم و لەوەش زیاتر دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕێژیم. هێزی دیکتاتۆر درەنگ یان زوو لە بەرانبەر ئەو دۆخەدا خۆی ناگرێ و بە چۆکدا دێ.

بە پێچەوانەی باوەڕی گشتیی خەڵک، تەنانەت پاوانخوازترین دیکتاتۆرەکانیش بەو خەڵکەوە بەسراونەتەوە کە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکەن. هەروا کە زانای سیاسی کاڕل دەبلیوو دووچ لە ساڵی ١٩٥٣دا گوتوویە:

دەسەڵاتی پاوانخواز تەنیا تا ئەوکاتە بەهێزە کە زۆر کەڵکی لێ وەرنەگیرێ. ئەگەر بڕیار بێ دەسەڵاتی پاوانخواز بەتەما بێ بە شێوەی هەمیشەیی بەسەر خەڵکەکەیدا حوکم بکا، ئەگەری زۆر کەمە بتوانێ ماوەیەکی زۆر بەهێز بمێنێتەوە. لەو ڕووەوە کە حکوومەتە پاوانخوازەکان لە چاو حکوومەتەکانی دیکە لە پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکدا زیاتر پێویستیان بە زۆر هەیە، کەوایە پێویستیان بە جێگەوپێگەی زیاتر و پشتیوانیی بەربڵاوتری خەڵک هەیە. جگە لەوانە دیکتاتۆرەکان دەبێ بتوانن لە کاتی پێویستدا پشت بە پشتیوانیی چالاکانەی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگە ببەستن.

"جان ئاوستین" تیۆریسیەنی ناوداری سەدەی ١٩ی بریتانیا، بارودۆخی ئەو دیکتاتۆرەی کە خەڵکەکەی خۆشیان ناوێ، ئاوا باس دەکا: " ئەگەر زۆرینەی خەڵک بڕیار بدەن کە حکوومەت بڕووخێنن و لەم ڕێگایەشدا خۆیان بۆ سەرکوتەکان حازر بکەن، تازە هەوڵ و تەقەللای حکوومەت و ئەو کەسانەی بەرگریی لێ‌دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەش یارمەتی وەربگرن، هیچ سوودێکی نابێ." ئاوستین لە کۆتاییدا دەڵێ، ناکرێ بە زۆر خەڵکی خەباتکار بۆ هەمیشە گوێڕایەڵی خۆت بکەی.

"ماکیاوەلی"یش زۆر پێشتر لەمانە لەم قسانەی کردوە کە: شازادە "ی" کە خەڵکەکەی لێ بووەتە دوژمن، ناتوانێ خۆی بپارێزێ و هەرچەندە ستەمی زیاتریش بکا ڕێژیمەکەی لاوازتر دەبێ.

دەکرێ نموونەی بەرچاوی ئەم ڕوانگەیە لە خۆپیشاندانەکانی نوروێژییە قارەمانەکان لە بەرانبەر داگیرکاریی نازییەکان و خەباتی ڕۆڵە ئازاکانی لەهستانی، ئاڵمانییەکان، چێکەکان، سلۆواکەکان و خەباتی گەلانی دیکە کە بەدژی دیکتاتۆریی کۆمۆنیستەکان شەڕیان کرد و لە کۆتاییدا کۆمۆنیزمیان لە ئورووپادا بەزاند، ببینرێ.

دیارە بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتە دیاردەیەکی تازە نییە. هەندێ بەرنگاری و مقاومەتی ناتوندوتیژ، لانیکەم بۆ ٤٩٥ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە خەڵک هاوکاری و یارمەتیی خۆیان لە ئاغاکانی ڕوومی بڕی. خەباتی ناتوندوتیژ جگە لە ئورووپا زۆر جاران لە لایەن خەڵکی ئاسیا، ئافریقا، ئامریکا و ئوستراليا و دوورگەکانی پاسیفیک کەڵکی لێ وەرگیراوە.

### ناوەندەکانی هێزی دێموکراتیک

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە دێموکراتیکەکان بوونی گرووپ و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی سەربەخۆ و نەبەستراوە بە دەوڵەتە. ئەم گرووپ و ڕێکخراوانە بۆ وێنە بریتین لە: بنەماڵەکان، ڕێکخراوە ئایینیەکان، ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان، یانە وەرزشییەکان، ڕێکخراوە ئابوورییەکان، یەکیەتییە بازرگانییەکان، ئەنجومەنەکانی قوتابیان و خوێندکاران، حیزبە سیاسییەکان، دانیشتووانی گوندێک، ئەنجومەنی دراوسێیەکان، یانەکانی باخەوانی، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ، گرووپەکانی مووسیقا، ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و زۆر ڕێکخراو و دەستەی دیکە. ئەم ڕێکخراوانە هەروا کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیان تێدەکۆشن، ڕۆڵێکی زۆر گرینگیشیان لە وڵامدانەوە بە ویستەکانی کۆمەڵگە لە ئەستۆیە.

جگە لەوە ئەم ڕێکخراوانە خاوەنی مانا و مەفهوومی سیاسیی زۆر گرینگن. ئەمانە زەمینە خۆش دەکەن کە لەو ڕێگایەوە خەڵک بتوانن لە ئاراستەکردن و بردنە پێشی کۆمەڵگەی خۆیاندا شوێندانەر بن و لە بەرانبەر دەوڵەت و گرووپەکانی دیکەدا _ بەتایبەت ئەو کاتەی کە هەست بە نادادپەروەری و سەرپێچی لە بەرانبەر دواکارییەکانیاندا بکەن_ بەرگری بکەن.

تاکەکەسەکان کە ئەندامی هیچ کام لەو گرووپانە نین ناتوانن بە تاقی تەنیا فشارێکی وا بخەنە سەرکۆمەڵگە یان لەوە کەمتر بۆ سەر دەوڵەت، وە بە دڵنیاییەوە ناتوانن هیچ گوشارێک بخەنە سەر دیکتاتۆر.

دەرهاویشتەی ئەم باسە ئەوەیە کە ئەگەر دیکتاتۆر بتوانێ ئازادی و سەربەخۆیی ڕێکخراوە سەربەخۆکان زەوت بکا، خەڵک تا ڕادەیەک بێهێز و دەستەوەستان دەبن. هەروەها ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە بە شێوەی دیکتاتۆرانە لە لایەن ڕژیمی ناوەندییەوە بەڕێوە ببرێن یان لە لایەن ڕێکخراوە نوێیەکانەوە کۆنترۆڵ بکرێن و جێیان بگیرێتەوە، دەتوانن ببنە هۆکارێک کە خەڵک بهێننە ژێر ڕکێفی ڕێژیم.

ئەم ڕێکخراوە مەدەنییانە ئەگەر بتوانن ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بێنن، دەتوانن لە خەباتی سیاسیدا ببنە فاکتەرێکی زۆر گرینگ. خاڵی هاوبەشی هەموو ئەو نموونانەی کە بۆ ڕووخان یان لاوازکردنی دیکتاتۆر لەم کتێبەدا باس کرا، بریتییە لە بەشداریی بەربڵاو و بوێرانەی خەڵک و ڕێکخراوەکانی ئەوان لە خەباتی سیاسیدا.

هەروا کە باس کرا ئەم ناوەندانە بنەما و بناغەی ڕێکخراوەگەلێک پێک دێنن کە خەڵک دەتوانن لە ڕێگای ئەوانەوە فشار بۆ دیکتاتۆر بێنن و بەرنگاری ببنەوە. لە داهاتووشدا ئەم ڕێکخراوانە دەبنە بەشێک لە سیستمی کۆمەڵگەیەکی ئازاد. هەر بۆیە سەربەخۆیی و گەشەی بەردەوامیی ئەمانە پێشمەرجی سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازەکانە. ئەگەر دیکتاتۆری بتوانێ بەڕادەیەکی بەربڵاو ئەم ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییانە لە بەین ببا یان کۆنترۆڵیان بکا، بۆ هێزە خەباتکارەکان زۆر گرینگە کە ڕێکخراوەی نوێ پێک بێنن یا دەسەڵاتی دێموکراتیک بۆ ڕێکخراوەکە بگەڕێننەوە. لە کاتی شۆڕشی مەجارستاندا لە ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧دا شوڕایەکی زۆری دێموکراتی لە ناوچە جیاجیاکانی ئەوێ ڕاستەوخۆ سەریان هەڵدا، تەنانەت بۆ چەند هەفتەیەک پێکەوە توانییان سیستمێکی حکوومەتیی یەکگرتوو پێک بێنن.

لە دەیەی ٨٠ لە لەهستانیش کرێکارەکان چەند یەکیەتییەکی نایاساییان پێک هێنا کە هەندێ جار تەنانەت توانییان یەکیەتییە ڕەسمییە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. ئەم جۆرە گەشەکردنەی ڕێکخراوەکان دەتوانێ دەسکەوتی سیاسیی گرینگی لێ بکەوێتەوە.

بێ گومان هیچکام لەم قسانە بەو مانایە نییە کە لاوازکردن و بەزاندنی دیکتاتۆرەکان کارێکی ئاسانە، هەروەها نابێ پێشمان وابێ کە هەموو هەوڵەکان لە سەرکەوتنەوە نزیکن. بە دڵنیاییەوە ئەم قسانە بەم مانایە نییە کە خەباتی سیاسی هیچ خەسارێکی نابێ چونکە ئەوانەی کە هێشتا لە خزمەتی دیکتاتۆرەکاندان لەوانەیە بۆ مەجبوور کردنی خەڵک بە هاوکاری و گوێڕایەڵی، هەموو هەوڵ و تەقەللایەک بکەن.

ڕوانگەی سەرەوە لە سەر هێز و دەسەڵات پێمان دەڵێ کە لێکهەڵوەشان و لێکهەڵتەکانی دیکتاتۆرەکان کارێکی کردەنییە.

دیکتاتۆرەکان بەتایبەتی هەندێ تایبەتمەندیی خۆیان هەیە کە لەبەرانبەر خەباتی سیاسیی شارەزایانەدا زۆر خەسار هەڵگریان دەکا.

لەبەشەکانی داهاتوودا بەوردی لە سەر ئەو تایبەتمەندییانە قسە دەکەین.

***

* جین شارپ

# سزایەکی قورس لە وەڵامی مافێکی بنەڕەتیدا

## (سەپاندنی سزای دە ساڵ زیندان بۆ وانەبێژێکی زمان تاوانێکی گەورە و دەمەلاسکەیەکی گاڵتەجارە بە مافی مرۆڤ)




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنیی کورد!**
**ناوەند و ڕێکخراوە جیهانی و نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ!**

دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەر "زارا محەممەدی"، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنەدا سەپاندوە. زارا محەممەدی لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و مەدەنیدا کاری لەسەر پرسی زمان دەکرد و یەکێک لە مامۆستایانی فێرگەی زمانی کوردی لە ناوچەی سنەیە کە گرینگیدان بە زمانی دایک و خزمەت کردن بە زمانی دایک لە ڕێگەی فێرکردنی فێرخوازانەوەی بۆ بە تاوان نووسراوە و لەو سۆنگەیەوە سزای ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپاوە.

ئەو چالاکە مەدەنییە کە بەرپرسی "نۆژین"، ڕێکخراوێکی ڕێگەپێدراوی فەرهەنگی لە پارێزگای سنەیە، تۆمەتی دروستکراوی پێکهێنانی دەستە و گرووپ بەدژی کۆماری ئیسلامیی دراوەتە پاڵ، کە بەڕێوەبەریی ئەم ڕێکخراوەیە و لە ڕاگەیەندراوی ڕەسمیی خۆیدا هەموو ئەو تۆمەتانەیان ڕەت کردۆتەوە.

ئەم سزا قورسەی بەسەر "زارا محەممەدی"دا سەپاوە تەعبیر لە سیاسەتی هەمیشەیی کۆماری ئیسلامی لە سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی شوناس‌ویستی کورد دەکا کە ئەم ڕێژیمە لە چوار دەیەی تەمەنیدا هەموو کاتێک گرتوویەتە بەر. مەبەست لەو سیاسەتەش بردنەسەرێی تێچووی هەڵسووڕانی سیاسی و مەدەنی و شوناسخوازی بۆ چالاکانی ئەم بوارە و ترساندن و تۆقاندنی کۆمەڵگەیە، سیاسەتێک کە سەرەڕای تێچووی زۆری بۆ کۆمەڵگەی کوردی بەڵام قازانجێکی بۆ ڕێژیم نەبووە.

ئەم بڕیارەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی هاوکات ناتەبایی لەگەڵ قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیش هەیە کە بەپێی ئەو فێرکردنی زمانی دایک نەک تاوان نییە، بەڵکوو هەم وەک ماف بەڕەسمی ناسراوە و هەم دەوڵەت ئەرکدار کراوە لە پێناو وەدیهاتنی ئەو مافەدا؛ کە دیارە لە هەموو ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا ئەو مافە لە نەتەوە نافارسەکان زەوت کراوە و حکوومەت و دەوڵەتیش بەهۆی ڕوانگەی ئەمنیەتییان بۆ ئەم پرسە هیچ پلان و بەرنامەیەکیان بۆ جێبەجێکردنی ئەم نەبووە.

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و هەرکام لە نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە زمان و شوناسی جیاوازی خۆیانیان هەیە. هەموو یاسا نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤیش ئەو مافەی بە مرۆڤەکان داوە بەبێ جیاوازیی ڕەگەز و پێست و ئایین و نەتەوە، بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و کولتوور و زمانی خۆیان بپارێزن و پەرەی پێبدەن. ئەو مافە لە جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانییەکان، جاڕنامەی زمانی دایکیی یوونسکۆ، کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی منداڵان و، پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتوە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەلایەک هەموو ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانەی ئیمزا کردوە و لە لایەکی دی لە قانوونی بنەڕەتیی خۆیشیدا دانی پێدا نراوە؛ بەڵام لە بەشی کردەنیدا نەک خۆی لە هەموو ئەو بەرپرسایەتییانە دزیوەتەوە؛ بەڵکوو ئەو مافەی بە مەترسییەک بۆ سەر ئەمنیەتی خۆی زانیوە و چالاکانی ئەم بوارەشی بە دژبەری خۆی سەیر کردوە.

چالاکانی مەدەنیی وەک "زارا محەممەدی" داژدار و پارێزەی زمان و شوناسی نەتەوەیەکی حاشالێکراون. ئەوان ئەرک و ڕیسالەتێکیان خستۆتە سەرشانیان کە لە بنەڕەتدا ئەرکی دەوڵەت و دامودەزگا حکوومەتییەکانە. بەڵام لەبەر دژی‌گەلی بوونی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە ڕۆڵە ئازا و بوێر و مافویستەکانی نەتەوەی کوردن کە خەم لەو پرسە گرینگەی شۆناس دەخۆن و لەپێناو ئەو ئەرکە پیرۆز و مافە ڕەوایەشدا تێچووی قورسی بۆ دەدەن.

وەدەنگ هاتن لەسەر زارا محەممەدی ئەرکێکی ئەخلاقی و لە هەمان کاتدا بەرپرسایەتییەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە. کۆمیتەی فەرهەنگیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەم بڕیارەی دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکا و بە نیشانەی ترس و زەبوونیی ڕێژیم لە ئاست بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کوردی دادەنێ. هاوکات داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە دەکا لەپشت زارا محەممەدی بوەستن و خاوەنداریێتیی لێ بکەن و ئەم داکۆکییە بە ئەرکی مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆیانی بزانن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**کومیتەی زمانی دایک**
**٢٧ی پووشپەڕی ١٣٩٩**
**(١٧ی جولای ٢٠٢٠)**

---

# دووهەمین کۆنگرەی "یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد"

ڕۆژی سێشەممە، ١٧ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، دووهەمین کۆنگرەی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بە دروشمی «خوێندکاری ڕزگاری‌خواز و پێکهاتەشکێنی کورد، گیانی شۆڕشگێڕی بە خەباتی مەدەنی دەبەخشێ» بەڕێوە چوو.

کۆنگرە، بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و چەند ساتێک بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێ‌کرد.

پاشان بەڕێز «ڕەحمان سەلیمی»، سکرتێری یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد پەیامی کرانەوەی کۆنگرەی دووهەمی یەکیەتیی خوێندکارانی کوردی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

بەڕێز سەلیمی وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان، ئاماژەیەکی کورتی بە بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردی و دەسکەوتەکانی کرد.

دواتر بەڕێز «مستەفا مەولوودی»، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامی پیرۆزبایی خۆی پێشکەشی بەشداربووانی کۆنگرە کرد.

بەڕێزیان بە ناوهێنانی شەهید دوکتور قاسملوو –لە هەر کام لە قۆناغەکانی ژیانیدا– وەک تێکۆشەر، لاو، خوێندکار و ڕێبەر، گوتی: «خوێندکارانی کورد بۆ سەرکەوتن و وەدیهاتنی ئامانج و دروشمەکانیان دەبێ لە زۆر خاڵ و تایبەتمەندیی شەهید دوکتور قاسملوو ئیلهام وەرگرن.»

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمی کردنەوەی کۆنگرەدا، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە لایەن کاک «حەسەن شێخانی»، ڕێکخەری کاروباری ڕێکخراوە دێموکراتیکەکان پێشکەش کرا و دواتر پەیامی پیرۆزبایی «یەکیەتیی قوتابییانی کوردستان» لە لایەن هاوڕێ «هانا ناسری» و پەیامی پیرۆزبایی «یەکیەتیی گشتیی قوتابییانی کوردستان» لە لایەن هاوڕێ «کاروان مستەفاپوور»ەوە خوێندرایەوە.

دوای کۆتایی هاتنی جەلەسەی کرانەوەی کۆنگرە، کورتەیەک لە ڕاپۆرتی دەستەی بەڕێوەبەریی «یەکیەتیی نەتەوەی خوێندکارانی کورد» لە لایەن ڕەحمان سەلیمی، سکرتێری ڕێکخراو پێشکەش بە کۆنگرە کرا. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاوڕێکی کورت درابۆوە سەر مێژووی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و هەروەها جەخت لەسەر ئۆرگانیزەکردنی ئاکسیۆنە خوێندکارییەکان کرابۆوە. لە کۆتاییشدا کۆمەڵێک ئامانجی پێشنیاری بۆ ڕێکخراوەکە خرایە بەردەم نوێنەرانی کۆنگرە.

ڕاپۆرتی دەستەی بەڕێوەبەری، پاش وەرگرتنی ڕا و سەرنجی کۆنگرە و گونجاندنی کۆمەڵێک لە پێشنیارەکان، لە لایەن کۆنگرەوە پەسەند کرا.

پێداچوونەوە بە بەرنامە و پێڕەوی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بڕگەیەکی تری کۆنگرە بوو، کە لەو بڕگەیەدا گۆڕانکارییە پێشنیارییەکانی بەرنامە و پێڕەو کە لە لایەن هاوڕێ «پێژمان قوبادی»یەوە، پێشکەش کرا و دوای بەشداریی چالاکانەی نوێنەرانی کۆنگرە و وەرگرتنی ڕاو تێبینییەکان، دەنگی بۆ وەرگیراو پەسەند کرا.

بڕگەی دواتری کۆنگرە، بڕیارنامەی پێشنیاریی دەستەی بەڕێوەبەری بوو کە لە لایەن هاوڕێ «شەهین بایەزیدپوور»ەوە لە کۆمەڵێک خاڵدا خرایە بەردەم کۆنگرە و، پاش ڕاگۆڕینەوە و وەرگرتنی پێشنیاری بەشدارانی کۆنگرە، بە پەسەند گەیشت.

بڕگەی کۆتایی کۆنگرە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەریی نوێی «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» بوو، کە دوای کرانەوەی دەرگای خۆ کاندید کردن بۆ بەشداربووان، پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە چوو. لەو بڕگەیەدا ژمارەیەک لە نوێنەرانی کۆنگرە وەک دەستەی بەڕێوەبەریی نوێ هەڵبژێردران.

دەستەی بەڕێوەبەریی نوێی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا هاوڕێ «پژمان قوبادی»ی وەک سکرتێری «یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد» هەڵبژارد.







---

وانەکانی مافی مرۆڤ
(١١)

# خواستی دادپەروەری لەهەمبەر مافی مرۆڤ


شارۆخ حەسەنزادە

**دادپەروەریی دابەشکارانە**

گریمانە ئەوەیە کە تاکی ئاوەزمەند دەخوازێ بە ئامانجەکانی خۆی شاد بێ و بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە کەڵک لە باشترین کەرەسە وەربگرێ. بە لایەکەی تردا ڕەوشی زاڵ بەسەر ئەم دۆخە جۆرێکە کە تاکەکان هیچ ڕێگە چارەیەکیان جگە لە پاراستی ئینساف نییە، چوونکە لە پشت پەردەی نەزانینەوەن و ئاگایان لە دوارۆژ و بەرژەوەندی خۆیانەوە نییە.

بەپێی ڕەوشی یەکەم کە بنەمایەکی تێدا دەستنیشان دەکرێ، دەتوانین ڕزامەندی و نەبوونی ڕزامەندیی خۆت ڕێک دەگەڵ مەرجی وەرگرتنی ڕەوشی یەکەم ڕابگەیەنین. ئەم کەسانە ئاکارین، واتە بە ئینسافن و تەماح دە یەکتر ناکەن و باشترین کەرەسە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەکار دێنن. ئەو ڕێککەوتنەی لەم ڕەوشەدا وەدەست دێ، دادپەروەرانەیە. لەم دۆخەدا، تاکی ئاوەزمەند ڕێگەچارەیەکی تر جگە لە ڕێککەوتن لەسەر بنەمای دادپەروەری کە پێشتر شرۆڤەمان کردوە، نییە. چونکە لە ڕێگەی ڕێککەوتن لەسەر ئەم دوو بنەمایەیە کە لە دژوارترین دۆخدا، بەرگری دەکا.

**خواستی دادپەروەری لەهەمبەر مافی مرۆڤ:**

مرۆڤی ژیر و ئاگا لە ڕەوشی یەکەمین، لە سنووری مافمەندی سیاسی-سڤیل لەسەر دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و ئازادیی تاکەکەسی لە بەستێنی مافی ئابووری-کۆمەڵایەتی، بۆ دابینکردنی ژیانی مرۆڤ بۆ هەمووڵایەک ڕێک دەکەوێ. لە ڕاستیدا بابەتی سەرەکیی یەکەم و دووهەمی دادپەروەری بێجگە لە پاراستنی ئەم دوو مافە نییە. بەڵام لە پێوەندی دەگەڵ پێوەندیی ئەم دوو مافە لەتەک مافی مرۆڤ دەتوانین بڵێین کە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئازادیی تاکەکەسی دەتوانێ سەرجەم مافی مەدەنی-سیاسیی باسکراو لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێ.

لە ڕەوشی یەکەمین لە پشت پەردەی نەزانی بە پێویستی ڕێککەوتنێکی گریمانەیی سنووردار کردنی لە ڕادەبەدەری ئازادییەکانە. کەوابوو سیستەمی دادپەروەرانە ئەو شێوازەیە کە لانیکەمی ئیمکانی ئازادییەکان و مافی سەرەکیی مەدەنی-سیاسی دەدرێتە شارۆمەندان. ماف و ئازادیگەلی وەک ئازادیی بەیان، ڕادەبڕین، بیرکردنەوە، ئازادیی ئایین، ئازادیی گردبوونەوە و ئازادییە کەسییەکانی تر. دابینکردنی ژیانی ئینسان، لەبەرچاوگرتن و بەڕێوەبەریی ئازادی لە بازاری کار، سامان و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی داهات کە کاکڵەی بنەمای دووهەمی دادپەروەرییە. مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و مافی هەبوونی تەندروستی کە هەموو کەسێک دەبێ ئەمانەی هەبن، لەخۆ دەگرێ و لە بەستێنی مافی بەکۆمەڵی ئاشتی، ژینگەی پاک و ژیانی مرۆڤی گەشەکردوو لە کەرەسەی ژیانی کۆمەڵایەتیی سالم دێتە ناسین کە هەموو نەتەوەیەک دەبێ هەیبێ. کەوابوو ئەم مافانە جگە لەوەیکە لە بنەمای دووهەمی دادپەروەری ئاکامگیری دەکرێ، وەک ئەو دەستە لەو خاڵانەی دەتوانین بژمێردرێن کە، مرۆڤەکان ئەگە خۆیان لە ڕەوشی یەکەم دابنێن ڕێکەوتنی لەسەر دەکەن. چونکە لەم ڕەوشەدا خەڵک و گەلانی جیهان ئاگاداری جێگە و پێگەی خۆیان نین. هەربۆیە، هەوڵ دەدەن لەسەر هێندێک بنەما دەگەڵ یەکتر ڕێک بکەون کە بەرژەوەندییەکانیان لە خراپترین حاڵەتیشدا دەپارێزێ. کەوابوو هەرتاکێک و نەتەوەیەک شیمانەی ئەوە دەکا کە ئەگە لە خراپترین دۆخ لە بواری ڕادەی گەشە، ئاسایش و ئاشتی هەڵکەوێ، ڕێککەوتن لەسەر ئەم بنەمایانەی کە باقی خەڵک و گەلانی تری دنیا ئەرکدار دەکا بە بەرهەمهێنانی ئاشتی، گەشەی ئابووری و ژینگەیی بۆ هەمووڵایەک، زۆر ژیرانە و مەعقوڵ دەبێ. بە ئاوایەکی تر لە بەستێنی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە پانتایی مافگەلی وەک مافی ئاشتی و شتی لەم چەشنەیە، پێویستیی ڕێککەوتنی گریمانەیی بۆ دابینکردنی ژیانێکی ساغ و مرۆیی بۆ هەموو ئینسانەکان بێت کە تێیدا ویستی گشت بنیامەکان لە ڕووی خواردن، دەرمان و ساخلەمی. خوێندن، سەرپەنا، ژینگەی خاوێن و بەتاڵ لەم چەشنەیە دابین بکرێن. بەپێی ئەم بنەمایە ئازادییە تاکی و داهات و ئابووری کێبرکێی و ئازاد کە سەرجەم نێوەڕۆکی بنەمای یەکەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتەکان و یاسای بابەتییانە بە مەبەستی دابینکردنی ئامانجی باسکراو، مافی خۆتێوەردان و نەزمی بازاری کار، سامان و بەرهەمهێنانیان هەبێ و لە ڕێگەی ماڵیات بە جۆرێک لە دابەشکاریی سەروەت و سامان بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی و بەرابەریی ژیانی مرۆڤ دەستێوەردان بکا، ئەمە ئەو شتەیە کە دەکرێ ناوی دادپەروەریی دابەشکارانەی لەسەر دابنێین.

بە کورت و بە پوختی ئەوەی لەم بەشانەدا باسمان کردوە، تیۆریی دادپەروەری وەک ئینساف لە ڕاستیدا تیۆرییەکە لە بەستێنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دادپەروەری دابەشکارانە. دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەم تیۆرییەدا پێداگرە لەسەر بەرابەری و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ کە لە چوارچێوەی بناخەی یەکەمی دادپەروەری دەکرێ بەیانی بکەی، دادپەروەریی دابەشکارانە جەخت دەکاتەوە بۆ دابینکردنی ژیانێکی لەبار و ڕێکوپێک بۆ سەرجەم بەشەرییەت کە نێوەڕۆک و مژاری سەرەکیی بنەمای دووهەمی دادپەروەری بوو.

❊❊❊

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:778 21 July 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com


ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com


# بەڕێوەچوونی چەند وێبنارێک لە ٣١ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوودا











حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٣١ ساڵەی تیرۆری د. قاسملوودا چەند وێبینارێکی بۆ ئەندامی حیزب لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە برد.

لەو چەند وێبینارەدا بەڕێزان کاک مستەفا مەلوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب، کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، کا مستەفا شەڵماشی، ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزب و د. سمایل بازیار، تێکۆشەری دێرین و کەسایەتیی دیاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی شەهید د. قاسملوو و کارتێکەریی هزر و ئەندێشەی قاسملوو لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەشداران دوان.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی پووشپەڕ کۆمیتەکانی نۆروێژ و سۆئێدی حیزب سیمینارێکیان بە بەشداریی کاک مستەفا مەولوودی و دوکتور فریدریک تیسۆ بەڕێوە برد.

ڕۆڵی د. قاسملوو لە بووژاندنەوەی حیزبی دێموکرات و کردنی بە ئەکتەری سەرەکیی خەباتی ڕۆژهـەڵات، شیکردنەوەی میراتی مەعنەویی د. قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد و دێموکراسیخوازی لە ئێران هاوکات لەگەڵ نهادینە کردنی پرەنسیپە شۆڕشگێرییەکان لە خەباتی کورد چەند تەوەری سەرەکیی باسەکەی کاک مستەفا مەلوودی بوون.

لە بەشێکی دیکەی ئەم وێبنارەدا د. فریدریک تیسۆ ، هاوڕێی نیزیکت د. قاسملوو و سەرکۆنسولی پێشووی فەڕانسە لە هەرێمی کوردستان باسێکی لەسەر کەسایەتی و ڕۆڵی بنەڕەتیی دوکتور قاسملوو لە ناساندنی پرسی کورد بۆ کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان کرد.

هەر ئەم ڕۆژە د. سمایل بازیار لە وێبنارێکدا بە بەشداریی دەیان ئەندامی کومیتەکانی ئوستراليا، کانادا و ئەمریکا باسێکی لەسەر ڕۆڵی د. قاسملوو لە حیزبی دێموکرات لە سێ تـەوەری «ڕۆڵـی شەهید دوکتور قاسملوو لە جیا کردنەوەی تەشکیلات و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە حیزبی تـوودە»، «سـەرەکی کردنی خەباتی نەتەوەیی لە بەرنامـەی تێکۆشانی حیزبی دێـمـوکـرات» و «سۆسیالیزمی دێموکراتیک»دا پێشکێش کرد.

هەر هەمان ڕۆژ کاک کەماڵ کەریمی لە وێبنارێکدا لەگەڵ کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتانی دانمارک و فینلاند باسێکی پێشکێش کرد لەژێر نـاوی «ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملوو و، کاریگەریی کەسایەتیی لە دوای شەهید بوونی». لەو باسەدا کاک کەماڵ سێ خاڵی سـەرەکی و گرینگ لە ژیانی سیاسیی دوکتور قاسملووی خستە ڕوو کە بریتی بوون لە «سەربەخۆیی بڕیاردان»، «واقعبینی لە سیاسەتدا و خۆ دوور خستنەوە لە دروشم دان» و «کەلکوەرگرتن لە شێوازە جیاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی بەربڵاو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان».

هەر ئەو ڕۆژە بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لـە وڵاتـانـی ئـاڵـمـان، بریتانیا، هولـەند، ئۆتریش و بیلژیک سیمینارێکی ئانلاین بۆ کاک مستەفا شەڵماشی بەڕێوە چوو. باسکردن لە کەسایەتیی سیاسی و پێگەی دیپلۆماتیکی دوکتور قاسملوو و پێوەندی توندوتۆڵی لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان و ڕوحی شۆڕشگێڕی و باوەڕی قووڵی بە دێموکراسی و سووربوونی لەسەر داوا ڕەواکانی نەتەوەی کورد، چەند تەوەرێکی باسەکەی کاک مستەفا شەڵماشی بوون.

# لە پێرلاشێز و لەندەن یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن بەرز ڕاگیرا

ڕۆژی شەممە ٢٢ی پووشپەڕ لە ٣١ ساڵەی تیرۆری «ڤییەن»دا، وەک وەفایەک بۆ شـەهـید دوکـتـور عـەبـدولـڕەحـمـان قـاسـمـلـوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادریئازەر، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب و چەند کەسایەتییەکی سیاسی لە «پێرلاشێز»ی فەڕانسە لەسەر گڵکۆی نەمران کۆ بوونەوە.

لـەو ڕێـوڕەسـمـەدا پەیامی دەفـتـەری سیاسیی حـیـزب بـەم بـۆنـەوە لـە لایـەن کاک هەڵمەت ڕەحمەتپوور، بەرپرسی کۆمیتەی فـەڕانـسـەوە خـوێـنـدرایـەوە و دواتـر دوکتور فرێدریک تیسۆ، هاوڕێی فەڕانسەیی د. قاسملوو وتارێکی لەسەر کەسایەتیی نەمر قاسملوو پێشکێش کرد.

دانـانـی تاجە گوڵێنە لـەسـەر مـەزاری نەمران، خوێندنەوەی پەخشانێک لە لایەن کاک ڕەحمان ئیبراهیمزادە، داگیرساندنی مۆمی بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن لە لایـەن مـنـداڵانـی دریـــژەدەری ڕێـبـازی قاسملوو لەسەر گڵکۆی نەمران، وتارێک لەلایەن کاک

ئـازاد مستۆفی و پەخشانێک لە لایەن کاک عەلی سوورەچۆمی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

لە کۆتایی بەرنامەکەدا بەشداربووان بە دەستە گوڵەوە بەرەو گڵکۆی شەهیدان د. سادق شەرەفکەندی وەرێ کەوتن و لەگەڵ شەهیدانی میکۆنووسیش پەیمانی بەڵێن و وەفا نوێ کرایەوە.

لەلایەکی دیکە ڕۆژی دووشەممە، ٢٣ی پووشپەڕ سـەدان کـەس لـە ئـەندامـان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کـوردسـتـان لـە بـەردەم باڵـوێـزخـانـەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری لەندەن کۆبوونەوە و بۆ جارێکی تر ئەو جینایەتەیان مەحکووم کرد.

لـەو کـۆبـوونـەوەیـەدا پەیامی شورای دێموکراسیخوازان بـەو بۆنەیە لەلایەن ڕەحیم بـەنـدوویـی و، پەیامی دەفـتـەری سـیـاسـیـی حـیـزب لــەلایــەن، ئـاوات عەبدوڵڵازادە، ئەندامی کۆمیتەی حیزب لە بریتانیا خوێندرانەوە و فەرهاد مارف، لە لایەن کۆمیتەی حیزبە کوردستانییەکانەوە پەیامێکی پێشکێش کرد.








## بەر لە ماڵاوایی

# ڕوانینی د. قاسملوو بۆ زمان و پەروەردە



ئەحمەد ڕەحمانی

شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ بـووە هـۆی کۆمەڵە گۆڕانکارییەکی بنچینەیی لە ئێراندا کە کوردستانیشی گرتەوە. بووژانەوەی فەرهەنگی بە تایبەتی لە بواری زمانەوانییدا لەسەر دەستی دەسەڵاتی حیزبی دێموکرات یەک لەو بابەتانەیە. گەلی کورد لەمێژ ساڵ بوو چاوەڕوانی دەرفەتێکی لەم شێوەیە بوو کە چیتر زمانەکەی لە ڕیزبەندی دووهەمدا دانەندرێ، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسایەتیی مێژوویی خۆی بوو، پێشەنگایەتیی ئەو ڕیسالەتەی گرتە ئەستۆ. لە ماوەیەکی کورتدا توانرا فێرگەی زمانی کوردی دابمەزرێن، بـۆوەی منداڵە بێنازەکانی کوردستان ئاشنای فۆنەتیکی وشەی جوانی کوردی بن. دیارە ئەم خولیا و هەوڵە دەگەڕایەوە بۆ سەردەمێکی زۆر لەمێژینە، بە تایبەت تێکەڵاویی ئەدەبی لەگەڵ باشووری کوردستان کە ئەمە بە هەر شێوەیەکی مومکینی سەردەمی خۆی وای کردبوو بووژانەوەی زمانەوانی، زۆر بە زوویی پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ و ڕێبەرایەتیی شۆڕش بە پەرۆشترەوە هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵبگرێ .

نەخشی د. قاسملووی ڕێبەر وەک کەسێکی ئاکادیمی لەو پرۆسەیەدا بەرچاوە، ئەو زۆر زوو هەستی بەم زەروورەتە کرد و لەم بوارەدا لە هیچ چەشنە هەوڵدانێک درێغی نەکرد. یەکێک لە سیفەتە تایبەتییەکانی د. قاسملوو ئەوە بوو کە لە بارودۆخ و هەلومەرجە هەرە دژوارەکانیشدا گرینگی و بایەخێکی زۆری بە بواری پەروەردە و فێرکردن دەدا. د. قاسملوو زۆر باش دەیزانی کە کۆمەڵگەی پێشکەوتووی بەرەو شارستانییەت بە خوێندن و پەروەردەکردن دێتە دی. ئەو دەیزانی ئەم پرۆسەیە زانا و پسپۆڕی چەلەنگ و چالاکی گەرەکە، بۆیە پێش هەموو کەس بۆ خۆی قۆڵی لێ هەڵماڵی و سەرباری هەموو پڕکارییەکانی بەڵام بۆ ئەو مەبەستە شەو و ڕۆژی دەخستەوە سەر یەک.

د. قاسملوو بە تەنیا گرینگیی نەدەدا بە پێگەیاندنی کادر و ڕێبەرایەتیی بە ئەزموون و قاڵبووی نێو کوورەی تێکۆشان و خەبات، بەڵکوو هەمیشە لە بیری ئەوەدا بوو کە کام دەڤەر و مەڵبەندی نیشتمانەکەی پێویستیی بە قوتابخانە و پەرتووک و مامۆستا هەیە.

ئەزموونەکانی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ناوچە ئازادکراوەکان دەریخست کە هەرچەند ڕێبەرایەتیی حیزب تا ئەوکات لە تاراوگە و دوورەوڵاتییدا کوورەی خەباتی بەتین ڕاگرتبوو، بەڵام بە چەکی قەڵەم و پەروەردەوە خۆی بۆ مەیدانی نەبەرد تەیار کردوە. بۆیەش لەگەڵ گرتنەدەستی دەسەڵات لە ماوەیەکی زۆر کەمدا سەدان قوتابخانە داندران و پەرتووکی کوردی چاپ کران و مامۆستایانی شۆڕش یەکەم ئەلف و بێی کوردییان بە گوێی منداڵان و فێرخوازانی تامەزرۆی وشە و زمانی زگماکدا چرپاند. خەرمانی پڕ بەرەکەتی وشە و زمانی کوردی سووری تێکەوت و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە برەودا بوو. منداڵان و بەشمەینەتانی نیشتمانمان فرچکیان بە وشەی زمانی شیرینی کوردییەوە گرت. خوێندن و نووسینی کوردی بوو بە خەون و خولیای شەو و ڕۆژیان، مامۆستایانی شۆڕشیش زۆر بە دڵگەرمی و دڵسۆزییەوە قۆڵی هیممەتیان لێ هەڵماڵی و بوێرانە هاتنە مەیدان. سروودی «ئەی ڕەقیب» بوو بە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک و ئاورشێنی دڵی تینووی ئەویندارانی ئازادیی دەکرد. گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕیی کوردی سەر لە نوێ لەدایک بوون و گەشانەوە و خەڵک توانییان پڕ بە سییەکانیان هەناسەی ئازاد و ئازادی هەڵمژن.

کارکردی حیزب لەو ماوەیەدا لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی، بوو بە بناغەیەکی قایم بۆ داهاتووش. ئەوە بوو کە شەیدایانی هۆنینەوەی وشەی جوانی کوردی بە ئیلهاموەرگرتن لە هەستی نیشتیمانپەروەریی مامۆستا هێمن و مامۆستا هەژار و ڕووناکبیرانی دیوی گەرمێن، توانییان لەم ماوە کورتەدا شۆڕشێکی گەورە لە زماندا بێننە ئاراوە، کە ڕەنگدانەوەیەکی باشی لە دوای خۆی بەجێ هێشت؛ لە ڕاستییدا دەکرێ بگوترێ زمان لە مردن و لە نێو چوون بەرەو بووژانەوە گەڕایەوە .

وەک پێشتریش باس کرا ئەوەی لەم نێوەدا گرینگ و پڕ بایەخە، ڕۆڵی بەرچاوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەست بە بەرپرسیاریەتی کردنیان، بە تایبەت شەخسی د. قاسملوو لەم هەلومەرجە تایبەتییەدا بوو کە بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات خولقابوو .

ئەمەگ و وەفا بۆ د. قاسملووی هەمیشە زیندوو کە حیزبەکەی بە ئیلهاموەرگرتن لە بنەما فیکرییەکانی وی وێڕای گرتنەبەری هەمە جۆرە خەباتێکی سیاسی و جیڤاکی و پێشمەرگانە، گرینگییەکی زۆر تایبەتیشی دا بە کۆڵەکە و بڕبڕەی کۆمەڵگە، کە ئەویش خۆی لە زمان و فەرهەنگ و کولتووردا دەبینییەوە .

***



وێنە: سەردانی د. قاسملوو بۆ قوتابخانەی نیشتمان
لە چەپەوە: د. قاسملوو، مامۆستا جەعفەر مەنگوڕی، ئازاد حەسەنپوور و ئەحمەد ڕەحمانی